Kurdistan Regional Government-Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Presidency of Slaimani University

College of Humanites Sciences

Deport ment of Sociology

# Hawar-An anthropological study

A thesis Submitted by the Student

Bahaaldeen Faraj Mahmood

To the Council of the College of Humanities

Sciences Slaimani University in Partial Fulfillment of

Sociology- Anthropology

Supervised By

Ass. Professor.Dr. Ezat Fatah Hama Salh.

2717 K 1438 H 2017 D

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بڕیاری سەرپەرشتیار. | أ |
| بڕیاری ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ(مناقەشە). | ب |
| پێشکەشە . | ت |
| ڕێزو سوپاس . | ث |
| پێڕستی ناوەڕۆك. | ج– د |
| پێشەکی . | ١– ٢ |
| **بەشی یەکەم** | |
| **چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە** | |
| باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە. | ٤ |
| تەوەری یەکەم: بابەتی توێژینەوەکە. | ٤– ٥ |
| تەوەری دووەم: گرنگی توێژینەوەکە. | ٥ – ٦ |
| تەوەری سێ یەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە. | ٦–٧ |
| تەوەری چوارەم: گرفتی توێژەر. | ٧ |
| تەوەری پێنجەم: میتۆدەکانی توێژینەوەکە. | ٧– ١١ |
| تەوەری شەشەم: بوارەکانی توێژینەوە. | ١١ |
| باسی دووەم: چەمك وزاراوەکان ولایەنی ئایکۆلۆجی. | ١٢ |
| تەوەری یەکەم: چەمك وزاراوەکان. | ١٢– ١٧ |
| تەوەری دووەم: هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە. | ١٨ |
| تەوەری سێ یەم: ئایکۆلۆجیای گوندی هاوار . | ١٩ |

| | |
|---|---|
| یەکەم – ئایکۆلۆجیای سروشتی. | ١٩– ٣٣ |
| دووەم – ئایکۆلۆجیای کۆمەڵایەتی. | ٣٣ |
| **بەشی دووەم**<br>**نەسەقی ئابوری** | |
| باسی یەکەم: گوزەران لە گوندی هاوار. | ٣٥ |
| تەوەری یەکەم: ژیانی ئابوری. | ٣٥– ٣٧ |
| تەوەری دووەم: خاوەنداریێتی زەوی. | ٣٧– ٤٩ |
| تەوەری سێ یەم: بەرهەم هێنان. | ٥٠– ٥٧ |
| باسی دووەم: سەرچاوە دەرامەتی وبژێوییەکانی تر. | ٥٨ |
| ١– بازرگانی. | ٥٨– ٦٣ |
| ٢– ئاڵوگۆڕی شت بە شت. | ٦٤– ٦٥ |
| ٣– گەشت وگوزار.. | ٦٥– ٦٧ |
| ٤– فەرمانبەرانی میری. | ٦٨– ٦٩ |

# پێشەکی

جیهان ، بەردەوام لە گۆڕانکاری وپێشکەوتنی بەردەوامدایە ، لە ڕووی زانستیەوە بۆیە لەم بوارەدا، پێویستە هەرێمی کوردستانیش هەنگاوە زانستییەکانی خۆی گەشە پێ بدات، زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیا، وەك یەکێك لەزانستە کۆمەڵایەتیەکان، پێویستیەکی سەردەمی وخوازراوی کۆمەڵگای کوردیە، چونکە بابەتەکانی ئەم زانستە لە کوردستاندا بەرچاو دەکەوێت، بەو پێیەی کە تا ئێستاش چەندین شوێنەواری جۆراو جۆری کلتوری لەلایەنی ماددی ونامادی (واتایی) ەوە، لەم هەرێمەدا هەیە، کە جێگەی بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەی زانستیانەی ڕاست ودروستن. هەروەها فرەجۆری لە داب ونەریت وئاین وکلتور، تەنانەت شێوە زمانەکان، هەموو ئەمانە ماددەیەکی خاوی زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیە، بۆ توێژینەوەو بەدوادا چوون ودەرخستنی ڕاستییەکان، بەشێوە ورێگا وڕێبازی زانستیانە.

بەشێکی زۆر لەخەڵکی کوردستان، لە ناوچە کلتوری وئاینی وگەشت وگوزارییەکان بێ ئاگان، ئەمەش وا دەخوازێت کە توێژینەوە و خستنە ڕووی، بەشێوەیەکی زانستی ومەیدانی بێت، تاوەکو ژیانی کرداری گوندو شاروشارۆچکە وشوێنەوارە ئاینی ومێژوویەکان، بکرێنە کردارو خەڵکی پێ ئاشنا بکرێت، ئەمەش کاری توێژەران وڕۆشنبیرانە ،کە ئاوڕێك لەم لایەنە بدەنەوە، بۆ بەردەوامیدان وهێشتنەوە وناساندنی داب ونەریتە باوەکانی کۆمەڵگای کوردی، ئەمەش یەکێك دەبێت لە سەرچاوەکانی ناساندنی کلتورو ئاین وداب ونەریتی کوردەواری، بە کۆمەڵگاکانی دیکەی عێراق و جیهان بەگشتی، دەرخستنی ئەو پێکەوە ژیان و تەباییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، سەرەڕای بوونی جیاوازییەکان، لە لایەنی ئاینی وکلتوری وزمان ورەگەزیشەوە.

لێرەدا ئاماژە بەوەدەکرێت ،توێژینەوەکە (هاوار توێژینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجیە) کە گوندێکی سنوری هەورامانی لهۆنە، لە پارێزگای هەڵەبجە، کە دەرخستن وڕوونکردنەوەی لایەنەکانی کلتوری وئابوری وئاینی وکۆمەڵایەتی تیادا دەخرێتەڕوو، هەرچەندە ئەم پارێزگایە بەگشتی وگوندی هاوار بە تایبەتی، زۆرێك لەسوتان وکاولکاریان بەسەردا هاتووە، چونکە گوندەکە هەڵکەوتەی جوگرافی لەنێوان سنوری هەردوو وڵاتی (عێراق- ئێران) دایە، لە ساڵەکانی (١٩٧٩-١٩٩١) ناوچەی ڕێ پێنەدراوبووە، تووشی ڕاگواستن بووە، بۆئۆردوگای زۆرەملێی عەنەب (گەڕەکی شارەوانی ئێستا لە شاری هەڵەبجە)دا، باخ وماڵ و سەروەت وسامانیان بە هەدەرچووە، بەڵام پاش ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١)، دانیشتوانی گوندەکە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان ودەستیان کرد بە ئاوەدانکردنەوەی باخ وکێڵگە کشتوکاڵییەکانیان،بەڵام بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریەکانی میرییەوە ، خەڵکەکەی بوو بە دووبنە ومانەوە لە نێوان شاری هەڵەبجە وگوندی هاواردا کە بەپێی پێویست هاتووچۆ دەکەن، لەگەڵ هەموو ئەوئەرك وزەحمەتەدا، بەڵام دانیشتوانی گوندەکە پارێزگاری تەواویان لە داب ونەریت

وکلتوروئاین وبیروباوەڕی خۆیان کردووە، هەموو داب ونەریتەکانی ڕێزگرتن وهاوکاری و بەدەمەوەچوونی یەکتری، کەکاریگەری لە سەر لایەنەکانی ئابوری وئاینی وکۆمەڵایەتی هەیە، ئەمەش لایەنێکی گرنگی پێدراوی توێژەرانی ئەنسرۆپۆلۆجیە، بۆ پیشاندان ودەرخستنی وێنەیەکی ڕوون و تەواوی ژیانی ئەو کۆمەڵگایە، تاوەکو سودی نەتەوەیی ونیشتیمانی زیاتری لێ ببینرێت، هەرێمی کوردستانیش پێکهاتەکەی لەڕووی سروشتی وئابووری وکۆمەڵایەتیەوە لە گوندەکان پێکهاتووە، سەرەڕای ئەوەش توێژینەوەی ئەنسرۆپۆلۆجی لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی پێویست نیە، کە جێگەی ئەوەیە بایەخی زیاتری پێ بدرێت.

ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەش وچەند پاشکۆیەك پێکهاتووە، بەشی یەکەم چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکەیە و پێکهاتووە لە دوو باس، باسی یەکەم– ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەو بابەت وگرنگی وئامانج وگرفت ومیتۆدی توێژینەوەیە، باسی دووەم– چەمك وزاراوەکان ولایەنی ئایکۆلۆجی،هۆکارەکانی هەڵبژاردن ولایەنی ئایکۆلۆجی بابەتی توێژینەوەکەیە.

بەشی دووەم نەسەقی ئابورییە کەلە دووباس پێکهاتووە، باسی یەکەم– ژیانی ئابوری وخاوەندارێتی زەوی وبەرهەم هێنان لە گوندی هاواردا ڕوون دەکاتەوە، باسی دووەم– هەندێ چالاکی ئابوری دیکەیە وەك بازرگانی وئاڵوگۆڕو گەشت وگوزارو کارگێڕی.بەشی سێیەم نەسەقی کۆمەڵایەتییە، کە پێکهاتووە لەچوار باس، باسی یەکەم– نەسەقی کۆمەڵایەتیە، باسی دووەم– هاوسەرگیری وجۆرەکانی، باسی سێیەم– خێزان وجۆرەکانی وناونانی منداڵ و ڕێوڕەسمەکانی، پێگەی دایك وباوك لە هاواردا، باسی چوارەم– خزمایەتی وجۆرەکانی وکاری بەکۆمەڵ وجل وبەرگ وکات بەسەر بردن لە هاواردا. بەشی چوارەم– نەسەقی کلتوریە، کە پێکهاتووە لە دووباس، باسی یەکەم– ناساندنی کلتوروڕەگەزە ماددی وواتاییەکانی لە داب ونەریت ویاسا وڕامیاری وڕای گشتی وهونەر،باسی دووەم– ئاین وبیروباوەڕەکانی دانیشتوانی هاوار. بەشی پێنجەم– کۆتایی توێژینەوەکەیە وپێکدێت لە دەرەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیار، سەرچاوە و پاشکۆکان.

# بەشی یەکەم

## چواچێوەی گشتی توێژینەوە

**باسی یەکەم/ ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە.**

**یەکەم:بابەتی توێژینەوە.**

**دووەم:گرنگی توێژینەوە.**

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە.**

**چوارەم: گرفتی توێژەر.**

**پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە.**

**شەشەم: بوارەکانی توێژینەوە.**

**باسی دووەم/ چەمك وزاراوەکان ولایەنی ئایکۆلۆجی.**

**یەکەم: زاراوەکان**

**١- هاوار.**

**٢- ئەنسرۆپۆلۆجیا.**

**٣-پێکهاتەی کۆمەڵایەتی(البناء لإجتماعی).**

**دووەم:هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەت.**

**سێ یەم: ئایکۆلۆجیای گوندی هاوار**

**یەکەم: ژینگەی سروشتی گوندی هاوار(الایکولوجیاالطبیعیة لقریة هاوار).**

**دووەم: ژینگەی کۆمەڵایەتی گوندی هاوار(الایکولوجیا الإجتماعیة لقریة هاوار).**

**باسی یەکەم/ ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوە:**

**یەکەم: بابەتی توێژینەوە:**

**یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە، بریتی یە لە بابەتی توێژینەوە، ئاماژەیە یان دەلالەتە، لەو بوارەی توێژینەوە بە دیاریکراوی کە گۆڕاوەکان وپەیوەندیەکانی ، مەبەستی توێژینەوە کەیەتی.[1]**

**توێژەران پێداگری لەوە دەکەن ،کە هەڵبژاردن ودیاریکردنی بابەتی توێژینەوە، لەوانەیە نارەحەت وقورستربێت ، لە دۆزینەوەی چارەسەربۆی، چونکە بوارێکی زۆردەگرێتەوە، وەك: جۆری توێژینەوە وسروشتی میتۆدی بەکارهێنراو،پلانی توێژینەوە وئامرازەکانی، لە سەرو ئەوەشەوە جۆری ئەو ڕونکردنەوانەی توێژەر بە دەستیان دەهێنێت.[2]**

**دیاریکردنی بابەتی توێژینەوە، لە گرنگترین قۆناغەکانی چوارچێوەی توێژینەوەی زانستیە، گرنگی ئەم قۆناغە لەوێوەیە کە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر هەموو کردارو هەنگاوەکانی توێژینەوەکە هەیە.[3] .**

**بابەتی ئەم توێژینەوەیە ،توێژینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجیە، لەسەر گوندی (هاوار)، هەموو لایەنەکانی ژیانی ئابوری وکۆمەڵایەتی وئایکۆلۆجی وکلتوری ئەو گوندە دەگرێتەوە، ئەم گوندە تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەڕووی ئاینی وکۆمەڵایەتی وجوگرافیەوە.**

**کە خەڵکەکەی لە ناوچەیەکی سنوری نێوان هەردوو وڵاتی (عێراق– ئێران)دا نیشتەجێن، دەکەوێتە سنوری هەورامانی لهۆن لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە دەکەوێتە سنوری ناحیەی بیارەی هەورامان .**

---

**(١) سهيل رزق دياب،مناهج البحث العلمي،(د–ط)، ٢٠٠٣،فلسطين، ص ٣٩.**

**(٢) عزت فتاح حمه صالح، آبلاخ دراسة أنثروبولوجية،أطروحة دكتوراه مقدمة الي كلية العلوم الانسانية بجامعة السليمانية، غير منشورة، ٢٠١٢، ص ٣٣.**

**(٣) محمد شفيق، البحث العلمي الاسس– الاعداد، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية–مصر،٢٠٠٨،ص ١٧.**

له سەردەمەكانی زۆرێك لە ڕژێمە یەك لە دوای یەكەكانی عێراقدا ، توشی چەندین كارەسات و ناڕەحەتی هاتوون، لە زێدی خۆیاندا دەركراون،لە گوندەكانی (هاوار، هاوارە كۆن، دەرەتفێ)دا نیشتەجێ بوون ، ، لەسەر ئاینی یارسان(كاكەین) كە چەندین پێناسەی جیاواز بۆ ئەم پێكهاتە ئاینیە كراوە، كە زۆرێكیان لە یەكدی جیاوازن، هەروەها بۆ زاراوەی كاكەیش چەند پێناسەیەك خراوەتە ڕوو، (عەباس عەزاوی) بە وەرگێرانی زاراوەی (أخی) بۆ كوردی، كە ناوی ئەو ڕێگایە (كاكەیی)ە، یان (الككية)[1]، كەریم زەند بە ووشەی كوردی كاكەی دادەنێت كە بریتی یە لە : برا و بە كۆ پێیان دەڵێن كاكەیی[2]، ئەدمۆندز ناوی كاكەیی دەبەستێ بە ڕازی ئەفسانەی دروستكردنی مزگەوتی بەرزنجەوە و درێژكردنی ڕایەڵە كورتەكە و دەڵێت : ساڵەكان تێپەڕین سەید ئیسحاق گەورە بوو، نوێژگە كۆنەكەی سەید عیسا پێویستی بە نۆژەنكردنەوە هەبوو. كاتێك كاریتەیان بۆ دارە ڕاكردن بردە سەر دیوار ، كاریتە قوڵە بوو(كورت بوو) نەگەیشتە سەر دوولای دیوارەكان. ئیسحاق دیتی بابی ناڕەحەتە، لە بەر ئەوە بەپەلە چووە سەر دیوارەكە،سەرێكی كاریتەكەی گرت و بە بابی یا كاكی گوت : كاكە بیكێشە! بەو جۆرە كاریتە قوڵەكەیان كێشاو خستیانە سەر دیوارەكە[3]. ئەم ڕووداوە لەزۆرێك لە سەرچاوەكاندا ئاماژەی پێكراوە.

پاش ئەوەی ساڵی(١٩٧٨) گوندو دێكانی كوردستان، بەر هێرشی ڕاگوێزان كەوتن لەو مێژووە بە دواوە، ئەو دێیانەش لەگەڵ دێكانی تری دەوروبەری شاری هەڵەبجە كاول كران وڕاگوێزران بۆ (مجمع) ی زۆرە ملێ لە نزیك شاردا.[4]

بە درێژایی بزوتنەوەو جوڵانەوەكانی كورد، ئەم گوندە جێگای حەوانەوەو هاوكاری وپشتیوانی بوون،لە ئێستاشدا ژیانیان بەشێوازی دووبنەیی* بەسەر دەبەن لە نێوان هاوار وهەڵەبجەدا، سەرەڕای گۆڕانكاریەكانیش كە ڕوویانداوە ، بەڵام دانیشتوانی ئەم گوندە سیما وداب وكلتورو ئاینی خۆیان بە شێوەیەكی دیار پاراستووە، ئەگەرچی تا ئاستێك كلتووری هەڵەبجەو هەورامان كاریگەری لەسەر هەندێك لە لایەنەكانی ژیانیان دروستكردووە ، بۆیە جێگەی خۆیەتی بكرێتە بابەتی توێژینەوەی زانستی بەناوی (هاوار توێژینەوەیەكی ئە نسرۆپۆلۆجی).

---

(١) عباس العزاوي،الكاكائيه فى التأريخ، شركه التجارة والطباعة المحدودة، ١٩٤٩،ص ٢٦.

(٢) كەریم زەند، ئاین وباوەڕ لە كوردستاندا، چاپخانەی كامەران– سلێمانی،١٩٧١، ل٧٥.

(٣) سیسیل جۆن ئیدموندس، كورد تورك عەرەب، و/ حامیدگەوهەری،ئاوێر بۆچاپ وبلاْوكردنەوە، چ٣، ٢٠٠٤، ل ٢٢٩.

(٤) بكر حمەصدیق عارف، لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە، بەبێ چاپ،١٩٩٧ ، ل ٢٧–٢٨ .

*دووبنەیی:واتە بوونی ماڵێك لە هەڵەبجەو ماڵێكی ترلە گوندی هاوار، بەكارهێنانی هەریەكەیان بەپێی پێویست.

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:

هەموو توێژینەوەیەك بۆ خزمەت کردنە ،بەرِەوتی ژیانی زانستی مرۆڤەکان،گرنگی توێژینەوە سەرچاوە دەگرێت لەوەی کە بایەخی توێژینەوەکەو کەمی توێژینەوە دەربارەی بابەت ،زیادکردنی زانیاری نویٚ لە هەردوو بوارەکەدا[1] .

ئەم توێژینەوەیە لە هەردوو لایەنی کرداری وتیۆریەوە گرنگی خۆی هەیە، کە دەتوانین لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:

١- گوندی(هاوار) بابەتێکی گرنگی ئەنسرۆپۆلۆجیە وجێگای گرنگی پێدانی توێژینەوە زانستیەکانە گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆجیەکان.

٢- لە بوارەکانی ناساندنی ئاین وئاینزاکاندا، گرنگی خۆی هەیە،هەروەها ئاشناکردنی ئەم گوندە بە کۆمەڵگای کوردی.

٣- سود گەیاندنی زیاتر بە خوێندەواران، دەزگاکانی میری و فەرمانگەکان، بە دەرخستنی گرفت و کەم وکوڕیەکانی گوندەکە، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی لە لایەن دەزگا بەر پرسەکانی میریەوە.

٤- ئاشکرا کردنی پێگەی گرنگی ئاینی ئەم گوندە، لەلای یارسانەکان(کاکەیی)، وەك شوێنێکی پیرۆزی ئەم ئاینەو ناوەندێکی دێرینی ئەم ڕەوتە .

٥- نەبوونی هیچ جۆرە توێژینەوەیەکی زانستی، لە سەر گوندی هاوارنە لە کۆن ونە لە ئێستاشدا.

## سیٚ یەم: ئامانجی توێژینەوە

توێژینەوەکان لەپێناو ئامانجەکاندا ئەنجام دەدرێن، ئامانجەکانیش ئەو بارودۆخ و مەبەستانەن ، کە کەس یان کۆمەڵ هەوڵ دەدەن بیانگەنیٚ[2]، بۆیە هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بەبیٚ ئامانج نیە، ئەوەی پەیوەستە بە توێژینەوەکەوە بێگومان، دیاری کردنی ئامانجی توێژینەوە هەنگاوی یەکەمە[3].

---

(١) سهيل رزق دياب، مناهج البحث العلمي،المصدرالسابق،ص ٣٩.

(٢) فيصل السالم وتوفيق فرح، قاموس التحليل الإجتماعي،(د-ط)، لبنان،١٩٨٠، ص ٨٧.

(٣) محمد عبدة محجوب، مقدمة لدراسة المجتمعات البدوية، (د-ط-س)، ص ٥٠.

**گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:**

**١- دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی بابەتی توێژینەوە،لە ڕووی ئابوری وئاینی وکلتووری وبوارەکانی دیکەی ژیانی گوندی هاوار،ناساندنی تایبەتمەندیەکانی بە کۆمەڵگای کوردی.**

**٢- ئاشکرا کردن و ڕوونکردنەوەی ئەوکلتوری پێکەوە ژیانەی (هاوار)، لەگەڵ دەورەبەر بەبێ ئەوەی جیاوازی ئاینی بوبێتە کۆسپ و ڕێگر.**

**٣- ئاشکراکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەرگوندی هاواردا هاتووە، بەتێ پەڕبوونی کات لە ڕووی ئاین وداب و نەریت و ژیان و گوزەرانیان.**

## چوارەم : گرفتی توێژەر:

**ئەوەی سەرنجی توێژەری بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو،بوونی کۆمەڵگایەك بەو تایبەتمەند ییا نە وە،ونەبوونی هیچ توێژینەوەیەکی زانستی وپێویست لەسەری،خاڵی سەرەتای دەستپێکردنی توێژینەوەکە بوو، وەك گرفتێك دەبینرا لەلایەن توێژەرەوە، ئەم توێژینەوەیە بێ ئاستەنگ وکۆسپ نەبوو، لە دیارترینی ئەو ئاستەنگانە:**

**١- نەبوون و کەمی سەرچاوە لەسەر بابەتەکە.**

**٢- ئامارو زانیاری وورد لەسەر سنوری توێژینەوەکە کەم بوو.**

**٣- شاردنەوەو دەرنەخستنی هەندێك لە زانیاریەکان، بەتایبەتی لە لایەنەکانی ئاینی و هەندێك لایەنی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە لایەن خەڵکەکەوە.**

**٤- دووبنەیی دانیشتوانی گوندەکە، لە نێوان هەڵەبجە وهاواردا، کە زۆرینەی کاتیان لە ناوشاردا بەسەر دەبرد.**

**٥- سەرژمێریکردنی دانیشتوانی گوندەکە بە موسوڵمان، کە لە ڕاستیدا یارسان(کاکەیی)ن، ئەمەش گرفتی لەڕووی ئامارەوە بۆ دانیشتوانە کەی دروست کردووە.**

**٦- گرفتی سەردانکردنی توێژەر بۆ گوندەکە، بەتایبەتی لە وەرزەکانی پایز و زستاندا، کە کەسانێکی زۆر کەم لە گوندەکەدا دەمێننەوە، بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاریەکانەوە لە گوندەکەدا، هەروەها بەسەربردنی کاتێکی زۆر لە فەرمانگەکاندا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری.**

**پێنجەم : میتۆدەکانی توێژینەوە:**

دەتوانین بڵێین گرنگی میتۆدە زانستیەکان، خۆی لە خۆیدا هەڵگری ئامڕازە ڕاستەکانە[1] .لەم توێژینەوەیەدا جۆری میتۆدی پیاهەڵدان (وەصفی) بەکار دەهێنرێت،کە بۆزانستە مرۆییەکانەو کۆمەڵێك میتۆدی تر دەگرێتەوە کە (پێکهاتەی فەرمانی) یەکێکە لەو میتۆدانە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخرێنە ڕوو :

**١- پێکهاتەی فەرمانی (البنائي الوظيفي) :**

ئەگەر چی هەندێك جار پێکهاتەی کۆمەڵگاکان، چون یەك نین لە ئاستی ژیان وسیماو کلتوریاندا، بەڵام لە کۆتایدا هەمووئەمانە پێکەوە تەواوکەرو پێکهێنەری تایبەتمەندی ئەو کۆمەڵگایەن، بۆ ئەمەش بابەتی توێژینەوەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێکهاتەکانی تەواوکەری یەکترین و کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەبێت.

میتۆدی پێکهاتەی فەرمانی یەکێکە لە میتۆدە زانستیەکان، بۆ زیاتر گەیشتن بەو زانیاریانەی لەسەر پێکهاتەی بابەتەکە پێویستن. ئەنسرۆپۆلۆجیا گرنگی بەو ڕۆڵ و دەورانە دەدات لە نێوان لایەن و نەسەقە جیاوازەکاندا، پەیوەندیان بەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە گشتی وزانینی ئاستی بەیەکدا چوونەکانی نێوان لایەن و ئەو نەسەقانەی کە پێکەوە کار لە یەکێتی و پێکهاتەی کۆمەڵگاو بەردەوامی و یەکگرتویی دەکات[2].

ئەم میتۆدە گونجاو ترینیانە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، چونکە میتۆدی پێکهاتەی فەرمانی لە توێژینەوەکانیدا، تەرکیز دەکاتە سەر کۆمەڵگاو پێکهاتەکانی لە کەسەکان ولایەن (سیستەم) و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان[3]. ئەستەم وگرانە ئەنسرۆپۆلۆجستێك ، بەڕۆشنی ووردی تێ بگات لە بەشێك لە بەشەکانی ژیانی کۆمەڵگا ئەگەر، هەوڵنەدات توێژینەوەکەی لە چوارچێوەیەکی گشتی دابێت، بۆ هەریەك لەو ژیانەی کە پارچەیەکی پێکەوە بەستراوە[4].

---

(١) سافا فرانكفورت وناشميازدافيد ناشميان، طرائق البحث في العلوم الإجتماعية، بترا للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤،ص ٢٥.

(٢) قباري محمد إسماعيل، رادكلف براون، العارف بالاسكندرية- مصر، ١٩٧٧،ص ٧٠-٧١.

(٣) شاكرمصطفي سليم، المدخل الي الانثروبولوجيا، مطبعةالعاني- بغداد، ١٩٧٥،ص ٩٥.

(٤) شاكر مصطفى سليم، محاضرات فى الانثروبولوجيا، مطبعة العانى – بغداد، (د- س)، ص٤٧.

لە پێشەنگەکانی ئەم میتۆدە، (ئۆگست کۆنت وسبنسر و رادکلف براون ) و چەندین زانای دیکەی، کە پشتیان بەم میتۆدە بە ستووە لە توێژینەوەکانیاندا، لێرەوە بێجگە لەو پەیوەندیەی نێوان ئەندام و کۆمەڵگا، زاراوەی (النسق الاجتماعی) یەکێکە لە چەقی زاراوەکان لەم میتۆدەدا.[١]

کۆمەڵگا پێکهاتەو فەرمانی هەیە، لایەنە (سیستەمە) کۆمەڵایەتیەکان بە فەرمانەکانیان هەڵدەستن، لە چوارچێوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەدا کە پێکهاتووە لە کەسە پێکەوە بەستراوەکان لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکاندا، کە هەموو پێکەوە تەواوکاری یەکترین، هەر لەبەر ئەوە ژیانی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك جێبەجێکردنی فەرمانەکانە، لەلایەن پێکهاتەی کۆمەڵگاوە.[٢]

کەواتە شیکردنەوەی لایەن وپێکهاتەی کۆمەڵگاو کاریگەریان لەسەر یەکتری، ناوەڕۆکی ئەم میتۆدەیە بۆیە کاری توێژەرانیش لە کۆمەڵگاکاندا، ئەم ڕێگایە بەکاردەهێنن بۆ تیگەیشتن لەو کۆمەڵگایە وپێکهاتەکانی بە گشتی.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی پێکهاتەی فەرمانی بەکارهاتووە، بۆکۆکردنەوەی زانیارییەکان، ئەم میتۆدە جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە، کە لایەنەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگای توێژینەوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، پێکەوە بەستراون وتەواوکەری یەکترین، بە هەموویانەوە گشتێك پێك دەهێنن کە ناوبراوە بە (گوندی هاوار)، وەك بابەتی توێژینەوەکە وکۆمەڵگای توێژینەوە، ئەو ئامڕازو ڕەگەزانەی کە زانیاریان پێ کۆکراوەتەوە لەم توێژینەوەیەدا بریتین لە (بینین-الملاحظة، بینین بە بە شداریکردنەوە- الملاحظة بالمشارکە، چاوپێکەوتن- المقابلە، هەواڵدەری-المخبرون)،چونکە توێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆجییەکان ژمارەیەك ڕێوشوێنی میتۆدی لە خۆ دەگرێت، وەك بینین و بینین بە بەشداریەوە و چاوپێکەوتن و هەواڵدەری و نەخشەو تۆمارە جینۆلۆجییەکان وهتد....[٣]، بینین کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە کرداری کەسە لە هەندێك لە هەڵوێستە واقعیەکان، بۆ ئاشکرا کردنی کردارو ئاڕاستە و هەست وسۆزو وەڵامدانەوە ونەریتەکانی[٤].

جگە لە بینین توێژەر بینین بەبەشداریکردنەوەی (الملاحظة بالمشارکة)ی،بەکارهێناوە وەك ئامڕازێکی گرنگی توێژینەوەی مەیدانی، ئەم ئامڕازە گرنگی خۆی هەیە لە توێژینەوە کۆمەلأیەتیەکان

---

(١) شاكر مصطفي سليم، قاموس الانثروبولوجيا، (د-ط)، ١٩٨١، ص ٣٧٧.

(٢) محمودعودة، أسس علم الاجتماع، دارالنهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت-لبنان،( د- س)، ص ٩٢.

(٣) محمد حسن غامري، المناهج الانثروبولوجية، المركز العربي للنشروالتوزيع، (د-س)، مصر، ص٤٩

(٤) إحسان محمد الحسن وعبدالمنعم الحسني، طرق البحث العلمي، دار الكتب للطباعة و النشر، موصل– عيراق،١٩٨٢، ص ٢٣٤

بەگشتی بینین بە بەشداریکردنەوە دادەنرێت بە شێوازێکی میتۆدی کە گرنگی هەیە لە توێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆجیە سەردەمیەکاندا [١].

چاوپێکەوتن (المقابلە)، یەکێکی دیکەیە لە ئامرازە گرنگەکانی توێژینەوەکە، چاوپێکەوتن کۆمەڵە کردارێکی کۆمەڵایەتیە لە نێوان توێژەرو توێژراودا، کە زانیاری دەبەخشێت بە توێژەر لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا، پێویستە مەبەستەکانی چاوپێکەوتن دیاربێت، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکە دەکات ، لەگەڵ کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك چەند مەبەستێکی جۆراو جۆری هەیە [٢].

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ڕاست ودروست ، توێژەر هەواڵدەری (المخبرون)ی بەکا هێناوە، ئەم ڕێگایەش وەك ئامرازێکی دیکە بەکاردەهێنرێت لە توێژینەوەکاندا، ئەویش پشت دەبەستێت بە ئەوانەی ناسراون بە هەواڵدەری، لە بەتەمەن وشارەزایان لەداب ونەریتە باوەکانی کۆمەڵگاکە داهەیە[٣]، لەم توێژینەوەیەدا توێژەر پێویستی بە هەواڵدەری بوە، بەهۆی پێنەدانی زانیاری لەسەر هەندێك لەلایەنەکانی توێژینەوەکە و خۆبە دوورگرتن لە وەڵامی هەندێك لە بابەتەکان بە ئاشکرا، بۆیە ئەم ئامرازە بەکارهێنراوە تاوەکو بتوانرێت هەندێ زانیاری نادیارو ناڕوون بەدەست بهێنرێت بە ڕێگای هەواڵدەری، بۆ دەوڵەمەند کردنی توێژینەوەکە .

## ٢– میتۆدی مێژووی :

بە یەکێك لەمیتۆدە گرنگەکان دادەنرێت لەزانستی مێژوودا، بەڵام زانستی ئەنسرۆپۆلۆجی سودی لێ وەردەگرێت لە توێژینەوەکانیدا بۆ پڕکردنەوەی هەندێك زانیاری لە توێژینەوەکانیدا.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەندێك لە توێژەران ، بایەخ بە میتۆدی مێژوویی دەدەن بە پێی جۆری توێژینەوەکە، ئەم میتۆدە تەنها لە بواری مێژوودا بەکارناهێنرێت، بەڵکو پەلی کێشاوەتە مەیدانەکانی زانستە سروشتیەکان ویاسا وپزیشکی وڕاگەیاندن وئابوری وئاین وسایکۆلۆژیا وکۆمەڵناسی وهتد...[٤]

هەموو بوون ودروستکراوێك مێژوویەکی هەیە، دیاردەو سیما جیاوازەکانی کۆمەڵگاش لە

(١) محمد حسن غامري، المناهج الَانثروبولوجية، المصدرالسابق، ص ١١٢.

(٢) عزت فتاح حمة صالح، آبلاخ دراسة أنثروبولوجية، المصدرالسابق، ص ١١.

(٣) محمد عبدة محجوب، مقدمة لدراسة المجتمعات البدوية، المصدر السابق، ص ٥٦.

(٤) سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا،سلێمانی ،٢٠١٦، ل ٦٨.

**ناو واقیعێکدا هاتونەتە بوون، کە ڕابردوویان بۆ خۆیان دروستکردووە، لەم توێژینەوەدا بۆ گەیشتن بە هەندێك زانیاری چەند کەرەستەیەکی مێژووی بەکارهێنراوە، بۆ زیاتر بە دەستهێنانی زانیاری ڕاست ودروست، لە گرنگترینی ئەو ئامرازانە وەك (پەرتوك، گۆڤار، تۆمارە فەرمیەکان، وێنە ) ، کە ئەمانە ڕەگەزەکانی میتۆدی مێژووین .**

## شەشەم: بوارەکانی توێژینەوە:

**هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بواری توێژینەوەکە دیاریدەکات، کە بریتین لە بوارەکانی (شوێن و مرۆڤ و کات). بوارەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە :**

**١- بواری جوگرافی: توێژینەوەکە تایبەتە بە گوندی (هاوار)،لە باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەڵەبجە لە ناحیەی بیارەی هەورامانی لهۆنە لە هەرێمی کوردستان.**

**٢- بواری مرۆڤ: توێژینەوەکە لەسەر خەڵکی گوندی هاوار ئەنجامدراوە، کە ژمارەیان (١٧٥٠) کەس دەبێت.**

**٣- بواری کات: کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە دەکەوێتە نێوان فەرمانی فەرمی سەرپەرشتیکردن و تاوتوێکردنی نامەکەوە، کە ئەویش لەنێوان (٢٠١٦/٢/١٠ - ٢٠١٦/١١/١ ).**

## باسی دووەم: چەمك وزاراوەكان ولایەنی ئایكۆلۆجی :

### یەكەم: زاراوەكان:

### ١- هاوار:

یەكێكە لە چەمكە بەكارهاتووەكان و ناونیشانی بابەتی توێژینەوەكەیە، لێرەدا لەڕووی واتایی و زارەكیەوە ئەم چەمكە ڕوون دەكەینەوە، لە ڕووی واتاییەوە (هاوار) واتە: ( داد و بێداد، بانگكردن، داوای بەهاناوە چوون، ناڵاندن لە ژێر زوڵم و زۆرداری)، لە نێوزمانی كوردیدا و بە تایبەتی لە ناو ئەدەبیاتی شیعرە كوردیەكانی شاعیرانی كورددا زۆر دەبینرێت.

لەم توێژینەوەیەدا ناوی گوندێكە لەپارێزگای هەڵەبجە، كە دانیشتوانی ئەم گوندە بیروباوەڕی ئاینیان یارسانە (كاكەیی)، كە پێكهاتەیەكی ئاینی هەرێمی كوردستانن، بۆ زیاتر ڕوونكردنەوەی چاوپێكەوتن ئەنجام دراوە.

چاوپێكەوتننی ژمارە (١)

پرسیار: ناوی ئەم گوندە، لە چییەوە هاتووە؟

وەڵام: ئەم ناوە لەبەر بە هاناوە چوونی خەڵكانی لێقەوماو زوڵم لێكراوەوە بووە لەلایەن دانیشتوانی ئەم گوندەوە، بۆیە ناوی هاواری بەسەردا بڕاوە.[١]

ناوی (هاوار) و(هاواری تازە) جوگرافیاییە، وشەكە هەورامی یە وپێكهاتووە لە (ها) و (وار) بە هەورامی واتە (خوار)، بە هەردووكیان لە دەنگدا وشەیەك پێك دەهینێت واتای (لە خوار) یان (ئەوەتا لە خوارەوە)[٢] .

ئەم ناوە چەندین ڕاو بۆچونی جیاواز لەسەر ناوەكەی هەیە، كە یەكێك لەو بۆچونانە ئاماژە بەوە دەكا ، پاش هاتنی لەشكری ئیسلام بۆ سنورەكە و ئاوارەبوونی خەڵكێكی زۆری شارەزوور و ناوچەكە، بۆ بناری چیاكان لەجێگای ئێستای (هاوارە كۆن)دا، نیشتەجێ بوون، پاشان چوونەتە زەویەكی خوارتری هاوارە كۆن كەبە (ناودێ) ناودەبرێ، لە ناو خەڵكی گونددا بە (ناوێ) گۆدەكرێت، پاشان لە كۆتایدا لەجێگای ئێستایدا ئاوەدان كراوەتەوە.وەك لەوێنەكانی ژمارە(١-٣)

---

(١) ئاكۆشاوەیس مجید، چاوپێكەوتنی ژمارە (١)،سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و نوێنەری كاكەییەكان لە ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە، تەمەن ٤٧ساڵ، هەڵەبجە، بەرواری ٢٠١٥/١٢/٢٧.

(٢) رمضان همیرخان (كۆساری)، هاواروهاواریەكان، بەبێ چاپخانە، ٢٠٠٥ ،ل ٣٦.

- پیشان دراوە.

گوندی(هاوار) بۆ ماوەی (٨٠٠) ساڵ ،شوێنی داڵدەدانی کاکەییەکان بووە، بەواتا هەر کەسێکیان لە هەر شوێنێکی ترەوە زۆری بۆ هاتبێت هانای هێناوە بۆ خەڵکی ئەم گوندە وئەمانیش چوون بە هانایەوە، لێرەوە ئیتر گوندەکە ناوی (هاوار) ی لێنراوە[١]. لەم دێڕە هۆنراوەیەشدا ئاماژەی پێکراوە:

.................. داود ئۆ هاوار داوود هەواڵەن بلۆ ئۆ هاوار[٢]

بەپێی بەدوادا چوونەکانی توێژەر، لەڕێگەی هەواڵدەریەوە تێڕوانینێکی دیکە هەیە بۆ (هاوار)و ناوەکەی.

هەواڵدەری نهێنی:

پرسیار: ناوی گوندی هاوار لە چییەوە هاتووە؟

وەڵام: گوندی هاوار لەسەرەتادا لەهاواری کۆندا بووە، بەڵام دەڵێن نەخۆشی تاعون تیایدا بڵاو بووەتەوە، زۆرینەیان مردوون پاشان ئەوانەی کە بە زیندوویی ماون لە (ناوێ)* دا نیشتەجێ بوون ئێستاش چوونەتە هاواری تازە، ئاوەدانیان کردۆتەوە و ناوەکەشی لەو هاوارو ناڵەیەیان بووە، کە لەئەنجامی ئەو نەخۆشییەدا توشیان بووە هیچ کەسێك بەهانایانەوە نەچووە[٣]. بۆچونێکی دیکەش لە سەرچاوە ئاینیەکانەوە بۆی دەڕوانێت، یەکێك لە چل تەن ناوی (هاوار) بووە، ئەو گوندە بەناوی ئەوەوە ناو نراوە[٤].

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچونانەی سەرەوە، دەگەینە ئەوەی کە هاوار ناوەندێکی بڵاوکردنەوەی ئاینی یارسان(کاکەیی) بوبێت ، لە سنوری وڵاتی عێراقدا و لە ڕووی جوگرافیشەوە نزیکە لە قیبلەی کاکەییەکان وشوێنی گەشەو سەرهەڵدانی دەورەیەکی بنەڕەتی ئەم ئاینەیە، ناوی هاواریش لە وەوە هاتووە کە هاوار لە بنەڕەتدا (هەوار) بوبێت ، بە تێ پەڕبوونی کات لە گۆکردندا گۆڕابێت بە هاوار

---

(١) ئەیوب ڕۆستەم، هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کلتورییە، چاپخانەی کوردۆنیا، بەرگی یەکەم - دووەم، ٢٠١١، ل٨٠٧.

*ناوێ: دووەم شوێنی نیشتەجێ بوونی خەڵکی هاوارە، پاش چۆڵکردنی هاواری کۆن بەهۆی بلاوبونەوەی نەخۆشیەوە

(٢) علی نوروزی، دیوان گورە، دەستنوس، بڵاوکراوە، بەبێ چاپخانە و ساڵی چاپ، ل ١٢١.

(٣) هەواڵدەری نهێنی، کاسب، تەمەن ٣٨ ساڵ، هەڵەبجە، ٢٠١٦/١٢/٢٩.

(٤) فائق براخاس وئارام نجیب وقوباد قوربانی، هاوار لە چەند دێڕێکدا، دەستنوس، بلاونەکراوە،٢٠٠٣ ، ل ٦.

مەزار و شوێنی پیاوانی ئاینی وهاتنی سوڵتان بۆچادرگە* لە چیای شنرویَ بەڵگەی ڕوون و

ئاشکرای ئەم بۆچوونەیە، دەکرێت لە کاتی هەڵهاتنی هەر کاکەییەك لە ئێران یان عێراق بوبێتە پەناگەیەکیش بۆیان، چونکە چڕوپڕی دارستان وپڕئاوی چەمەکانی هاوار وسروشتە جوانەکەی بۆ هەردوو لایەنەکە ڕۆڵی خۆی دەبێت .



وێنەی ژمارە (١) هاوارە کۆن پیشان دەدات.

* چادرگە: شوێنێکە لە چیای شنرویَ لە پارێزگای هەڵەبجە، کە سوڵتان ئیسحاق زۆرجار لەو شوێنەدا ماوەتەوە و لە کتێبی سەرەنجامی یارسان(کاکەیی) یەکاندا چەند جارێك ناوی هێنراوە، بۆیە یەکێکە لە شوێنە پرۆزەکانیان.



**وێنەی ژمارە(٢) ناودێ (ناوێ) پیشان دەدات.**



**وێنەی ژمارە (٣) هاواری تازە پیشان دەدات.**

## ٢- ئەنسرۆپۆلوجیا (Anthropology) :

**ئەنسرۆپۆلوجیا یەکێکەلە زانستە کۆمەڵایەتیەکان، بەمانای زانستی توێژینەوەی مرۆڤ دێت[١].**

**بە یەکێك لە زانستە کۆنەکان دادەنرێت، کە لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤەوە هاتۆتە بوون، زانستی توێژینەوەیە لە مرۆڤ لە ڕووی سروشتی و کۆمەڵایەتی و شارستانیەوە . زاراوەی Anthropology لەدوو ووشەی یۆنانی پێك دێت، Anthropos (مرۆڤ) و Lagos (زانست) واتای (مرۆڤناسی) یە[٢].**

**لە یەکێك لە پێناسەکانی دیکەدا بەم شێوەیە ناسێنراوە: توێژینەوەی مرۆڤە لەلایەنی ئەندامی وکلتوریەوە، لە ئاستێکی چون یەکدا[٣]. کە ڕوونە مەبەستی لایەنی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی مرۆڤە بەگشتی، وەفراوانترینی پێناسەکانی ئەنسرۆپۆلۆجی بەئاشکرا ڕوونی دەکاتەوە، ئەنسرۆپۆلۆجیا توێژینەوەیە لە مرۆڤ و کردارەکانی[٤].هەروەها مرۆڤناسیە لە ڕووی ئەوەی کائینێکی فیزیایی و کۆمەڵایەتیە [٥].**

**لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە، ئەتوانین پێناسەی بکەین بەوەی ئەنسرۆپۆلۆجیا زانستی توێژینەوەی مرۆڤە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی سروشتی و کۆمەڵایەتی لە هەموو سەردەم وکات وشوێنێکدا، تێکەڵەیەکی سەرجەم زانستەکانە بەو مانایەی هەموو ئەوانە کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵگاکان هەیە، بۆیە ئەنسرۆپۆلۆجی زانستی باسکردنی کۆمەڵگایە لە کات وشوێنی دیاریکراوی خۆیاندا کە هەن، بە سەرجەم پێکهێنەرەکانیەوە .**

---

(١) جهينة سلطان سيف العيسي وكلثم علي غانم الغانم، علم الإجتماع، الاهالي للطباعة و النشر والتوزيع دمشق- سورية، ٢٠٠٠، ص٢١.

(٢) شاكرمصطفي سليم، قاموس الانثروبولوجيا، المصدر السابق، ص ٥٦.

(٣) حسين فهيم، قصة الانثروبولوجيا، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت،١٩٨٦ ، ص١٤.

(٤) بيرتي ج بيلتو، دراسة الانثروبولوجيا المفهوم والتأريخ، ت/كاظم سعدالدين، بيت الحكمةالعراقي، بغداد ٢٠١٠،ص١٧.

(٥) قباري محمد إسماعيل، رادكلف براون، المصدر السابق، ص ٤٩.

### ٣- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ( Social Structure) :

ئەم زاراوەیە لە چوارچێوەیەکی فراوانی ئەنسرۆپۆلۆجیدا بەکاردێت، بەڵام بەبێ ئەوەی پێناسەیەك هەبێت هەموو لەسەری ڕێککەوتبن، بە شێوەیەکی گشتی بەکاردێت بۆ دیمەن و ڕوخساری ڕێکخەرە کۆمەڵایەتیەکان، کە لایەنە کۆمەڵایەتیەکانە[1]. زاراوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە گرنگترینی زاراوەکانە، کەتوێژینەوەکانی سۆسیۆلۆجی وئەنسرۆپۆلۆجي سەردەم بەکاری دێنن[2]، بەڵام ئەنسرۆپۆلۆجیا لە ئێستادا وەك باسێك جیاکاری لە توێژینەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا دەکات، کە مرۆڤ تیایاندا بەشدارە، بەتایبەتی گرنگی دەدات بەدەرخستنی ئەو بەشداری و تەواوکاریە لە تۆڕی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزەکانداکە زاراوەی (پێکهاتەی کۆمەڵایەتی) یان بەسەر دابڕیوە[3].

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لای (رادکلف براون)، تۆڕی کرداری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە لە نێوان هەموو تاکەکانی کۆمەڵگادا[4]، ئاماژە بەوە دەکات بۆ گونجان و ڕێکخستنێك لە نێوان ئەو بەشانەی کە گشتیان پێکهێناوە بەستراوە بەو پێکهاتەوە[5].

لەبەر ڕۆشنایی ئەو نوسینانەی سەرەوە توێژەر بەم شێوەیە دەیناسێنێت: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەرجەمی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، لەپێکهاتەو بەشەکانی تادەگاتە لایەنەکانی (سیستەمەکانی ) پێکهێنەری کۆمەڵگا، پێکەوە یەکدی تەواو دەکەن و گشتێك دروست دەکەن، کۆمەڵگا و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەی پێکەوە دەبەستێت، کاریگەری بچوکترینی پەیوەندیەکانە لە نێوان پێکهاتەکاندا، تا سەرەکیترین بەشەکانی پێکهێنەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی .

---

(١) شارلوت سيمور- سميث، موسوعة علم الإنسان المفاهيم والمصطلحات الَانثروبولوجية، ت/ مجموعة من أساتذة علم الإجتماع، طبع بالهيئة العامة لشؤن المطابع الَاميرية، القاهرة- مصر،٢٠٠٩،ص١٦٧.

(٢) محمد عبدة محجوب،الإتجاة السوسيوأنثروبولوجي في دراسة المجتمع،وكالة المطبوعات الكويت، (د-س)، ص١١.

(٣) المصدرنفسه ، ص ١١٩.

(٤) قباري محمد إسماعيل، رادكلف براون، المصدرالسابق، ص ٣٥٠.

(٥) جودت بني جابر، علم النفس الإجتماعي، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان- الَاردن، ٢٠٠٤، ص ٢٩.

## دووەم: هۆكارەكانی هەڵبژاردنی بابەتەكە :

چەند هۆكارێك هەیە كە هاندەری توێژەر بوون بۆ دیاریكردنی ئەم بابەتە، گرنگترینی ئەو هۆكارانە ئەمانەی لای خوارەوەیە:

١- بەردەوامی دانیشتوانی گوندی هاوار لەسەر شێوە و داب و نەریتی تایبەتیان، سەرەڕای هەندێك گۆڕانكاری سەردەمیانە كە كاریگەری لەسەر دانیشتوانی ئەم گوندە كەمتر دیارە.

٢- پێگەی ئاینی گوندی هاوار لای یارسانەكان(كاكەیی)، كە پێگەی ئاینی خۆی هەیە و بوونی چەندین مەرقەدو گڵكۆی پیاوانی ئاینی لەم گوندەدا و پابەندیان ڕێوڕەچەی ئاینی خۆیانن،ناساندنی وەك گوندیك بەهەموو لایەنەكانیەوە.

٣- گۆڕانكاری پیشەیی ئەم گوندە، كە دانیشتوانەكەی لە پیشەی كشتوكاڵی و ئاژەڵداریەوە پیشەیان بە فەرمانبەری میری و قاچاخچیەتی گۆڕیوە، كە زیانی ئابوری بە وڵات دەگەیەنێت.

٤- كۆمەڵگاكە ماددەیەكی خاوی توێژینەوەیە بە تایبەتی لە زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیدا.

٥- توێژینەوەكە مەبەستیەتی كە گیروگرفت و پێداویستیەكانی گوندی هاوار دەربخات، بۆ ئەوەی یارمەتی دەرێك بێت بۆ دەزگاكانی میری لە چارەسەركردنیاندا.

٦- پەیوەندییەكانی دانیشتوانی ئەم گوندە لەگەڵ دەوروبەردا وبوونی پەیوەندیەكانی ژن وژنخوازی لەگەڵیاندا سەرەڕای بوونی جیاوازی ئاینیان، كە نەیتوانیوە كاریگەریەكی زۆر هەبێت لەم لایەنەدا.

## سێ یەم: ئایکۆلۆجیای گوندی هاوار :

### یەکەم: ئایکۆلۆجیای سروشتی:

نەسەقی ئایکۆلۆجی یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی بابەتی توێژینەوەکە، پێویستیەکی زانستی توێژینەوەکەیە، چونکە مرۆڤ لە بۆشایدا ناژی، بەڵکو ژینگەیەکی هەیە و کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە لە هەموو لایەنەکانی ژیانیاندا.

ئایکۆلۆجیا لە پێشینەترینی قوتابخانە شارستانییەکانە، لەسەردەمی یۆنانیەکانەوە درێژ بوەتەوە تاوەکو ئێستا، دیارترینیان ( هیبوقراط)لە کۆندا و (مونتسکیو) و (بودون) و (ڕاتزل) و جوگرافی ناسی نویێ (الزورث هنتغتن)[1].

بۆ یەکەمین جار ئەم زاراوەیە (الایکولوجیا) لەچاخی نوێدا لەساڵی(١٨٩٦) لەلایەن زانای زیندەوەرزانی ئەڵمانی (أرنست هیگل)(١٨٣٤-١٩١٩) بەکارهات، کەلە ووشەی یۆنانی (Oikes) هەڵگۆزراوە کە واتای(ماڵ) یا(نیشتیمان) دەگەیەنێت، کە مەبەست لێی توێژینەوەیە لەو پەیوەندیە ئاڵوگۆڕیەی نێوان ژینگەی سروشتی و جوگرافی و هەموو ئەوانەی تێدایە لە زیندەوەران و ڕووەك[2]. زاراوەی ئایکۆلۆجی هاو واتای ژینگەی جوگرافیە، توێژینەوە ئایکۆلۆجیەکان تەرکیز لەسەر شارستانیە ماددی و نامادیەکانە بۆئەو گەلانەی کە ئامێری تەکنۆلۆجی و ساکاریان هەیە[3]. هەروەها مرۆڤ لە ژێر کاریگەری ژینگە جوگرافیەکەی و ئەوەی کە تێیدایە لە ئاوو چیاو دەشتەکاندایە لەژێر کاریگەری ژینگە بایولوجیەکەی و ئەوانەی کە تیایدایە لە کەش وباران وهەورە بروسکە وسەرما و گەرما لەسەری[4].

زانایانی کۆمەڵایەتی و ئەنسرۆپۆلۆجي ئەوانەی لە توێژینەوەکانیاندا میتۆدی پێکهاتەی - فەرمانی پەیڕەو دەکەن وای دەبینن کە، شیکردنەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و ناسینی تایبەتمەندیەکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا خۆجێیەکان، کەتوێژینەوەیان لەسەردەکرێت، پێویستە توێژینەوەی بارودۆخ و هۆکارە جوگرافی و ژینگەییەکانی ئەو کۆمەڵگایە بکرێت[5].

---

(١) شاكر مصطفي سليم، المدخل الي الَانثروبولوجيا، المصدرالسابق، ص ٨٥.

(٢) علاءالدين جاسم البياتي، علم الإجتماع بين النطرية و التطبيق، دار التربية- بغداد، ١٩٧٥، ص٧١.

(٣) دينكن ميشيل، معجم علم الإجتماع، ت/إحسان محمد الحسن، دار الحرية للطباعة- بغداد، ١٩٨٠، ص١١٤.

(٤) علي فوآد أحمد، علم الاجتماع الريفي، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، (د-س)، ص ٩.

(٥) أحمد أبو زيد، البناء الاجتماعي - أنساق، دار المعرفة الجامعية، ج٢، الاسكندرية- مصر، ٢٠١١، ص ٩-١٠.

وەك لە خوارەوە ڕێكدەخرێت بەم شێوەیە:

**١- شوێن :**

لێرەدا ئایكۆلۆجیای بابەتی توێژینەوەكە دەخەینەڕوو، ئەوكاریگەریە ژینگەیی و جوگرافیانەی كە لەسەر كۆمەڵگای توێژینەوەكە هەیە باس دەكرێت، كە لێرەدا مەبەستی توێژینەوە كەیە .

(هاوار) گوندێكە لەگوندەكانی هەرێمی كوردستان، دەكەوێتە سنوری هەورامانی لهۆنەوە لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە سەر بە شارۆچكەی بیارەیە لە پارێزگای هەڵەبجە، وەك لە نەخشەی ژمارە(١-٢) داخراوەتە ڕوو، ناوچەیەكی سنوری نێوان هەردوو وڵاتی(عێراق-ئێران) ە،ئەم گوندە (١٨كم) لە پارێزگای هەڵەبجەوە دوورە، سەربە ناوچە شاخاوییەكانە، دەكەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجەوە بە چیاكانی شنرویٚ و بەفری میری و ئەشكەوەڵ و چەند چیایەكی دیكە دەورە دراوە ، شنرویٚ و بەفری میری و ئەشكەوەڵ لە خۆرئاوای گوندەكەدان، و گەلی گاكوژەو سورە هەراڵەكە لە ڕووی بەڵخەی هەورامانەوە لە ڕۆژهەلاّتیەوە، كڵاوە بەرزە و بەرخۆرە سەختە، لەڕووی سیروانی شێخانەوەش كەژی چاڵان وشاخی داڵاڕێ لە باشوریەوە[1].

لەڕووی بازنەكانی پانی وهێڵەكانی درێژییەوە، دەكەوێتە نێوان بازنەكانی پانی (٣٥,٠٧,٥٩-٣٥,٠٩,٥١) ی ، نیوە گۆی باكوری زەویەوە، نێوان هێڵەكانی درێژی (٤٦,٠٨,٠٨-٤٦,٠٥,٢٤) ی، ڕۆژهەڵات[2]. هێڵەكانی پانی كاریگەریەكانی ئاوو هەواو تیشكی خۆر و هەندێكی دیكە لە ڕەگەزەكانی ئاووهەوای ئەو سنورە دیاری دەكات.

بەرزی لەئاستی ڕووی دەریاوە لە ناوەندی گوندەكەدا كە بە (باسكی) ناسراوە (١٠٠٥م)، لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، لە بەرزترین ئاستیدا كە لوتكەی بەفری میریە(٢٠٠٤م)، لە ئاستی دەریا بەرزە، نزمترین ئاستی لە هاواری كۆندا لە چەمی (باوانی بن)دایە، كە (٨١١م) لەئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، دووری لە شارۆچكەی بیارە هەوایی(٧كم)ە[3]. ڕووبەری گشتی هاوار (٠٦ر١٧ر٧٢٩٥) دۆنمە، سنوری شارەوانی گوندەكە (٨٠ر١٠ر٦) دۆنم،

---

(١) رمضان همیرخان (كۆساری)، هاوار و هاواریەكان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.

(٢) سایتی ئەلیكترۆنی www.googl earth.com بەرواری ٢٠١٦/١/٢٤.

(٣) سایتی ئەلیكترۆنیwww.googl earth.com ٢٠١٦/١/٢٤.

ڕێژەی (١٠٪) ی سنوری بیارە پێکدەهێنی[١]. ڕووبەری زەوی هاوار بە کەرتی (٥٢) ناسراوە، کەزەویەکانی بەم شێوەیە دابەشکراوە: زەوی میری (٤٩ر١٨ر٦٩٣٢)دۆنم، گاکێڵ (١٩٠) دۆنم، جێ گوند (٨٠ر١٠ر٦) دونم، زەوی ناکشتوکاڵی (١٤ر١٧ر١٩) دۆنم، باخەکانیشی بەم شێوەیە دابەش بووە: باخی بەر ئاو(٦٢ر٢ر ٢٣٣)دۆنم، باخی پشت ئاو یان دێم(٥٠ر١٢ر٢) دۆنم، دارستانی سروشتی(٦٠٠٠) دۆنم، لە وەڕگا (٤ر٦٨٢٦) دۆنم و ڕووبەری گشتی (٦ر١٧ر٧٢٩٥) دۆنمە[٢]. لە نەخشەی ژمارە (٤–٥) دا بەڕوونی پیشاندراوە.

لە سنورەکەدا، چەندین چیای بەناوبانگ هەیە کە دیمەنی بەرزونزمی و نشێوی تایبەتی بە گوندەکە بەخشیوە، بۆ ئەو مەبەستە چاوپێکەوتنی ژمارە (٢) ئەنجام دراوە .

پرسیار : بەرزایی و چیا بەناوبانگەکانی ئەم گوندە کامانەن ؟

وەڵام : گوندەکە هەڵکەوتەی جوگرافی لە ناوچە شاخاوییەکاندایە، لەم سنورەدا ئەم چیایانە هەن، کەبریتین لە:

أ–چیاکانی باکوری هاوار (کەڕەنجیر، هەوارگەی خەجێ، سەرخۆشین، کڵاوەبەرزە)، لە باکوری ڕۆژهەڵاتدا چیاکانی(صوڵێ، سماقان، مومندەرە یانۆمدەرە).

ب–چیاکانی باشوری ڕۆژئاوا (شنروێ، ئەشکەوەڵ، سەر بەردە ڕوخاوێ، کەلی هەیشور، بە فری میری سپی تل، ناوچاڵی).

ج– چیاکانی ڕۆژهەڵات (تەپی سورە هەراڵەکە، کەژی ڕوتاوا، بەر کەورگە ڕەش، سەرکەو رگان، کەژی ساهان، هەوارگەی سایلێ)، لە باشوری ڕۆژهەڵات چیاکانی (جافیە، بەران کوژراو، سێ قەڵاتان، چاڵە شەخەڵین، نیسکە جەڕ، پلە سور و بەشێك لە چاڵان[٣].


---

(١) فەرمانگەی کشتوکاڵی هەڵەبجە ، ئەنجامی ئاماری ڕوپێوکردنی گشتی زەوی وزار ساڵی(٢٠٠١ – ٢٠٠٢) ، ڕێکخراوی کشتوکاڵی و خۆراکی جیهانی(F.A.O) ، ٢٠١٦/٢/١ .

(٢) فەرمانگەی کشتوکاڵی هەڵەبجە، ئەنجامی ئاماری ڕوپێوکردنی گشتی زەوی وزارساڵی(٢٠٠١–٢٠٠٢)، ڕێکخراوی کشتوکاڵی جیهانی(F.A.O ).


(٣) یارئەحمەد ڕەحیم شاقوڵی،چاوپێکەوتنی ژمارە (٢)، ڕوپێوکار(فەرمانبەر)، تەمەن٦٣ساڵ،هەڵەبجە، ٢٠١٦/٢/٣.

نەخشەی ژمارە(١) شوێنی جوگرافی گوندی هاوارلەسەر ئاستی ناحیەی بیارە پیشان دەدات*.




*ئەم نەخشەیە لە فەرمانگەی ئاماری سلێمانی،هۆبەی(GIS) وەرگیراوە.

**نەخشەی ژمارە(٢)شوێنی جوگرافی هاوارلەسەر ئاستی پارێزگای هەڵەبجە پیشان دەدات***




---

*ئەم نەخشەیە لە فەرمانگەی ئاماری سلێمانی ژوری(GIS)، وەرگیراوە کە تا کاتی تەواوبوون ی توێژینەوەکە، سنوری پارێزگای هەڵەبجە دیاری نەکرابوو.

## ٢- ئاووهەوا :

لەمێژە مرۆڤ گرنگی داوە بەتوخم و دیاردەی کەش و هەوا، چونکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەرژیانی مرۆڤ هەیە....، هەر بۆیە بەپێی ئاووهەوا جۆری جل وبەرگ وشوێنی نیشتەجێ بوون وشێوازی جل وبەرگ وخانوبەرە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازیان هەیە[1].


عێراق لە واقیعدا دوو ناوچەی سەرەکی ئاووهەوای هەیە، ناوچە شاخاوییەکان کە کەش و هەوای دەریای ناوەڕاستە، ناوچەی دەشتی ڕافیدەین و بانی ڕۆژئاوا کە پلەی گەرمای شێوە خولگەیی و بارانی بیابانیە[2].

سنوری توێژینەوەکە گوندی ، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدایە و سەر بەناوچەی شاخاوییە، وەك لە نەخشەی ژمارە(٣) دا خراوەتە ڕوو، سەر بە ئاووهەوای سنوری هەورامانە لە پارێزگای هەڵەبجە، هاوینی فێنك و پلەکانی گەرمای مام ناوەندەو زستانی ساردو باراناویە، لە زۆربەی ساڵەکاندا لە وەرزی زستاندا بەفری لێ دەبارێت، لە هەردوو وەرزی پایز و بەهاردا ئاووهەوای فێنك و مام ناوەندە، لەگەڵ بوونی سروشتێکی جواندا کە زۆرێك لە گەشتیاران ڕووی تێ دەکەن، بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان.

(١) علی أحمد غانم، جوگرافیای ئاووهەوا، و/ سعید بشیر مستەفا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، ٢٠١٣، چ١، ل ٥.

(٢) شاكر خصباك، الاكراد دراسة جغرافية إثنوغرافية، مطبعة شفيق- بغداد،١٩٧٢ ، ص٤٥.

**نەخشەی ژمارە (٣)،شوێنی گوندی هاوار لەسەر  ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان وولاتی عێراقدا پیشان دەدات***




---

*ئەم نەخشەیە لە فەرمانگەی ئاماری سلێمانی ،هۆبەی(GIS)وەرگیراوە.

## ٣- دەرامەتی ئاو:

ئاو سەرچاوەی ژیانە لەسەر ڕووی زەوی، پێداویستیەکی بنچینەییە لەژیانی زیندەوەراندا، سەرچاوەکانی ئاو داباراین و ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی دەگرێتەوە، لەگەڵ بوونی چەم و جۆگا ئاوییەکان وکانیا و کارێزەکان، کە زیاد و کەمیان وابەستەیە بە دابارین و بەتایبەتی باران و بەفربارین لەناوچەکەدا، ئەمەش پەیوەستە بەشوێنی جوگرافی ئەو سنورە لە بازنەکانی پانی، کە هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوچەیەکی کەمی بەردەکەوێت، ئەو جیاوازیەی هەیە و کاریگەری لەسەر دابارین هەیە پەیوەستە بە بەرزو نزمیەوە. بارانبارین هۆکارە بۆ فەراهەمکردنی ئاو بۆ ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ[1]، هەورامانیش کەوتووەتە ناوچەی بارانی مسۆگەرەوە، تێکڕای بڕی باران بارینی لە (٦٠٠ملم) کەمترنیە[2]. گوندی هاواریش کە سنوری توێژینەوەیە، سەر بە هەورامانی لهۆنە و پێشتر ئاماژەی پێ کراوە. وەتێکڕای دابارین لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٢- ٢٠١٥)دا، (٢ر٧٠٣ملم) بووە لە سنوری ناحیەی بیارەدا [3]. کە ئەمە ئاستی ئاو لەناوچەکەدا بە بەرزی دەهێڵێتەوە، سەرچاوەکانی ئاوی کانی و کارێز و چەمەکانی سنورەکە پڕ ئاو دەکات بۆ زیاتر ناساندنی سەرچاوە ئاوییەکانی چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.

چاوپێکەوتنی ژمارە(٢):

پرسیار:دەرامەتە ئاوییەکانی گوندەکە بێجگە لە دابارین چیە؟

وەڵام: لە سنوری گوند چەندین کانیاو چەمی ئاوی تێدایە کە کەمترین کشتوکاڵیان لە نزیکەوە دەکرێت، تەنها بۆ باخەکان سودیان لێ دەبینرێت، وەك چەمەکانی (دواوان، گوێزی هەیاس، قولێ، کانیە درێژ، مۆمندەرە کە بە نۆمدەرەش ناو دەبرێت، صوڵێ، ساهان، ئاشی، قەڵەندەری، شنرویێ، ناوهاوار، بەڵخی، میری سور، هاوارەکۆن) و کانیاوە بەناو بانگەکانیش وەك کانیەکانی (هەڵوژێ، گوێزە کوێر، گوێزە سەوز، نەیجان یا دواوان، باخی کەرەم وەیس، گوێزە باتمان، گوێزی هەیاس، گوڵوی تاوگان، نۆمدەرە، کارێزی مۆمندەرە، ئەستێڵی گەورەی مۆمندەرە،گوێزە ووردی مۆمندەرە،باخی کەیخەسرەو،مۆمندەرەی خواروو،گۆمە بێ بن،کانیە درێژ، کانیەی عەزە، باخی ڕەفعەت،باخی وەهاب، قەڵەندەری، مۆردەکان، وێشەڵان، هەنارە سورە، وێشەیی،باخی عبدالله کە بە

(١) علی أحمد غانم،جوگرافیای ئاووهەوا،سەرچاوەی پێشوو،ل ٥.

(٢) عەبدوڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، بەبێ چاپخانە،٢٠٠٠، سلێمانی، ل ٥٥.

(٣) بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی ، بنکەی کەشناسی هۆبەی بیارە، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٦/٢/٢٤.

ئەحە ناسراوە، بلْخی، میری سور هاوارە كۆن، هانە گەنیوو، نەیجانی سوڵە، شاهنشاه، دۆڵە نجیر، تۆڕۆنیەكە، كانی وێشەیی خواروو)[1].

لە ڕووی ئاوی سەر زەویەوە، زێی سیروان بە ڕۆژئاوایدا تێ دەپەڕێت ، بەڵام نە توانراوە سودی لێ ببینرێت ، چونكە ئاستی ئاوەكە نزمە و لەلایەكی ترەوە ناوچەكەش سەختە و شاخاویە و بە ئاسانی ناتوانرێت ئاوەكەی بگەیەنرێتە گوندەكە، بەبێ بوونی پرۆژەیەكی گەورە كە دەوڵەت سەرپەرشتی بكات و مەبەستی بێت سودی لێ وەربگیرێت، بۆیە هاوار زیاتر سودی لە كانیاو و كارێزو چەمە خۆجێییەكان وەرگرتووە، بۆ ژیانی ڕۆژانە و ئاودێری باخ و كشتوكاڵ و مەڕ و ماڵاتیان، پڕكردنەوەی پێداویستیەكانیان.

لە ڕووی دەرامەتی ئاوەوە، دەوڵەمەندە بەهۆی داباریینی زۆری بەفرو بارانی ساڵانەوە، هەروەها ئاوی چەمی تەوێڵەی هەورامان بەناو هاواردا تێپەڕدەكات كە ئەمەش یارمەتیدەرێكی دیكەیە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی ئاوی گوندی هاوار.

## ٤- ڕووەكی خۆڕسك و ڕووەكی چێنراو:

ڕووەكی سروشتی ئەو ڕووەكەیە لەزەویەوە دەردەچێت بێ ئەوەی مرۆڤ دەست لە پرۆسەكەی وەربدات، ئەگەر مرۆڤ دەستی لە پرۆسەكە وەردا، وەك چاندنی دارو وەشاندنی تۆو ئاودانی خاكەكە وشتی تر، ئەوكاتە پێی ناوترێت ڕووەكی سروشتی ، بەڵكو پێی دەوترێت ڕووەكی چێنراو.[2]

لەڕووی ڕووەكی سروشتیەوە، دەوڵەمەندە بە گژوگیاو دارودەوەنی سروشتی، كە لەڕووی ئابوری و ئاووهەوا و جوانی سروشتیەوە ڕۆڵێكی گرنگی هەیە، گرنگترینی ڕووەكەكانی وەك، ڕووەكی بەڕوو دارەبەن (قەزوان)، چوالە و گوێژ و ترش وچەند جۆرێكی دیكە، هەموو ئەمانە سودی ئابوری زۆریان هەیە، وەك خۆراك و دابین كردنی پێداویستیەكانی نێوماڵ و لەوەراندنی ئاژەڵەكانیان، بوونی سودێكی ئابوری دیار لە هەندێكی دیكەیان وەك دارەبەن كە لە بەرهەم هێنانی بنێشتی كوردی و دەرمانی كوردەواریدا سودیان لێ دەبینرێت ، گوندی هاوار چڕترینی ناوچەی هەورامانی لهۆنە لە جۆری دارەبەن، زۆرترین بنێشتی كوردی خاوی لێ بەرهەم دەهێنرێت كە

---

١) یارأحمد رحیم شاقولی، چاوپێكەوتنی ژمارە (٢)، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) یوسف عبدالمجید فاید،جوگرافیای ئاوو هەواو ڕووەك، و/گۆران ئیمامی، چاپ وبڵاوكردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، هەرێمی كوردستان، سلێمانی،٢٠١٢، ل ٣١٣.

شوێنێکی ڕووەکی گرنگە، چونکە وێنەی چالاکی مرۆڤ لە ڕووی هەڵبژاردنی پیشە وپلەی پێشکەوتنی ئابوریەکەی، لەسەر وێنەی رووەکی سروشتی هەرێمەکان دەوەستێت.(١)

لەڕووی گژوگیا سروشتیەکانەوە، زۆر دەوڵەمەندە بەتایبەتی لە دۆڵ و بەرزایی و چەمە پڕ ئاوەکانیدا، چەندین جۆری گژوگیای سودبەخش هەیە لەبوارەکانی خۆراکی و داودەرماندا سودی لێ دەبینن، هەروەها بەشێکی دەبرێتە بازاڕەکان و سودی ئابوری لێ دەبینن، لەوانە (کنگر، تۆڵەکە، کوزەڵە، گێلاخە، گۆزروانە، گەبڵە، روسقە، هەزبێلە، پیشۆك، سورەبنە،گەزەنە) و، چەندین جۆری دیکەی گژوگیا ، کە هەندێکیان وەك ئالیکی ئاژەڵ سودیان لێ بینراوە، لەوانە (لۆ) کە ئاڵفی سەرەکی ئاژەڵەکانیان بووە، لەوەرزی زستانیشدا هەڵگیراوە لەگەڵ گەڵای درەختی بەڕوودا بە ئاژەڵەکان دراوە، بوونی چەند جۆرێك لە گوڵی سروشتی جوان وەك گوڵە هێرۆ و چنور و نێرگز و یاسەمین و سورە هەراڵەکە چەندین گوڵی ڕازاوە لە گوندەکەدا، بوونی چەند جۆرێك لە گژوگیای سروشتی کە لە بوارەکانی دەرمانسازی دا بەکاردەهێنرێت، کە توێژەر چاوی بە چەند کەسێك کەوت لە هەولێرەوە هاتبون، بۆ کۆکردنەوەی جۆرە گیایەك کە لەگەڵ گوڵە فەقێدا کۆیان دەکردەوە و،دەیانگوت: بۆ دەرمانی پزیشکی بەکاریان دەهێنین.

ڕووەکە چێنراوەکانیش ،ئەو ڕووەکانەن کە لەناو گوندو باخەکاندا چێنراوەن،لەوانە ڕووەکەکانی (هەنار، هەنجیر، ترێ، توو، قۆخ، بادام، قەیسی، سێو)، هەروەها داری چنار کە لەناو باخەوانەکاندا بەهۆی بڕین وفرۆشتنی بە (میوانی باخ *) ناوی دەبەن.

لە درەخت وگژوگیای سروشتی و چێندراودا دەوڵەمەندە، ئەمەش توانیویەتی سودێکی ئابوری بە دانیشتوانەکەی بگەیەنێت، ئاووهەواکەی فێنك و خۆش بکات و سنورەکە بە جوانی بڕازێنێتەوە وبیکات بە هاوینە هەوارو سەیرانگاو شوێنی گەشتیاری، کە لە زۆرێك لەبوارەکانی ژیانی ئابوری و گەشتیاری و کەش و هەواوە سودی بە گوندەکە گەیاندووە.

---

(١) یوسف عبدالمجید فاید،جوگرافیای ئاووهەواو ڕووەك، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٢.

* میوانی باخ: مەبەست لە داری چنارە، چونکە لەگەڵ بەرز بوون و پێگەیشتنی دا دەبڕرێت و دەفرۆشرێت و لە باخدا ناهێڵرێتەوە.

## ٥- ڕێگاکانی هاتووچۆ:

ڕێگاکانی هاتووچۆ و ئامرازەکانی، هۆکارێکی سەرەکییە لە گەیشتنی کلتور و کرانەوەو گەیاندنی بەرهەمەکان بە بازاڕ، هاندەرێکیشە لە بوارەکانی برەودان بە گەشت و گوزار و شێوەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، لە هەندێك لە ڕووەکانی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە.

ئامرازەکانی گواستنەوەش بەپێی سەردەم و پێشکەوتنە تەکنولوجیەکان جیاوازبوون، لە هەرێمی کوردستاندا گیاندارانی وەك گوێ دریژ و ئێستر بۆ گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵ یەکان بۆ شوێنە شارستانیەکان بەکاردەهێنران، بەڵام لەبارەی ئامرازە سەردەمیەکان، یەکەم ئۆتۆمبێل هاتبێتە ناحیەی بیارە لە ساڵانی نیوەی سییەکاندا بووە، بۆ زیارەتی خانەقا و شێخانی ڕێبازی نەقشبەندی.[١]

گوندەکە لە ناوچەیەکی شاخاوی و بەردەڵانە، هەر بۆیە ڕێگاکانی هاتووچۆ تیایدا ئاسان نەبووە، لە کۆن و لە ئێستاشدا کە تاکە ڕێگایەکی قیرکراوی هەیە، ئەویش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەڕێگەی لیژنەی باڵای پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستانە، لەڕێکەوتی (٦/٢٥/ ٢٠١٣)دا، کە پرۆژەی قیرتاوکردن و گەیاندنی کارەبایە بۆ گوندی هاوار، وەك لە پاشکۆی ژمارە (١-٢)دا، پیشاندراوە لەگەڵ داواکاری وەستانی کارکردن لە پرۆژەکەدا، بەهۆی قەیرانی داراییەوە ،ڕێگاکانی گوندی هاوار، ئۆتۆمبێلی ئاسایی و بارهەڵگری بچوك پیایدا تێپەڕ دەکات، بەتایبەتی ڕێگا قیر کراوەکەی کە یەکەمین جارە لە مێژووی ئەم گوندەدا ڕێگای قیرکراو و تەزوی کارەبای بۆ دابین بکرێت. بۆ ئەمەش توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.

چاوپێکەوتنی ژمارە(٣)

پرسیار:ڕێگای ئۆتۆمبێل بۆ یەکەم جار کەی گەیەنرایە هاوار؟

وەڵام:لە بەرواری (١٩٧٧/٦/١٢)دا، ڕێگای قیرنەکراوی ئۆتۆمبێل گەیەنرایە هاوار، کە تا ئەو کاتەش بە ئاژەڵی باری هاتوچۆ دەکرا، یەکەمین جاریش (ئیڤای سەربازی) بوو بۆ ڕاگواستنی دانیشتوانی، چونکە صدام حسین لە (٢١)ی ئابی (١٩٧٦)دا لە کۆشکی (المجلس الوطنی)بە ڕاشکاوی مەسەلەی ڕاگوێزانی ناوچەکانی سنوری بەقوڵایی(٢٠)کم وبلاّوکردنەوەی جەیشی لە

---

(١) محمد مصطفي أحمد، بيارة دراسة سوسيو أنثروبولوجية ، رسالة ماجستير مقدمة الي كلية الاداب – بجامعة صلاح الدين، غيرمنشورة، ١٩٩٤، ص٣٥.

کوردستان باس کرد، لەسالآنی (١٩٧٥تا١٩٧٧) کەوتە ڕاگوێزانی ناوچەکان، بڕیارە ئالان،سیوەیل ،شلێر، هەورامان ڕابگوێزن[1]، کە گوندی هاواریش لە سنوری هەوراماندا کەوتە بەر ڕاگواستن.

پێش تەواو بوونی ڕێگەکەش بۆناوگوندی هاوار کەنزیکی هاوار کرابویەوە، ئۆتۆمبیلەکانی (بەختیاری خەرامان، مام کاکەخان ئەسعەد هاواری و شێخ عومەری عەبابەیلێی) کە لەوە بەدواوە کاری نێوان هاوار و هەڵەبجە بە ئۆتۆمبێل دەکرا.[2] ئێستا لەڕێگاکانی هاتوچۆدا دەوڵەمەندە، بەڵام لە بوونی ڕێگای قیرکراودا هەژارە، ئەمەش سودێکی زۆری دەبێت لە بوارەکانی ئابوری و گەشتیاری و کلتوریدا، بە تایبەتی کە ستراتیجیەتی شوێنی جوگرافی بوارێکی زیاتری چالاکی پێ دەبەخشێت ئەگەر ڕێگای هاتووچۆی بۆدابین بکرێت، وەك لە خشتەی ژمارە (١) دا دیارە.

خشتەی ژمارە(١) ڕێگاکانی هاوارو جۆرەکانی،لەگەڵ دیاریکردنی ئاڕاستەکانیانداپیشان دەدات.

| ژ | ڕێگا کان | ئاڕاسته جۆری ڕێگا |
|---|---|---|
| ١ | هاوار- تاوێره- عەنەب- هەڵەبجە | باکوری ڕۆژئاوا سەیارە- قیرکراو |
| ٢ | هاوار- تاوێره- سەرخۆشین- بەڵخە | باکوری ڕۆژئاوا سەیارە- قیرنەکراو |
| ٣ | هاوار- هاوارەکۆن – چەمی ئەشکەوەڵ –عەبابەیلێ | باشور – پیادە |
| ٤ | هاوار- شنروێ- عەبابەیلێ | باشوری ڕۆژئاوا – پیادە |
| ٥ | هاوار- هاوارەکۆن- دەرەتفێ- ئێران | باشوری ڕۆژهەڵات – سەیارە- قیرنەکراو |
| ٦ | هاوار- هاوارەکۆن- گریانە- ئێران | باشوری ڕۆژهەڵات سەیارە- قیرنەکراو |
| ٧ | هاوار- چەمی جاور- پاڵانیان- سۆسەکان- تەوێڵە | باکوری ڕۆژهەڵات – پیادە |
| ٨ | هاوار- دەرەتفێ – ئێران | ڕۆژهەڵات سەیارە- قیرنەکراو |
| ٩ | هاوار- قەبرستانی ئەحمەدی هاواری- کانی وێشەڵان- ئێران | باشوری ڕۆژهەڵات – سەیارە- قیرنەکراو |

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، بەبێ چاپخانە، ١٩٩٧، ل (٧٩، ٢٥٩).

(٢) رمضان همیرخان (کۆساری)،چاوپێکەوتنی ژمارە (٣)،خانەنشین(شاعیر)، تەمەن ٦٧ساڵ ، هەڵەبجە، ٢٠١٦/٢/١٩.

## ٦- دانیشتوان

دانیشتوان ،یەکێکە لەو بابەتانەی ، کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ، هەرچەندە ئەم بابەتە کێشەیەکی ئاڵۆزی هەرێمی کوردستانە بە عێراقیشەوە، تا ئێستا نەتوانراوە سەر ژمێریەکی ڕاست و دروست ئەنجام بدرێت ، بەهۆکار و بیانوی جۆراو جۆر بۆیە لێرەدا هیچ جۆرە ئامارێکی ڕاست و دروست لەبەردەستدا نیە، کە پەیوەست بێت بە گوندی هاوار، بەڵام بە تەواوی هەوڵدراوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریەکی زۆرنزیك لە ڕاستیەوە.

بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) هاوار (١٣٢) خانوو بووە، کە (١٢٧) یان خانووی نیشتەجێ بوون بووە، ژمارەی دانیشتوانی (٦٥١) کەس بووە، (١٢٥) کەسیان خەریکی کشتوکاڵ کردن بوون، (١) قوتابخانەی تێدابووە، هیچ پرۆژەیەکی دیکەی ئاوو کارەبای تێدا نەبووە.[1] وەك لە پاشکۆی ژمارە(٣)دا پیشاندراوە.

لەسەرژمێری ساڵی (٢٠٠٩)دا، گوندی هاوار و هاواری کۆن پێکەوە (٣٠) خانوی نیشتەجێ بوونی تێدابووە، تەنها(٤) خانوی بەکارهێنراوە و(٢٦) خانوی نیشتەجێ بوونی چۆڵ بووە، ژمارەی خێزان (٢٦) خێزان بوون ، بەلاَم لەکاتی ئەنجامدانی سەرژمێریەکەدا تەنها(١٤) کەس لە ناو گوندەکەدا ئامادەبوون وئەندامانی تری خێزان لە نێو باخ ودەوروبەری گوندی هاواردا خەریکی ئیش وکاری ڕۆژانەی خۆیان بوون.[2] وەك لە پاشکۆی ژمارە (٤) دا پیشاندراوە.

بەپێی ئاماری خزمەتگوزاریەکانی ساڵی (٢٠١٢)، (٢٧) خانوی نیشتەجێ بوونی تێدابووە وهیچ جۆرێك لە بینای خزمەتگوزاریەکانی تێدانیە، کە بۆ ژیان پێویستە بۆیە بە چۆڵ نوسراوە، وەك لە پاشکۆی ژمارە (٥) دا پیشاندراوە.

لەسەردانی مەیدانیدا بەمەبەستی هەژمارکردنی خانوەکانی ناو هاوار و هاوارە کۆن، گەیشتە ئەوەی کە (٤٩) خانوی تێدایە لە شێوەیەکی سادەدا دروستکراون، بۆ بەکارهێنانیانە لە کاتی کاروباری کشتوکاڵ وباخداریدا، بەڵام ژمارەی خێزانەکانی گوندەکە (٣٥٠)خێزان دەبن لە سنوری پارێزگای هەڵەبجەدا،لەناودام ودەزگا فەرمییەکانی دەوڵەتدا،بە موسوڵمان هەژمار کراون و بە دەستهێنانی ئاماری ووردوتەواو ڕاست ودروست ئاسان نیە،لەبەرئەوە چاوپێکەوتن

---

(١) فەرمانگەی ئاماری هەڵەبجە، الجهاز المرکزي للاَحصاء هیئة التعداد العام والدراسات السکانیة، نتائج ترقیم المباني وحصر السکان لسنة (١٩٧٧) لمحافطة السلیمانیة – قضاء حلبجة، غیر منشورة.

(٢) هەمان سەرچاوە، پرۆسەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان ژمارەلێدان و گەمارۆ تایبەت بەسەرژمێری گشتی دانیشتوان، بۆ گوندنشینی ناحیەی بیارە، لە مانگی١٢/٢٠٠٩دا، ل ٢٤٠.

**ئەنجامدراوە لەگەڵ شارەزایەکی ئەم بوارە لە گوندەکەدا.**

**چاوپێکەوتنی ژمارە (٤).**

**پرسیار: لە ئێستادا ژمارەی دانیشتوانی هاوار چەندە ؟**

**وەڵام: سەرژمێری ڕاست و تەواو لەبەردەستماندا نیە، بەڵام ژمارەی خێزانەکانی گوند (٣٥٠) خێزانەکە زۆربەی خێزانەکان لە گەڕەکی شارەوانی لە پارێزگای هەڵەبجەدا نیشتەجێن، ژمارەی ئەندامانی هەرخێزان بە نزیکەیی (٥)کەسە،بۆیە ژمارەی گشتی گوندەکە بە نزیکەیی(١٧٥٠)کەسە، بەڵام لە شارەکانی دیکەی هەرێمیشدا ژمارەیەك خێزانی گوندی هاوارهەیە،کە ژمارەیەکی تەواو ڕاستمان لەبەر دەستدا نیە بۆ ئەو خێزانانەش[١]**

**شێوازی خانوەکانیشیان لە جیاوازە، چونکە چیمەنتۆ و بلۆك بە زۆری بەکاردەهێنرێت لەگەڵ سەقفی کۆنکرێت، بەڵام پێشتر خانوویان لەبەرد یان خشت و قوڕ دروست دەکرد، سەقفی خانووەکانیش بە داری چنار و قامیش و قوڕ و خۆڵ دەگیرا، پاشان سەربان وپاڵ دەرگا و پەنجەرە و تاقەکان بەگڵی جوان سواغ دەدران کە پێیان دەوت (گڵەجانە)*، واتە گڵی جوان کە لە زۆر شوێنی هاواردا هەیە.[٢] لە ئێستادا زیاتر دوو ژوورو هەیوانێك دروستکراون، کە زیاتر کاتی باخ کێڵان و کشتوکاڵ و وەرزەکانی گەشت و گوزار بەکاریان دەهێنن، چوار خانویان لەسەر شێوازی ئێستا کراونەتەوە و نەخشە و کەرەستەی سەردەمیانەی تیادا بەکارهاتووە، بەڵام ئەو خانوانەی لەسەرەتاوە لەهاواردا دروستکراون بەناوی (ژێرخان، هەیوان، داڵان)، لە جیاتی زۆپا ئاگردان و بغواری لەبەردی تایبەتی دروستکرابوون، بەڵام لەم دواییەدا ژێرخان، سێقاتیش کەم کەم ئەکراو زۆپای دار دادەنرا.[٣]هیچ خزمەتگوزاریەکی ڕێگاوبان و قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و دابەشکردنی تۆڕی کارەبا لەناو گوندەکەدا نیە، بۆیە زۆرینەی دانیشتوانی گوندەکە، تا کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم و تەواوبوونی بەرهەمی باخەکانیان ، لە نێوگوندەکەیاندا دەمێننەوە کە ئەگەر خزمەتگوزار یەکانیان بۆ دابین بکرێت ڕەنگە ، زۆرێکیان بە بەردەوامی لە گوندەکەدا بمێننەوە.**

---

**(١) ئاکۆ شاوەیس مجید، چاوپێکەوتنی ژمارە (٤)، سەرچاوەی پێشوو.**

***گڵەجانە:بریتی یە لە چاڵێك ، کەگڵی لێ هەڵدەکە نراو گڵەکەی جیاواز بوو لە گڵەکانی تر، لەرەنگ وهێزدا و درزی نەدەبرد ،بە ڕەنگی جوانی خۆی دەمایەوە ، بۆیە زۆر بەکار دەهێنرا بۆ دیوار و سەربان سواقدان.**

**(٢) رمصان همیرخان( کۆساری)، هاوار و هاواریەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦.**

**(٣) هەمان سەرچاوە.**

**دووەم: ئایکۆلۆجیای کۆمەڵایەتی :**

ژینگەی کۆمەڵایەتی بەشداریکردنی مرۆڤە لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی لە مرۆڤ، کە تەعبیر لەو پەیوەندی و قبوڵکردنەی لەنێوان هاوڕەگەزەکانیدایە دەکات[1].لەڕووی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە کانیانەوە بەهێزن، هاوکاری و گیانی یارمەتی دانیان لەنێواندا بەهێزە، ڕێزگرتنی کەسانی بە تەمەن و میوان،لە سیفەتە دیارو گرنگی پێدراوەکانیانە، گاڵتە و قسەی خۆش لە نێوانیاندا زۆربەدی دەکرێت، سەردانی نەخۆش و بەشداریان لە پرسەکاندا بە تەواوی دەبینرێت و هەستی پیٚ دەکرێت.

لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەریاندا، پەیوەندیەکی بەهێزی ئابوری و کۆمەڵایەتیان هەیە لەگەڵ زۆربەی گوندەکانی دەوروبەردا، پەیوەندی ژن و ژنخوازیان هەیە بە تایبەتی گوندەکانی (تاوێرە، عەبابەیلیٚ، گریانە، دەرەتفیٚ) و چەند گوندێکی دیکەدا، لەگەڵ گوندەکانی دیکەی هەوراماندا وەك (پاڵانیا، سۆسەکان، بەڵخە، تەوێڵە، بیارە) دا پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە، گوندەکانی دیکەی وەك (دەڵەمەڕ، بۆین، ڕێشاو، سازان هتد....) دا، پەیوەندیان هەیە و بەدەمەوە چوون و هاوکاری لە نێوانیاندا هەیە، لە پرسەو نەخۆشی و هەرشتێك کە بەرژەوەندی هەموانی تیادا پارێزرا وبێت، تەنانەت هاوار و دانیشتوانەکەی لە جەژنی ئاینی موسوڵمانەکاندا بەشدار دەبن، بە پیرۆزبایی کردن و سەردانی ماڵە دراوسێکانیان، بەبیٚ گوێدان بە جیاوازی ئاینی ئەو پەیوەندیەیان پاراستووە، هەروەها ژن و ژنخوازی کەلە ئاینەکەیاندا ڕێگە پیٚ نەدراوە، بەڵام پەیوەندیەکانیان بە شێوەیەك کاری لێکردون، ئەو پرۆسە یە ئاسایی بووەتەوە لایان، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان : ڕێزگرتنی ڕەگەزی مێینەیە بەوەی لە گوندەکەدا بە گشتی هاوسەرگیری بۆ هەردوو ڕەگەز ئازادانەیە و زۆر لێکرد نی تیادا نیە، دووەمیان : بە هێزی پەیوەندی گوندی هاوارە بە هەڵەبجەو هەورامان وڕێز گرتنی ئەو پێکەوە ژیانەی کە هەیە، ئەوەی توێژەر تێبینی کردووە، دانیشتوانی گوندلە مامەڵە کردن و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیاندا هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ هەڵەبجەو هەوراماندا نیە، بە تەواوی پابەندی داب ونەریتە کۆمەڵایەتیەکانی هەڵەبجە وهەورامانن، تەنها چەند شتێك نەبێت کە لەڕووی ئاینیەوە ئەرکە لەسەریان کە جیٚ بەجێی بکەن.

---

(١) حسين عبد الحميد أحمد رشوان، البيئة و المجتمع دراسة في علم الاجتماع، المكتب الجامعي الحديث،٢٠٠٦ ، ص٨.

# بەشی دووەم

# نەسەقی ئابووری

## باسی یەکەم:گوزەران لە گوندی هاواردا

یەکەم: ژیانی ئابووری.

دووەم: خاوەنداریەتی زەوی.

سێ یەم: بەرهەم هێنان

١- کشتوکاڵ .

٢- ئاژەڵداری.

٣- پیشەسازی .

## باسی دووەم:سەرچاوە دەرامەتی وبژێویەکانی تر

یەکەم: بازرگانی.

دووەم: ئاڵوگۆڕ.

سێ یەم: گەشت وگوزار.

چوارەم: کارگێڕی.

## نەسەقی ئابوری

ئابوری یەکێکە لە لایەنە زۆر گرنگەکانی هەر توێژینەوەیەك، گونجاونیە باس لە ژیانی کۆمەڵگایەك بکرێت، ژیانی ئابوری تێدا باس نەکرابێت، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لایەنەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگاوە هەیە، کاریگەری لەسەریان هەیە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بۆیە لێرەدا بە چەند باسێك ژیانی ئابوری گوندی هاوار باس دەکرێت کە مەبەستی توێژینەوەکەیە.

### باسی یەکەم: گوزەران لە گوندی هاوار

### یەکەم: ژیانی ئابوری :

مەبەست لە ژیانی ئابوری ،شێوەی گوزەران و ڕێگاکانی بەرهەم هێنانە ،کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پشتی پێ بەستووە، بژێوی خۆی پێ دەستەبەر کردووە، ئەو شێوە ژیانە لەسەرەتاوە سادە وساکاربووە، ووردە ووردە گران وئالۆز بووە، بە مەبەستی ڕازانەوە و ڕێکخستنی پێویستیەکانی ژیان[1].

فەیلەسوف یۆنانی (گەزنەفۆن) بۆ یەکەمین جار پێناسەی زانستی ئابوری کرد بەوەی: ئەو زانستەیە بایەخ بە بەڕێوەبردنی کاروباری ئابوری دەدات[2]، زەمینەی ئابوریش باس و توێژینەوەیە لە بەرهەمی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان و دابەشکردنی لە کۆمەڵگادا[3]، زانستی ئابوری بایەخێکی گەورە و ئاشکرابە ڕەفتاری کەسەکانی کۆمەڵگا دەدات[4]. ژیانی ئابوری لە کۆمەڵگا تەقلیدی و سادەکاندا کاریگەری زۆری لەسەر لایەنەکانی دیکە هەیە[5].

---

(١) عیززەت فەتاح حە مە سالْح، هەورامان توێژینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنثرۆپۆلۆجی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠٠٦، ل ٩٧.

(٢) کمال خەیات، ئابوری کشتوکاڵ، و/ نەژاد شمقار، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٢٣.

(٣) نەهرۆ علی، زانستی ئابوری، تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر،٢٠١٢ ،ل ١٢.

(٤) کمال خەیات، ئابوری کشتوکاڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٥) أحمد أبو زید، البناء الاجتماعي، المصدر السابق، ص ١٢٦.

لەنەگۆڕەکانی هزری ئەنسرۆپۆلۆجیە ، وئەستەمە جیاکردنەوەی لایەنی ئابوری لەڕامیاری،یان هەردوو لایەنەکە لە لایەنی کلتوری وکۆمەڵایەتی[1].

پێویستە ئەوەش بزانین هەڵەیە، هەوڵی جێبەجێکردنی زاراوە ئابوریە نوێیەکان بدەیت، لەسەر شێوەی چالاکیە ئابوریەکانی کۆمەڵگای تەقلیدی و ساکار و سەرەتایی[2]، لەبەرئەوەی لە دیارترین پێکهاتە زانستیەکانی ئەم توێژینەوانە، ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی کۆمەڵگا تەقلیدیەکانە کردارەکانی ئەم کۆمەڵگانەش ئەوە نیە، هەوڵیان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی ماددی و تێرکردنی پێداویستیە بایولوجیەکان بێت بەرەهایی، بەڵکو مەبەست ئەو ئامرازو سودانەی پەیوەستە بە بەهاو بیروباوەڕە کۆمەڵایەتیەکان[3].

ئەنسرۆپۆلۆجستەکان ڕایان وایە: ئابوری پێوەری جیاوازی ولێك نەچوونی کۆمەڵگاکانە، لەڕووی گەشەکردن و پێشکەوتنەوە[4]، چونکە پێداویستیەکانی مرۆڤ بۆ خۆراك و پۆشاك وخانوو، بوونە ڕێنیشاندەر بۆ پیشەسازی یان پاڵنەرێك بوون لە پاڵنەرەکان، تاوەك توانی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیانی بەدەست بهێنێت[5].

(ریجرز) کۆمەڵگاکانی لەلایەنی ئابوریەوە بۆ دوو جۆر دابەش کردووە، ئەوانیش کۆمەڵگای کشتوکاڵی و کۆمەڵگای پیشەسازیە، پاشان شیکردنەوەی بۆ تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕو پەیوەندیەکانی هەریەك لەو جۆرانە کردووە، ئەو جۆرو نمونانەش جێگیرو نەگۆڕنین[6]. پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین کە سروشتی ژینگەی توێژینەوە، کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە هەیە، بە شێوەیەکی گشتی لەبواری ئابوریدا ئەوکاریگەریە سروشتی و جوگرافیانە کاریگەرتر دەبێت، وشوێنەواری زیاتریان دەبێت لەسەر پێگە و ژیانی ئەو کۆمەڵگایە.

گوندەکە ناوچەیەکی شاخاویە و کۆمەڵگایەکی ساکار و نەریتخوازە، ئەگەرچی چەندین ساڵە لە ناو شاری هەڵەبجەدا دەژین، بەڵام ئەو سیما وشێوە بنەڕەتیەی خۆیان تاڕادەیەکی زۆرباش پاراستووە هاوار شوێنێکی تەنگەبەری لێژو سەختە دانیشتوانەکەی لەسەرەتادا زیاتر خەریکی

---

(٢) أحمد أبو زيد، البناء الاجتماعي، المصدر السابق، ص ٩٤.

(٣) قيس النوري، المدخل الي علم الانسان، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي،بغداد– العراق، ١٩٨٣، ص ١٧٦.

(٤) قيس النوري، الانثروبولوجيا الاقتصادية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، مطابع الموصل، ١٩٨٩، ص ٩.

(٥) حسن الساعاتي، علم الاجتماع الصناعي، دار النهضة العربية، بيروت– لبنان،١٩٨٠، ط الثا لثة، ص٤٧.

(٦) حسين عبد الحميد أحمد رشوان، البيئة والمجتمع، المصدر السابق، ص ١١.

ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و باخداری بوون ، سەرەڕای ئەوەی کە زەوی کشتوکاڵیشیان کەم بووە ، بەڵام بەشی بژێوی ژیانی خۆیانی کردووە، هەروەها سودێکی زۆریان لە دارستان و گژوگیا شاخاویەکان بینیوە، زۆرێك لە پێداویستیەکانی خۆیان و ئاژەڵەکانیان پێ پڕ کردووەتەوە، لە خۆراك و کەل و پەلی نێومالْ و ئالیکی ئاژەڵەکانیان و هەندێکیشی سودی ئابوری لێ بینراوە و لە بازاڕەکانی هەڵەبجە و هەورامانیدا سودی لێ وەرگیراوە.

لێرەدا مەبەست نەسەقی ئابوری گوندەکەیە، باسێك نیە لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی میتۆدە ئابوریەکانی زانستی ئابوری، بەڵکو باسی چالاکیە ئابوریە دیاریکراوەکان دەکات، کە پێکهاتەی نەسەقی ئابوری دەگرێتەوە، وەك (چالاکی کشتوکاڵ و باخداری و خاوەنداریەتی زەوی و فەرمانبەرانی میری و چالاکیە ئابوریەکانی دیکەی گوندەکە)، کە هەموو ئەمانە پێکهاتەی ئابوری و ژیانی کۆمەڵایەتی ژیانی گوندەکە دەردەخات، کە پێویستە باسیان بکرێت.

**دووەم: خاوەنداریێتی زەوی**(land owner ship):

خاوەنداریێتی کۆمەڵە مافێکی تاکە، یان کۆمەڵێکە لە کەل و پەلی دیاریکراو، کەپێی دەڵێن(سەروەت)، لە خاوەنداریێتی داو بەکارهێنانی[1]. لە هەموو لایەنێکی خاوەنداریێتی دا دەبێت سێ پایەی گرنگ هەبن، کە خاوەن و موڵك و ماڵ و پاشان ئەو پەیوەندیەی لە نێوانیاندایە[2].

لە عێراق و کوردستانیشدا، ئەم لایەنە گرنگییەکی زۆری پێ دراوە ومێژوویەکی دێرینی هەیە، زەوی وزاری کشتوکاڵی لە عێراقدا چەق بەستوو بوو، لەسەر شێوەی خاوەنداریێتی فراوان، بە دەستی کۆمەڵە کەسانێکی دیار لە گەورە پیاوان و دەرەبەگەکان و سەرکردەی خێڵەکان، کە دەستیان گرتبوو بەسەر ئەو زەویانەدا، بەهەرشێوەیەك بێت سەردەمانێکی زۆر، زنجیرەیەك یاسای داڕێژراو کەلە سەردەمی ئینتیدابی بەریتانی دا داڕێژرابوون، پاش جەنگی جیهانی یەکەم، هەتا شۆڕشی ١٤یتەموزی ١٩٥٨ بەردەوام بوو.[3]

---

(١) شاکرمصطفي سليم، قاموس الانثروبولوجيا، المصدرالسابق، ص ٧٠٧.

(٢) علاالدين جاسم البياتي، علم الاجتماع بين النظرية والتطبيق، المصدرالسابق، ص ٢٥٩.

(٣) محمد عبدالهادي وآخرون، المجتمع الريفي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي جامعة بغداد، دار الكتب للطباعة والنشر ،جامعة الموصل، ١٩٧٩، ص١٣٧-١٣٨.

له سەدەی حەوتەمی پێش زاین دا، ڕژێمی کۆیلەیەتی بەشێوەی کلاسیکی لە کوردستاندا نەبووە بەڵکو وەك زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات، شێوەی دەوڵەتی کۆیلەداری هەبووە لەگەڵ دوو چەشنە موڵکداری، کە بریتی بووە لە: مڵکداری دەوڵەت و مڵکداری تێکڕایی[1]. هەڵەبجە وەك پارێزگا پشکێکی زۆری لەم لایەنەدا بەرکەوتووە، هەڵەبجە وڵاتی جافانە نزیك بەتەواوی خاکی ئەم قەزایە (تاپۆی) بنەماڵە حاکمەکان و جافەکانە[2]، بەڵام نەبوونی عەشیرەت و سەرکردەی عەشیرەتەکان لەهەورامانی لهۆن، نەبوونی زەوی بێ خاوەن تا بەناوی سەرکردەکانەوە تۆماربکرێت، لەبەرئەوە زەویە کشتوکاڵیەکانی تایبەتمەندە بە بەرهەم هێنانی میوە، گونجاو نیە خاوەندارێتی ئەو باخە میوانە بگۆڕدرێت بۆ خاوەنداری دەرەبەگەکان، ئەمەش ڕێگەی بە دەرکەوتنی نەداوە لە ناودانیشتوانی هەوراماندا[3].

گوندەکە هەمان سیستەمی ئابوری هەورامانی هەیە کە لە ڕووی خاوەندارێتی زەوییەوە سێ جۆر خاوەندارێتی تێدایە، کە خاوەندارێتی گشتی و خاوەندارێتی تایبەتی و خاوەندارێتی تێکەڵ، سیستەمی دەرەبەگایەتی لە کۆن و لە ئێستاشدا تێدا نەبووە، هەرسێ جۆرەکەی تا ئێستاش بەردەوامی هەیە، هەرچەندە زۆرجار هەوڵ دراوە لەلایەن دەرەبەگەکانی دەوروبەرەوە، کە خاوەندارێتی زەوی بگوازنەوە سەر خۆیان ، بەڵام ڕێگەیان پێ نەدراوەو سەرکوتوو نەبوون، چونکە موڵك لەگەلە سەرەتاییەکاندا، ڕۆڵ و حساباتێکی کۆمەڵایەتی هەیە و خاوەندارێتی زیاتر بۆ بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەلأیەتیە [4]. لەم توێژینەوەیەدا بە ڕوونی هەموو زەویەکانی سنوری گوند دەخرێنەڕوو، کە هەندێکیان خاوەندارێتی تایبەتین و هەندێکی تریان خاوەندارێتی تێکەڵە لە نێوان دەوڵەت و خەڵکی گوندەکە وبەشێکی دیکەیان موڵکی دەوڵەتن، زەویەکانی هاوار و هاوارەکۆن بەپێی بەدوادا چونەکان بەڕێژەی (٨٠٪)ی، تائێستا بە تەواوی کاروباری یاساییان تەواو نەکردووە ، لە دەزگای بەڕێوەبەرێتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەڵەبجە و زیاتر (سند تسویە)ن، زەوییەکانیانلە فەرمانگەی کشتوکاڵ( تاپۆ)کراون، بەشێکیشیان (قرارتسویە)ن، واتە:زەویەکانیان ( تسوية زراعية)ن، زۆرێك لە تۆمارەکانیان بەدواداچوونی بۆکراوە لەبەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانوبەرەی هەڵەبجە، زۆرینەیان مێژویان لە نێوان ساڵانی (١٩٤٠-١٩٥٠) ن.

---

(١) عبدالرحمن قاسملو، کوردستان وکورد، و/ عبدالله حسن زادە، بە بێ چاپخانە ، ١٩٧٣، ل ١١٥.

(٢) سیسیل جون ئیدموندس،کورد تورك عەرەب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

(٣) فيروز حسن حمة عزيز، جدل الانسان و الطبيعة في هورامان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی-B- ژمارە- ٣٥، ئاياري ٢٠١٢، ص٢٢.

(٤) شاكر مصطفي سليم، المدخل الي الانثروبولوجيا، المصدر السابق، ص ٦٥.

**دەزگای پەیوەندار بە پەرۆشەوە بوون،بۆ سەردانیان و تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکانیان بە مەبەستی تۆمارکردنی لە تۆماری بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی هەڵەبجە، تا هەموو موڵکەکانیان تۆماری تەواو وەردەگرن، لە خشتەی ژمارە(٢) دا تەواوی زەویەکانی هاوار پیشاند راوە، لەگەڵ ناوی خاوەنەکانیان کە لە ژمارە (١٠١-١٣٢)ن [١]، هەندێکیشیان لەناوچوون.**

**مێژووی خاوەندارێتی زەوی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیەکان ، تاپۆکەی ڕۆستەم هاواری کە لە ئەستەمبوڵ تاپۆی هاواری کردووە بە تورکی نوسراوە (هەسەن چاوەش) چووەتە ئەستەمبوڵ و هێناویەتیەوە و (حاجی ئەمین نادر) لە تورکیەوە کردویەتی بە عەرەبی، لە ڕۆژنامەی (وقائع العراقیە)دا، بڵاوکراوەتەوە لە بیستەکاندا[٢]. وەك لە خشتەی ژمارە (٢) پیشان دراوە.**

---

**(١) بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانوبەرەی هەڵەبجە، لیستی موڵکەکانی کەرتی(٥٢)ی هاوار و هاوارەکۆن ٢٠١٦/٣/٩.**

**(٢) رمضان همیرخان (کۆساری)، هاوار و هاواریەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٧.**

**خشتەی ژمارە(٢)مۆڵکەکانی گوندی هاواروناوی خاوەنەکانیان نیشان دەدات.**

لیستی مولکەکانی کەرتی/ ٥٦ هاوار ـ هاوارەکوێ

| ز | ژمارەی مولك | عدد ، مجلد | ناو | تیبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٠١ | — | عاصیە بنت کرم شاوار | سند تسویة |
| ٢ | ١٠٢ | — | 〃 〃 〃 〃 | 〃 〃 |
| ٣ | ١٠٣ | — | شریف و توفیق کورانی بارام کوێخا مصطفى | 〃 〃 |
| ٤ | ١٠٤ | — | کاکە وەیس حمە بن لیجان | 〃 〃 |
| ٥ | ١٠٥ | — | هیاس ویس الله مراد | 〃 〃 |
| ٦ | ١٠٨ | — | محی الدین شریف بارام | 〃 〃 |
| ٧ | ١٠٩ | — | کوێخا کرم هەوارا و عبد الکریم و نادر و صدیق و ناهقا کورانی حامد حاجی امین | 〃 〃 |
| ٨ | ١١٠ | — | ابراهیم و وریا و مالک کورانی برا قاسم نادر | 〃 〃 |
| ٩ | ١١١ | — | اسما ویس کاکە ویس حمە | 〃 〃 |
| ١٠ | ١١٢ | — | عزیز ویس و الله ویس و ناهیدە کورانی سلیمان حمە عزیز | 〃 〃 |
| ١١ | ١١٣ | — | اسماعیل حمە عزیز ویس مراد | 〃 〃 |
| ١٢ | ١١٤ | — | هیاس ویس مراد الله مراد | 〃 〃 |
| ١٣ | ١١٥ | — | ولی خداکرم مصطفى | 〃 〃 |
| ١٤ | ١١٦ | — | ابراهیم و وریا و عالیە کورانی برا قاسم نادر | 〃 〃 |
| ١٥ | ١١٧ | — | عزیز حاجی امین نادر حیاوشا | 〃 〃 |
| ١٦ | ١١٨ | — | ولی خداکرم کوێخا مصطفى | 〃 〃 |
| ١٧ | ١١٩ | — | حامد حاجی امین نادر حیاوشا | 〃 〃 |
| ١٨ | ١٢٠ | — | خانە علی کرم عزیز | 〃 〃 |
| ١٩ | ١٢١ | — | ولی خداکرم کوێخا مصطفى | 〃 〃 |
| ٢٠ | ١٢٢ | — | مصطفى باوا اسا کوێخا مصطفى فاکی | 〃 فاکی |

بیساران محمد حبیب

## ليستى موڵكەكانى كەرتى/ ٢٥ هاوارو هاوارەكۆن

| ز | ژمارەی موڵك | عدد ، مجلد | ناو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | ١٢٣ | — | عيسى مصطفى باواسا | سند تسويه |
| ٢٢ | ١٢٤ | — | سليمان محمد عزيز ويس مراد | 〃 〃 |
| ٢٣ | ١٢٥ | — | شريف بارام كويخا مصطفى | 〃 〃 |
| ٢٤ | ١٢٦ | — | أمنه مصطفى باواسا | 〃 〃 |
| ٢٥ | ١٢٧ | — | شاحوى فتاح كويخا مصطفى | 〃 〃 |
| ٢٦ | ١٢٨ | — | نادر كيخسرو فتاح | 〃 〃 |
| ٢٧ | ١٣٩ | خالى | خالى | خالى |
| ٢٨ | ١٤٣ | — | جمه خان شاكرم خواكرم | سند تسويه |
| ٢٩ | ١٤٤ | — | ولوخان شاكرم خواكرم | 〃 〃 |
| ٣٠ | ١٤٥ | — | مرادخان شاكرم خواكرم | 〃 〃 |
| ٣١ | ١٥٠ | خالى | خالى | خالى |
| ٣٢ | ١٥٢ | خالى | 〃 | 〃 |
| ٣٣ | ١٥٣ | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٣٤ | ١٥٤ | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٣٥ | ١٦١ | 〃 | 〃 | 〃 |
| ٣٦ | ١٧٠ | — | منوچهر على كرم عزيز | سند تسويه |
| ٣٧ | ١٧١ | — | لطف الله محمد حماى كرم | 〃 〃 |
| ٣٨ | ١٧٢ | — | كريم عبدالكريم خسرو | 〃 〃 |
| ٣٩ | ١٧٣ | — | نورى و عبدالله و ليلى و شمام و سعادت و مناف سيد احمد عزيز | 〃 〃 |
| ٤٠ | ١٧٤ | — | فتاح احمد سيدى | 〃 〃 |

٢

پێشاران محمد حسين
١٤/٢/٢٠١٢

## لیستی موڵکەکانی کەرتی/ ٥٢ هەوار و هەوارەکۆن

| ز | ژمارەی موڵك | عدد ، مجلد | ناو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ٤١ | ١٧٥ | — | منوچهر علی کرم عزیز | سند تسویة |
| ٤٢ | ١٧٦ | — | ولی خداکرم مصطفی | 〃 〃 |
| ٤٣ | ١٧٧ | — | سید مراد فتاح کوێخا مصطفی | 〃 〃 |
| ٤٤ | ١٨٢ | — | سلیمان حمە عزیز مرین مراد | 〃 〃 |
| ٤٥ | ١٨٣ | — | 〃 〃 〃 〃 〃 | 〃 〃 |
| ٤٦ | ١٨٥ | — | ١) عاصم حمە رحیم حمە مراد<br>٢) مقصود حمە احمد | 〃 〃 |
| ٤٧ | ١٨٦ | — | سیدی احمد سیدی | 〃 〃 |
| ٤٨ | ١٨٧ | خالی | خالی | خالی |
| ٤٩ | ١٨٨ | خالی | خالی | خالی |
| ٥٠ | ١٨٩ | — | شریف بارام مصطفی | سند تسویة |
| ٥١ | ١٩٠ | — | بارام و هواسا و رفیقە و شرین<br>عنالی توفیق بارام | 〃 〃 |
| ٥٢ | ١٩١ | — | توفیق بارام مصطفی و شرکائە | 〃 〃 |
| ٥٣ | ١٩٢ | — | بارام و هواسا و رفیقە و شرین<br>عنالی توفیق بارام | 〃 〃 |
| ٥٤ | ١٩٣ | — | عیسی مصطفی باواسا | 〃 〃 |
| ٥٥ | ٢٠٨ ~~١٩٤~~ | — | کاکە ویس حمە عیجان | 〃 〃 |
| ٥٦ | ٢٠٩ | — | سیدی احمد سیدی و شرکائە | 〃 〃 |
| ٥٧ | ٢١٠ | — | ابراهیم و منصور کوران<br>برا فارس نادر | 〃 〃 |
| ٥٨ | ٢١١ | — | اسعد حسنا چاوشا ویسە | 〃 〃 |
| ٥٩ | ٢١٢ | سیر | میر احمد عزیز علی کرم | 〃 〃 |
| ٦٠ | ٢١٥ | خالی | خالی | خالی |

[illegible signature and stamp]

## لیستی موڵكەكانی كەرتی/ ٥٢ هاوار و هاوارە كۆن

| ز | ژمارەی موڵك | عدد ، مجلد | ناو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ٦١ | ٢١٦ | — | جوهر منوچهر علي كرم | سند تسوية |
| ٦٢ | ٢١٧ | — | محمد سعيد كرم فتاح | 〃 〃 |
| ٦٣ | ٢١٨ | — | زاير رحمن ابراهيم | 〃 〃 |
| ٦٤ | ٢١٩ | — | خليفة رشيد موسى مراد الله مراد | 〃 〃 |
| ٦٥ | ٢٢٠ | — | وزارة المالية | 〃 〃 |
| ٦٦ | ٢٢١ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |
| ٦٧ | ٢٢٢ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |
| ٦٨ | ٢٢٣ | ٦ كانون الثاني ١٩٧١ مجلد ٢٨ | عبد الرحمن محمود كرم موسى و منصور براخاس نادر | تۆمارە |
| ٦٩ | ٢٢٤ | — | علي كرم فتاح | سند تسوية |
| ٧٠ | ٢٢٥ | ٧ كانون الثاني ١٩٧٢ مجلد ٢٨ | عبد الرحمن محمود كرم موسى و منصور براخاس نادر | تۆمارە |
| ٧١ | ٢٢٦ | ١٠ كانون الثاني ١٩٧٢ مجلد ٢٨ | 〃 〃 〃 〃 〃 〃 〃 | تۆمارە |
| ٧٢ | ٢٢٧ | — | محمد سعيد كرم فتاح | سند تسوية |
| ٧٣ | ٢٢٨ | — | محمد سعيد كرم فتاح | 〃 〃 |
| ٧٤ | ٢٢٩ | ٨ كانون الثاني ١٩٧٢ مجلد ٢٨ | عبد الرحمن محمود كرم موسى و منصور براخاس نادر | تۆمارە |
| ٧٥ | ٢٣٠ | ٩ 〃 〃 〃 〃 | 〃 〃 〃 〃 〃 〃 | تۆمارە |
| ٧٦ | ٢٣١ | — | كاخية الله كرم خدا كرم | سند تسوية |
| ٧٧ | ٢٣٢ | — | كا 〃 〃 〃 | 〃 〃 |
| ٧٨ | ٢٣٣ | — | الله كرم خدا كرم مصطفى | 〃 〃 |
| ٧٩ | ٢٣٤ | — | وزارة المالية | 〃 〃 |
| ٨٠ | ٢٣٥ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |

٤

بێشاران محمد حسين
٢٠١٢/٢/١٢

## لیستی موڵکەکانی کەرتی/ ٥٢ هاوار و هاوارەکون

| ز | ژمارەی موڵك | عدد ، مجلد | ناو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ٨١ | ٢٣٦ | — | وزارة المالية | سند تسوية |
| ٨٢ | ٢٣٧ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |
| ٨٣ | ٢٣٨ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |
| ٨٤ | ٢٣٩ | — | توفيق بارام مصطفى | 〃 〃 |
| ٨٥ | ٢٤٠ | — | شريف بارام مصطفى | 〃 〃 |
| ٨٦ | ٢٤١ | — | توفيق بارام مصطفى | 〃 〃 |
| ٨٧ | ٢٤٢ | — | هياس ياسين مراد الله مراد | 〃 〃 |
| ٨٨ | ٢٤٣ | — | محمد شاوين فتاح | 〃 〃 |
| ٨٩ | ٢٤٤ | — | 〃 〃 〃 | 〃 〃 |
| ٩٠ | ٢٤٥ | — | 〃 〃 〃 | 〃 〃 |
| ٩١ | ٢٤٦ | — | وزارة المالية | 〃 〃 |
| ٩٢ | ٢٤٧ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |
| ٩٣ | ٢٤٨ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |
| ٩٤ | ٢٤٩ | — | صالح محمد عزيز ويسين مراد | 〃 〃 |
| ٩٥ | ٢٤٩ | — | وزارة المالية | 〃 〃 |
| ٩٦ | ٢٥٠ | — | عيناو رحيم وعلي اولاد شاكر لى فتاح | 〃 〃 |
| ٩٧ | ٢٥٠ | — | وزارة المالية | 〃 〃 |
| ٩٨ | ٢٥١ | — | شاكر لى فتاح مصطفى | 〃 〃 |
| ٩٩ | ٢٥٢ | — | 〃 〃 〃 | 〃 〃 |
| ١٠٠ | ٢٥٣ | — | عيناو رحيم وعلي اولاد شاكر لى فتاح | 〃 〃 |

٥

[illegible signature]

## ليستى موڵكەكانى كەرتى/ ٥٢ هاوار و هاوارەكۆن

| ز | ژمارەی موڵك | عدد ، مجلد | ناو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١٠١ | ٢٥٤ | خالی | خالی | خالی |
| ١٠٢ | ٢٥٥ | — | سيد مراد فتاح مصطفى | سند تسوية |
| ١٠٣ | ٢٥٦ | — | مجيد شاويس فتاح | 〃 〃 |
| ١٠٤ | ٢٥٧ | — | 〃 〃 〃 | 〃 〃 |
| ١٠٥ | ٢٥٨ | — | ___ بارام مصطفى | 〃 〃 |
| ١٠٦ | ٢٥٩ | — | شريف بارام مصطفى | 〃 〃 |
| ١٠٧ | ٢٦٠ | — | وزارة المالية | 〃 〃 |
| ١٠٨ | ٢٦١ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |
| ١٠٩ | ٢٦٢ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |
| ١١٠ | ٢٦٣ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |
| ١١١ | ٢٦٤ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |
| ١١٢ | ٢٦٥ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |
| ١١٣ | ٢٦٦ | — | حمه كاكه ويس حمه | 〃 〃 |
| ١١٤ | ٢٦٧ | — | آغا ويس كاكه ويس حمه | 〃 〃 |
| ١١٥ | ٢٦٨ | خالی | خالی | خالی |
| ١١٦ | ٢٧٠ | — | محمود كرم ويس الله ويس | سند تسوية |
| ١١٧ | ٢٧١ | — | علي رضا و صادق كرم و مزرع علي كرم | 〃 〃 |
| ١١٨ | ٢٧٣ | — | وزارة المالية | 〃 〃 |
| ١١٩ | ٢٧٩ | — | 〃 〃 | 〃 〃 |
| ١٢٠ | ٢٩١ | 〃 | 〃 〃 | 〃 〃 |

٦

بيشاران محمد حسين

## لیستی موڵکەکانی کەرتی/ ٥٢ هاوار و هاوارەکۆن

| ز | ژمارەی موڵك | عدد ، مجلد | ناو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١٢١ | ٢٩٢ | — | وزارة المالية | سندی تسویە |
| ١٢٢ | ٢٩٨ | — | = = | = = |
| ١٢٣ | ٢٠٤ | — | = = | = = |
| ١٢٤ | ٢٠٩ | — | = = | = = |
| ١٢٥ | ٢١٠ | — | = = | = = |
| ١٢٦ | ٤٢ | خالی | خالی | خالی |
| ١٢٧ | ٤٣ | = | = | = |
| ١٢٨ | ٤٩ | = | = | = |
| ١٢٩ | ٦٤ | خالی | = | = |
| ١٣٠ | ٥٤ | = | = | = |
| ١٣١ | ٦٩ | = | = | = |
| ١٣٢ | ٨٥ | = | = | = |
| | کۆی گشتی موڵکەکانی کەرتی ٥٢ هاوار و هاوارەکۆن | | | |
| | (١٣٢) ژمارەیە. | | | |
| | | | | |
| | سەرۆکی لیژنە | ئەندام | ئەندام | ئەندام ئەندام |
| | ١٤ / ٢ / ٢٠١٣ | | نەریمان أمین محمد | |
| | | ١٤ / ٢ / ٢٠١٣ | | |

٧

**بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.**

**چاوپیکەوتنی ژمارە(٥)**

**پرسیار:تاپۆی هاوارودابەش بوونی زەویەکانی چۆنە؟**

**وەڵام: تاپۆی هاوار لەسەردەمی تورکەکاندا کراوە،(هەسەن چاوەش) لە ئەستەمبوڵ هێناویەتیەوە، بەناوی چەند کەسێکەوە کراوە کە بریتی بوون لە (الله وەیس، هەسەن چاوەش، کەرەم فەتاح و هەیاس یان حمە عزیز) ناوێکەوە بەزمانی تورکی نوسراون، دابەشبوونی زەویەکانیش لەهاواردا بەم شێوەیە:**

**١- زەوییە بەرئاوەکان: کە بریتین لە زەویەکانی:( گوڵوی پەمووەدار، زەوی لۆجەڕێ، قوڵێ، زەویە سوری سەروو خوارو، زەوی دارە گەورە، زەوی تەڵانە ووشکە کە هەموو ئەمانە لە چەمی دووئاوان ئاودەدرێن، چوار وەشە، باریکەیی، زەوی باوا یان کەپرگان بە چەمی شنرویێ ئاو دەدرێن، ساهان بە چەمی ساهان ئاو دەدرێت، نۆمدەرە خۆی کارێزی هەیە، سۆڵێ لە چەمی سۆڵێوە ئاو دەدرێت، زەوی دارە شەکەر، بەردێ، شاقوڵی ، کۆسی دارە گەورە لەکانی هاوارە کۆن ئاو دەدرێن، زەوی بەر قێڵان، کاسێڵ لە کانی میری سور ئاو دەدرێن، زەوی ماڵە یەن یان لاماڵان لە چەمی ئاشی ئاو دەدرێت، هەروەها زەویەکانی بانجێڵان، باوانی بن، مەییان سێ زەوی دیکەی بەر ئاون).**


**٢- زەوییەکانی پشت ئاو(دێم): ئەم زەویانە بریتین لە زەویەکانی: (ناوچاڵی، هەوارە بەرزە، باسکی کورەیی، زەویە درێژ، دوو ئاوان کە چەند زەویەکن، سەر خۆشێن کە ژمارەیەك زەویە زەویەکانی ڕووی نۆمدەرە، بارام بەگ، چاڵە گەنم کە چەند بەشێکە، بەرد ئاوان، هەرمێ ژێڵان، تلە سووران، پەچە قوڵ، زەوی نادر، نیسکە جەڕ، زەوی حەمالیان، بانی خەیارە جار کە نیوەی دێمە و نیوەی بەرئاو، زەوی بەر خۆرەتاو، زەویش هەیە بە شکراوە و چەند خاوەنێکیان هەیە[1].**

**ئەم زەوییانە بەکاردەهێنرێن وەك هاوکارێکی دابینکردنی بژێوی ژیانیان، هەندێك لە پێداویستیە خۆراکیەکانی خۆیانی لێ بەدەست دەهێنن و هەندێکی تری سودی ئابوری لێ دەبینرێت، کە لە ڕووی ئابوریەوە ناسراوە بە (بەرهەم هێنان) کە باسی دەکەین.**

---


(١) فەرهاد علی قوربانی ،چاوپێکەوتنی ژمارە (٥) ،خانەنشین (شارەزا لەبواری زەوی وزارومێژووی گوندەکەدا) ٧٧ساڵ تەمەن ،هەڵەبجە، بەرواری ٢٥/ ٢/ ٢٠١٦.

**نەخشەی ژمارە(٤) زەویەکانی گوندی هاوار نیشان دەدات***.




***ئەم نەخشەیە لە فەرمانگەی کشتوکاڵی بیارە، بەڕێوە بەرایەتی تۆماری خانوبەرەی هەڵەبجە وەرگیراوە.**

نه خشەی ژمارە (٥) زەویەکانی گوندی هاوار نیشان دەدات*.




* ئەم نەخشەیە لە فەرمانگەی کشتوکاڵی بیارە ، هەروەها بەڕێوەبەرێتی تۆماری خانوبەرەی هەڵەبجە وەرگیراوە.

## سىٰ یەم: بەرهەم هێنان :

مرۆڤ لەسەرەتای دروست بونیەوە تا ئێستا، بەشوێن ژیان و خۆراك بژێویدا گەڕاوە تێکۆشاوە، لە مێژووی مرۆڤدا چەند قۆناغێکی بەدوای یەکدا هاتووی جیاوازی بەرهەم هێنان هەبووە، کە قۆناغی خۆراك کۆکردنەوە و ڕاوکردن ومالّی کردنی ئاژەڵان و ئاشکراکردنی کشتوکالّ و دروستکردنی گوندو مومارەسە کردنی پیشەی دەستی هەموو ئەو شێوازانە بەشێکی دیاریکراون لە مێژووی ئابوری مرۆڤدا[١].

لایەنی بەرهەمهێنان (سیستەمی بەرهەم هێنان)، بە ڕێگەیەکی ساکار چارەسەر دەبێت چەند پرسیارێکی بنەڕەتی کە پەیوەستە بە زاڵبوون بەسەر مادده سەرەتاییەکان وچۆنیەتی بەکارهێنانی زەوی و ئاوو ئاژەڵ و دارو دەوەنی ووشکانی[٢]، چونکە زۆربەی چالاکیە ئابوریەکانی گەلە سەرەتاییەکان، تایبەتمەندە بە بەرهەمهێنانی خۆراك [٣].

مرۆڤ بەردەوام شتەکانی گۆڕیوە، لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر، تاوەکو زۆرترین سود و قازانجی هەبێت، وەك گۆڕینی داری درەختەکان بۆ مێزوکورسی، هەڵگرتنی بەفر لە چیاکاندا و بەکارهێنانی لە کاتی ڕاوکردن، ئەم کردارانە واتا مرۆڤ کەرەستەی خاوی بە دەستهاتوو، لە شێوەیەکەوە بۆشێوەیەکی ترگۆڕیوە،کە سودی زیاتر بێت، ئەمەیە کە بە کرداری بەرهەم هێنان ناسراوە [٤].

(مارکس) تێڕوانینی وایە ، کە مەبدەئی ڕێکخەری ئابوری دابەشکردن نیە، بەڵکو بەرهەم هێنانە، کە پێك دێت لە کردارەکانی بەرهەمی پیشەسازی لە نێوان ئەوەی خاوەن سەرمایەیە لەلایەك

و ئەو کەسانەی، کە هیچیان نیە ژیانیانی پیٰ دابین بکەن ، بێجگە لە هێزی کارکردنیان نەبێت، لە بەرهەم هێناندا کە لایەنی یەکەم زالّ دەبێت بەسەر بەرهەمدا [٥].

---

(١) قيس النوري، المدخل الي علم الانسان، المصدر السابق، ص ١٥١.

(٢) فاروق إسماعيل، الانثروبولوجيا الثقافية، دار المعرفة الجامعية، أسكندرية – مصر، ١٩٨٩، ص٧٣.

(٣) شاكر مصطفي سليم، المدخل الي الانثروبولوجيا، المصدر السابق، ص ٦٢.

(٤) حسين علي الداقوقي، مبادئ علم الاجتماع، مطابع دار الكشاف، بيروت– لبنان ،١٩٥٦، ص٩١.

(٥) فيليب لابورت وتولرا جان و بيار فارنيية، أثنولوجيا أنثروبولوجيا، ت/ د.مصباح الصمد، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، بيروت– لبنان،٢٠٠٤، ص ٣١٩.

لە هەموو ئەوانەی سەرەوە ڕاستییەك ڕوون دەبێتەوە، كە بەرهەم هێنان هەموو هەوڵ و تێكۆشانێكی ئابوریانەی مرۆڤە، بۆ دەستخستن و گۆڕینی هەموو ئەوانەی لە بەردەستیدایە و زاڵ بووە بەسەریدا، دەیانگۆڕێت لەشێوەیەكەوە بۆ شێوەیەكی تر كە سودی زیاتری هەبێت، پێداویستیەكانی ئەو كاتەی پڕ بكاتەوە بۆ ژیان و مانەوەی پێویستە.

بەردەوام هەوڵیان داوە سود لە هەمووئەوانە وەربگرن كە لەدەوروبەرو ژینگەكەیاندایە، وەك سود وەرگرتن لە زەویەكانیان بۆ كشتوكاڵ و گۆڕینی بەرهەمەكانی لە ڕێگا پیشەسازیە جۆر بە جۆرەكان تا سودی ئابوری زیاتری هەبێت ، بردنە بازاری بەرهەمە زیادەكانیان و بازرگانی پێوەكردنی، بۆ بە دەستهێنانی پێداویستیەكانی دیكە ، هەریەك لەمانەش بابەتێكی تەواون كە باسیان دەكرێت لێرەدا:

### ١- كشتوكاڵ:

ژیانی كۆمەڵگا نەریت خوازەكان پشت بە كشتوكاڵ دەبەستێت، وەك پیشەیەكی سەرەكی، زۆرینەی دانیشتوانەكەی وئابوریەكی سادەی دیاریكراوە، كە لەسەر بەروبومە كشتوكاڵیەكان وەستاوە كە خۆراكیانە[(١)].

زۆرێك لەزانایان وای دەبینن، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی عێراق و ئێران وشام، لە پێشینەترینی سەنتەرەكانی دۆزینەوەی كشتوكاڵن، كاتی ئەو داهێنانە دیاری دەكرێت لە سەردەمی نێوان (٨٠٠٠-٧٠٠٠) پێش زاین، زۆرترینی بەروبومی كشتوكاڵی لەم ناوچانەدا دۆزراوەتەوە[(٢)].

كورد زیاد لە دەهەزار ساڵەوەیە، لە ڕۆڵی سەرەتاییەوە ڕۆیشتوەتە حاڵەتی نیشتەجێ بوون، ئەمەش سەلمێنراوە بە پشت بەستن بەو شوێنەوارە كۆنانەی ، كە ئەنجامی پشكنینە شوێنەواریەكانە، لە هەندێ لەناوچە كوردییەكانی عێراق و ئێران و ئەوانی تردا....، لە سەرەتادا لەو ناو چانەدا بووە كە ئاوی تێدابووە، لە نزیك ئەو زەویانەی بۆ كشتوكاڵ گونجاوبون بەو شێوەیە كورد بەشدار بووە لە پیشەی كشتوكاڵدا لە سەردەمە پێشینەكانی مێژوودا[(٣)].

---

(١) حسن الساعاتي، علم الاجتماع الصناعي، المصدر السابق، ص ٥٤.

(٢) عاطف وصفي، الانثروبولوجيا الثقافية، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، (د-س)، ص ٢٢٦.

(٣) هادي رشيد الچاوشلي، الحياة الاجتماعية في كردستان، مطبعة جاحظ، بغداد، ١٩٧٠، ص ١٠٩.

به گشتی کشتوکاڵ دەکرێت بە دوو بەشەوە، بەشێکی ڕووەکیە و بەشەکەی دیکەی ئاژەڵ و باڵندەیە[1]، بەهۆی سەختی ناوچەکەیان و بوونی چەندین جۆر لە ڕووەکی خۆڕسکی بەرهەمدار و گژوگیای سروشتی، وەك خۆراك بەکاریان هێناون، بەڵام گرنگیەکی زۆریشیان بەکشتوکاڵ کردن داوە، سەرەڕای ئەوەی زەویەکانیان زۆر بەزەحمەت دەکێڵرێن، تەنها لە نزیك چەمەکاندا چەند زەویەکی لاکێشەیی هەیە کە پێدەچێت بەهۆی لافاوی ئەو چەمانەوە دروست بوبن کێڵاّنیان ئاسانە .

لە ناوچە کوردییەکاندا، کشتوکاڵ کردن سێ جۆرە ، بەروبومی زستانە، بەروبومی هاوینە، جۆری سێ یەم کەچاندنی باخەکانە[2]، لە هەرسێ جۆرەکەی چێنراوە، بەتایبەتی لەسەردەمانێ هاوار زیاتر ئاوەدان بووە ، توشی ڕاگواستن نەبوبو، بەڵام بەداخەوە ئێستا زۆر بەکەمی کشتوکاڵ کردن دەبینرێت، چونکە سروشتی زەویەکانی وایە کە ئامێرە سەردەمیەکانی کشتوکاڵ کردن توانای گەیشتنی بەو ناوچانە نیە، زەویەکی زۆر کەمیان نەبێت، بۆیە زۆربەی دانیشتوانی بە باخداریەوە خەریکن، لە وەرزی زەوی کێڵاندا زەویەکی زۆرکەم، لە هاواردا دەکێڵرێت، بەڵام باخەکانیان بە جوانی دەکێڵا و خزمەتیان دەکردن، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.

چاوپێکەوتنی ژمارە (٦)

پرسیار: دانیشتوانی گوندەکە تا چەند گرنگی بە کشتوکاڵ دەدەن، چ جۆرێك لە کشتوکاڵ، زیاتر گرنگی پێ دەدرێت ؟

وەڵام: پێش ڕاگواستن، دانیشتوانی زیاتر خەریکی کشتوکاڵ کردن بوون زیاتر کشتوکاڵی دێم بوو لەچاندنی (گەنم، گلێنە، نۆك، جۆ)، بەراوەکانیش وەك (زەڕات، توتن ، پەموو، تەماتە، کاڵەك، خەیارو...هتد)، لەشاردا کڕیارمان زۆر بوو بۆ کڕینی، بەڵام ئێستا ژمارەیەکی زۆرلە دانیشتوانی مووچە خۆری دەوڵەتن، زەوییەکانیشمان زۆربەی گاکێڵە، بەرهەمەکەش ئەو نرخەی جارانی نەماوە، بۆیە دانیشتوانەکەی کشتوکاڵیان پشت گوێ خستوە بە تەواوی، هیچ خزمەتگوزاریەکیش لە گوندەکەماندا نیە هاندەری خەڵك بێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ، ئەمەش وا لە خەڵکی گوندەکە دەکات ، زۆر گرنگی بە چاندن نەدەن بەگشتی[3].

---

(١) شاكر خصباك، العراق الشمالي دراسة للنواحي الطبيعية و البشرية، مطبعة شفيق، بغداد،١٩٧٣، ص ٣٢١.

(٢) هادي رەشید الچاوشلی، الحياة الاجتماعية في كردستان، المصدر السابق، ص ١١١.

(٣) فەرهاد علي قورباني، چاوپێکەوتنی(٤)، سەرچاوەی پێشوو.

ئەوەی تێبینی کراوە لەسەردانی مەیدانیدا ،لەناو باخەکانیاندا کەمێك کشتوکاڵ دەکرێت، لە وانەی کە بۆ ژیانی ڕۆژانە پێویستە و هاوینەن، لە جۆری تەماتە وخەیار و باینجان و کولەکە و ترۆزی و کاڵەك و بیبەر و...هتد)، لە ڕاستیدا ئەمە گرفتێکی گەورەیە بۆ ئابوری وولات، نەمانی کشتوکاڵ لە گوندەکاندا، لە دەستدانی گەورەترین سامانی نەتەوەیی و نیشتیمانیە، کە ئەمەش کێشەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی گوند خاڵی ناوەندی کشتوکاڵ کردنە، لەگەڵ ئەوەشدا شار ، کیانێکە تەواوکەری ژیانی گوندە[1].

## ٢- ئاژەڵداری:

ئاژەڵ ،یەکێکە لەو دروستکراوانەی کە مرۆڤ لەسەرەتای ژیانیەوە هەوڵی ئەوەی داوە کەسودی لیٚ ببینێت لە چەندین لایەنەوە، چ وەك خۆراك و پێداویستیەکانی بێت، یان بەکارهێنانی بێت لە کاروبارەکانی ڕۆژانەی دا، بەشێوەیەکی پلە بەندی دۆزینەوەکانی دیکە شوێنی ڕاوشکاریان گرتەوە، کە یەکەم ماڵی کردنی ئاژەڵەکانە، بەتایبەتی ئاژەڵە گەورەکانی وەك مانگا و بزن[2]، کە ژینگەی هاوار هەموو ئاژەڵێك تیایدا نا گونجێت، بەهۆی سەختی و ساردی ناوچەکەوە، لە سەردەمانی کۆنی هاواردا زۆر گرنگیان بە ئاژەڵ بەخێو کردن داوە، وەك خۆیان باسی دەکەن زیاتر جۆری (بزن) یان بەخێوکردووە، چونکە بەرگەی سروشت و سەختی ناو چەکەیان گرتووە، لە هاواری کۆندا هەر ماڵێك خۆی شوانی ئاژەڵەکانی خۆی کردووە ، بە هۆی زۆری ژمارەی ئاژەڵەکانیانەوە، کەمترین ماڵ ئاژەڵیان کەمبووە و تێکەڵیان کردووە، بەڵام لە هاواری تازەدا بە پێچەوانەوە، جێگای گونجاویان نەبووە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵی زۆر، بۆیە لە هاواری کۆن ئاژەڵیان کەمتر بووە، لە ئێستادا هیچ جۆرە ئاژەلێك لە گوندەکەدا نابینیت، کە بەخێوبکرێت لەلایەن دانیشتوانی هاوارەوە، ئەمەش کارەساتێکی ئابوری دیکەیە بۆ نەتەوە و نیشتیمان و داهاتی وولات، چونکە نەتەوەیەك کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی تێدا نەبێت، ئێستاو داهاتوشی نادیار دەبێت.

ئاژەڵەکانی دیکەی وەك (ئێستر، گویٚ درێژ، گاجووت) هەبووە، بەڵام ئێستا لە ناو چوون و نەماون ،هیچ کەسێك لە هاواردا لەم ئاژەڵانەی نیە، چونکە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و زەوی کێڵانیان نەماوە، تا بەکاریان بهێنن،بۆیە بەخێوکردنی ئەمجۆرە ئاژەڵانەش نابینرێت لە گوندەکەدا

---

(١) قيس النوري، الانثروبولوجيا الحضرية بين التقليد و العولمة، المصدر السابق، ص ٦١.

(٢) حسين علي الداقوقي، مباديء علم الاجتماع، المصدر السابق، ص ٨٨– ٨٩.

تەنها لە كاتی بنێشت كردندا چەند گویَ درێژێك دەهێنرێن بۆ كاركردن، لە پاشدا ئازاد دەكرێن تا ساڵێكی تر كە كاریان پێی هەبێت.

ئاژەڵی كێوی لەم گوندەدا زۆرە، لەوانە (بزنە كێوی، كەروێشك، ڕێوی، بەراز، دەڵەك، سمۆرە، سوچەڕ، چالەكە، ژیژك) وچەند جۆرێكی تری ئاژەڵەكان، هەروەها ئاژەڵە مەترسیدارەكانی وەك (گورگ، پشیلەی كێوی، چەقەڵ، پڵنگ، بەوەرز) هەیە،(سەگڵاوی) لە نێو باخەكاندا چەندین جار بینراوە، ئەمانە سودی ئابوریان لیَ بینراوە، وەك خۆراك یان فرۆشتنی پێستەكانیان لەنێو بازاڕدا،بەتایبەتی پێستی دەڵەك و ڕێوی كە وەك خۆیان دەڵێن پارەی زۆر باشی كردووە بۆیان، بۆیە زۆر ڕاویان كردوون.

جۆری هەموو باڵندەكان بەخێوكراوە (مریشك، قەل، قاز، مراوی) كە بۆ گۆشت و هێلكە سودیان لیَ بینراوە، باڵندە كێویەكانی وەك (كەو، پۆڕ، سوێسكە، كۆتر، داڵ، قەلە ڕەش، قەلە باچكە، كوندە پەپو، شەروەلە)، چەندین جۆری دیكەی باڵندە، كە بەپێی وەرزەكان جۆرە كانیان دەگۆڕێت.

ئێستا تەنها ئاژەڵ و پەلەوەرە كێوییەكانی تێدایە، ئەمەش یەكێكە لەگرفتە ئابوریەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كە گوندێكی دێرینی كوردستان، تەنها یەك ئاژەڵی تێدا نەبێت و لە سامانی پڕ خێری ئاژەڵ و كشتوكاڵ بیَ بەش بێت!

## ٣- پیشەسازی:

ئابوری هەر کۆمەڵگایەك سنورداره ،بەو دەرامەت و زانیاریانەی کە لەسەر تەکنولوجیا هەیەتی [1]، بێگومان کشتوکاڵ کردن، پێویستی بە ئامرازی بەرهەم هێنان هەیە، ئەو ئامرازانە لە (دار، بەرد، کانزاکان) دروستکراون، بە درێژایی مێژوو بەپێی پێویستی گۆڕانیان بەسەردا هاتووه، هەموو ئامراز و کەرەستە جۆر بە جۆرەکانی بواری بەرهەم هێنان دەگرنەوه، کە پێویستن بۆ ژیان لە کاتی ئاشتی و شەڕدا، لەکۆن و لە نویٔ دا[2]، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە کاری بەرهەم هێنانی شتەکانیدا ناتوانێت ئەندامەکانی لەشی و ئامرازەکان بە تەنها بەکار بهێنێت، هەتا ئەگەر کەسانی دیکەش هاوکاری بکەن، بە ئامرازەکان و جەستەیان، بۆیە ناچاربوو نوێگەری لە ئامرازەکاندا بکات، بۆ ئەوەی پشتیان پیٔ ببەستێت، ئەمەش ڕیٔ نوێنی کرد بۆ پیشەسازی ئامرازەکان بە تێپەڕ بوونی سەردەمانێکی زۆر[3].

ئەو پیشانەی لە گوندەکەدا هەبووه، هەموویان دەستی وسادە بوون ، کەرەستە خاوەکانیان، بریتی بوون لە (دار، بەرد، خۆڵ یان قوڕ، بەرهەمە ئاژەڵیەکان بە گشتی، بەرهەمە ڕووەك یەکان)، لە دار خانوو کەلوپەلی ماڵێان دروستکردووه، وەك (کەوچك، کوڵەکەی خانوو، شانە، دەفر، بەفرماڵ، پنە، تەشی، نانەشان، کورسی، گۆچان، یەرەقی زەوی کێڵان...هتد) ، لە خۆڵ یان قوڕ دەفرو شتی جوانکاری نێوماڵ و چەندین کەرەستەی جوانیان دروستکردووه و سودیان لیٔ بینیوه، لەبەرهەمە ئاژەڵیەکانیش خوریەکەیان بۆ ڕستن و چنین بەکار هێناوه، وەك دروستکردنی جلی (شاڵ) ، هەروەها جۆرێکی تر قوماشیان ئامادە دەکرد کە پێیان دەوت (چاو)، کە زیاتر جل و بەرگی ژنانە یان لیٔ دروست دەکرد، (جاجم و مەوج و گوریس ) کە هەموویان وەك پێداویستیەکانی نێو ماڵ سودیان لیٔ بینراوه، هەروەها لە پێستی ئاژەڵەکانیش (مەشکە ،کونەی ئاو) دروستکراوه، بێجگە لەوەی لە چارەسەری شکاویشدا زۆر جار بەکاریان هێناوه، لە بەردیش خانوو، شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵەکان، ئاگردان، دۆڵی گەنم و جۆ هاڕین، دەستهاڕ، بەردی ئاشیان دروستکردووه، جۆرێك بەردیش بەکارهاتووه بۆ ئاگرکردنەوه، کە بە (بەردە ئەستیٔ) ناو براوه، ماددەکانی ئاسن ومس و قوڕقوشمی تێدا نەبووه تا بەکار بهێنرێت و سودی لیٔ ببینرێت.

(١) ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، بنەماکانی زانستی ئابوری، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١، ل ٢٢.

(٢) عیززەت فەتاح حەمە سالح، هەورامان توێژینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنثرۆپۆلۆجی، سەرچاوەی پێشوو ،ل١١٠ –١١١.

(٣) حسن الساعاتي، علم الاجتماع الصناعي، المصدر السابق، ص ٤٧.

لە پیشەسازیە خۆراکیەکاندا دەستێکی باڵایان هەبووە، توانیویانە خۆراکە بەرهەم هاتووەکان بگۆڕن، بۆ ئەوەی سودی زیاتری لیٚ ببینن لە وەرزەکانی تردا، وەك دروستکردنی (ڕووبی هەنار، دۆشاوی توو)، کە لە بەرهەمەکانی هەنارو توو دروستیان کردووە، لەبەرهەمە ئاژەڵیەکانیش، توانیویانە (دۆ وشکە، کەشك، دۆینە، ڕۆن، کەرە، دۆ، ماست، پەنیر، قەیماخ..هتد) دروست بکەن، هەندێکی تر یان بە ووشك کردن هەڵدەگیران، بۆ وەرزەکانی تر ، کە ئەو بەرهەمانە لەو وەرزەدا نەبووە بۆیە لەم ڕێگەیەوە پارێزراون ،لەخراپ بوون وەك جێگرەوەی پیشەسازی لە قوتونانی ئێستا بوون ، لەوانە (هەنجیر، مێوژ، تەماتە، بامیٚ، لۆبیا، قەیسی، توو...هتد)، چەندین جۆری دیکەی خۆراك کە بۆ زیاتر مانەوە و سود لیٚ وەرگرتنی بە چەند قۆناغێکی گۆڕانکاریدا دەیانبردن تا لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا پێداویستیەکانی خۆیانیانی پیٚ پڕ بکەنەوە، کە ئەمەش ژیری و هۆشیاری دانیشتوانی گوندەکە دەردەخات لەلایەك، سەختی جوگرافیایی گوندەکە و ناچار کردنی دانیشتوانەکەی کە بۆ خۆراك ئامادەکردن لەوەرزە جیاوازەکاندا، لە ڕێگەی گۆڕانکاری کردن لە شمەکەکانیاندا، بتوانن لە دوانزە مانگەی ساڵدا خۆراکە جۆربەجۆرەکان دابین بکەن بۆ خۆیان، ئەمەش ئێستا لەڕێگای پیشەسازی لە قوتونان یان سارد کەرەوە و ڕیگای دیکەوە ئەنجام دەدرێت و ئەو خۆراکانە دەپارێزرێن.

پێداویستیەکان، هۆکاری سەرەکی بوون لە ناچارکردنی دانیشتوانی ، بۆ ئەوەی پەنا بۆ ئەو پیشەسازی گۆڕینی خۆراکە ببەن، تاوەکو بتوانن پێداویستی دوازدە مانگ، لە چەند مانگێکدا بە دەست بهێنن. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.

چاو پێکەوتنی ژمارە (٧)

پرسیار: ئەو پیشە سازییانەی لە هاواردا هەن کامانەن؟

وەڵام:زۆر پیشەوەر هەبوون، پێداویستیەکانی گوندەکەیان دابین دەکرد هەندێکی دیکەیان پێداویستی بنەڕەتی بوون، وەك خۆراك کە کەرەستە خاوەکانی ئاژەڵی و ڕووەکی بەکار دەهێنران، ڕستن وچنین پیشەیەکی گرنگ بوو، هەموو ماڵێك لە خوری و مووی ئاژەڵەکانی، لێفە و جاجم و پێخەف و گوریس و چیخ کە بۆ کەپر هاوینان دروست دەکران، لە هەڵەبجە و تەوێڵەوە خوری بزنی مەرەزیان دەهێنا، بۆ ڕستن ودروستکردنی جۆرەکانی جل و بەرگ و پێداویستی تر، ئەو کەسانەی زۆر شارەزابوون (ئامینە تۆفیق بارام، خاسیٚ هەیاس حمەعزیز)بوون، کڵاش دەچنرا و بەکاردەهێنرا، شیری ئاژەڵەکانیش هەموو بەرهەمە شیریەکانی لیٚ دروست دەکرا، (ماست، دۆ، ڕۆن، کەشك، پەنیر، دۆینە، دۆوشکە، کەرە)، هەر ساڵێکیش بەرهەمەکان باش نەبوایە، کەم دەرامەتی بووایە، بەڕوو کۆدەکرایەوە، دەهاڕراو دەکرا بە ئارد ، پاشان نانی لیٚ دروست دەکرا، هەتا ساڵانی (١٩٤٥)، بەردەوام

به تێکەڵی  یان خۆی تەنها کراوە بە نان  کە بەنانی بەڕوو ناودەبرا[1]. کەواتە سەردەمانێکی زۆر توانیویانە ململانێ لەگەڵ سروشت و بەرهەمەکانی دا بکەن بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانیان، کە ئەمەش ناچاری کردوون پەنا بۆ شێوازە پیشەسازیە خۆماڵیەکان بەرن ،تابتوانن پشت بە بەرهەم وداهاتەکەی ببەستن، کە ئەگەر ئەمە بەردەوام بوایە ،ئەوا داهاتوی ئابوری کوردستان زۆر بەهێز دەبوو،پشتی بە بەرهەمە ناوخۆییەکانی دەبەست و لە ژێردەستەیی ئابوری وولآتانی دەرودراوسێ ڕزگار دەبوو، داهاتێکی ئابوری باش بوو بۆ هەرێمی کوردستان کە ژیان وگوزەرانی خەڵك بەم جۆرەی ئێستا خراپ نەدەبوو، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئەو هەموو قەرزاریە نەدەبوویەوە و پێویستی بە پاشەکەوتی زۆرەملێ نەدەبوو، خەزێنەو مەخزەنەکانی حکومەت بەتاڵ نەدەبوو، نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان نەدەگەیشتە ئاستێك کە ئەو هەموو خۆپیشاندان و ناتەبایییە لە نێوان خەڵك و حکومەتدا دروست ببێت و گوزەرانی خەڵك بەو شێوەیەی لێ بێت کە ئێستا دەبینرێت.

---

(١) شاناز مارف ئەحمەد، چاوپێکەوتنی ژمارە (٧) ، ژنی ماڵەوە ، تەمەن ٨٣ ساڵ ، هەڵەبجە، بەرواری ٢٠١٦/٣/١٤.

## باسی دووەم:سەرچاوە دەرامەتی و بژێویەکانی تر:

گوندەکە بێجگە لەو لایەنانەی لە پێشەوە باسکران، چەند چالاکیەکی دیکەی ئابوریان، لە سنورەکەدا هەیە،کە بریتی یە لەمانەی خوارەوە:

### ١- بازرگانی:

بازرگانی بەشێکی لایەنی ئابورییە، ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتەکانی ژیانی ئابوری، لەسەر بنەمای وەرگرتن و پێدان دامەزراوە[١]، هەروەها زیادەی پێداویستیەکانە بازرگانی ئاڵوگۆڕە، لە بەرهەمە زیادەکانی ناوخۆیە کە زیادن لە پێداویستیەکان، ئاڵوگۆڕ لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکە دروست دەکات، بەرامبەر بە بەرهەمێك کە لەو کۆمەڵگا خۆجێییەدا دەست ناکەون[٢]، بەو جۆرە بازرگانی ئاڵوگۆڕی شمەك و کارە خزمەتگوزاریەکانە، لە نێو و وڵاتان و گەلاندا لە کۆن و لەنوێدا ڕووی داوە[٣].

بازرگانیش ئاشکرایە کە دوو جۆرە، بازرگانی دەرەکی وناوخۆیی، بازرگانی دەرەکی بریتی یە لە و ئاڵوگۆڕەی، لە نێوان دوو ووڵات یان لەنێوان وڵاتێك وچەند ووڵاتێکی تردا، کە لەسنورە سیاسیەکاندا ڕوودەدات[٤]، بازرگانی ناوخۆش ئەو ئاڵوگۆڕەیە ، کە لە ناوخۆی ووڵاتدا ڕوودەدات .

گوندی هاوار کۆمەڵگایەك بووە کە کشتوکاڵ و ئاژەڵدار بوون، بۆیە بەرهەمی زۆریان هەبووە ، کە لە پێداویستی خۆیان زیاد بووە، لێرەوە دەستی بە شمەك گۆڕینەوە و بازرگانی کردن کردووە، لەگەڵ هەورامان و هەڵەبجە و خانەقین و کەلار و تا دەگاتە بەغداد وەك بازرگانی ناوخۆیی، سەرەتا لە ناوخۆدا بازرگانی ئاڵوگۆڕیان دەکرد، بەڵام شوێنی جوگرافی هاوارکەلەسەر سنوری ئێرانە، ڕێگا خۆشکەر بووە بۆ بازرگانی دەرەکی ،لە ئێستادا بەشێوەی نایاسایی (قاچاخ)بازرگانی دەرەکی ئەنجام دەدەن،دواتر باس دەکرێت .

### أ- بازرگانی ناوخۆ:

بازرگانی ناوخۆ لە کوردستاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەتایبەتی لە نێوان گوند و شارو شارۆچکەکاندا، بە هۆی جیاوازی پێداویستیەکان و بەرهەمەکان لەو نێوەندەدا، چەند بەرهەمێك

---

(١) قيس النوري، الانثروبولوجيا الاقتصادية، المصدر السابق، ص ١٣١.

(٢) قيس النوري، المدخل الي علم الانسان، المصدر السابق، ص ١٦٣.

(٣) عبدالمنعم السيد علي،مدخل في علم الاقتصاد – مباديء الاقتصادالكلي،المكتبة الوطنية-بغداد،١٩٨٤، ص ٢٠٨.

(٤) ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، بنەماکانی زانستی ئابوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٧.

هەبووە  کە زیاد لە پێداویستیەکانیان  بووە،لەگەڵ  ناوچە دوورو نزیکەکانی هەرێمی کوردستان وناوەڕاستی عێراقدا، بازرگانی  و ئاڵوگۆڕیان  کردووە، تا بتوانن پێداویستیەکانی خۆیانی پێ پڕ بکەنەوە، لەناوخۆدا شمەکەکانی زیاتر بۆ تەوێڵە و هەڵەبجە دەبران، وەك (گەنم، جۆ، هێلکە، ڕۆنی زیاد، گوێز، توو...هتد)، پاشان هەندێك جاری دیکە شمەك دەبرا بۆ، خانەقین و پێوازو گەرمیان بە گشتی، هەموو ئەم کارانە بە ئاژەڵە باربەرەکان دەکران، شمەکەکان دەفرۆشران بە پارە یان دەگۆڕڕانەوە بە شمەکی دیکە، وەك (جل وبەرگ، خوێ، برنج) ئەگەر ساڵێك گەنم وجۆ کەم بووایە ، دەگۆڕڕانەوە بە گەنم وجۆ، فرۆشتنی ئاژەڵەکان زیاتر لە هەڵەبجە و گەرمیان بوو، بەرهەمە ئاژەڵییەکانیش وەك (دۆ، دۆ وشکە، ماست، کەرە...هتد) لە تەوێڵە بوو ، چونکە نزیك بوو لە هاوار، بەرهەمی باخەکانیش دەگوازرانەوە بۆ هەڵەبجە و دەفرۆشران ، یان دەگۆڕڕایەوە  بە  ئالیکی ئاژەڵ وەك (گزرە و کا) ، کە لە هاواردا کەم بوو.

چالاکی ئابوری ، بێجگە  لە  کشتوکاڵ و ئاژەڵداری وبازرگانی، بریتی بووە لە بنێشت کردن لە داری  قەزوان (دارەبەن)، خەڵکی بەیەکێ لە چالاکیە ئابوریە پڕ بایەخەکانی خۆیانی دەزانن، چونکە سودێکی  ئابوری گەورەی هەیە بۆیان، ئێستاش لەم چالاکیە ئابوریە بەردەوامن،  چڕترین ناوچەی دارستانی دارەبەنە لە هەورامان و هەڵەبجەدا، دانیشتوانەکەی شارەزایی و لێزانیەکی تەواویان لەو کارەدا هەیە، بەرهەمی دارەکەش کە قەزوانە بە فەریکەی (بەتەڕی) دەفرۆشرا، بۆ ناو دۆو ووشك کردنی بۆ ناو ترشیات و هەندێ  چارەسەری  نەخۆشی  بەکار دەهێنرا، کاتێکیش کە شین دەبوو دیسان دەفرۆشرا بە سوێرکردنی یان هەر بەشینی، بنێشت کردن کارێکی قورس و گرانە و لێزانینی زۆری پێویستە، ئەویش بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت ، وەك لە وێنەکانی ژمارە (٤-٧)دا پیشاندراوە، بەهۆی فرۆشتنی بنێشت و چوالەوە لەساڵی (١٩٤٥)، لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە مۆڵەتی بازرگانی درایە گوندی هاوار[1]، ئێستاش سەدان کیلۆ بنێشت ساڵانە دەهێننە بازاڕەکان و دەیفرۆشن.

بازرگانی کردنی داری چنار و جۆرەکانی دیکەی کە لە پیشەسازیەکانی خانوو بەرەو دەرگا و پەنجەرە و کەل و پەلی نێوماڵدا بەکاردێن، یەکێکی دیکە یە لەو بازرگانیانەی کە لە هاواردا مێژوویەکی دێرینی هەیە ، تا ئێستاش لە ناو شاری هەڵەبجەدا زۆربەی دار فرۆشەکان خەڵکی ئەم گوندەن، کە زیاتر داری چنار دەفرۆشن، چنار بە( میوانی باخ) ناو دەبەن، بۆ کارێکیش داهاتی  زۆری بویستایە و توانایان نەبوایە دەیانگوت (خۆباخە چنارم نە فرۆشتووە) واتە هێندە داهاتی  هەبووە.

---

(١) رمضان همیرخان (کۆساری) ، هاوار و هاواریەکان، سەرچاوەی  پێشوو، ل ١٧.




**وێنەی ژمارە(٤) قۆناغی یەکەمی بنێشتکردن(کۆچەڵە بەستن).**





**وێنەی ژمارە(٥) قۆناغی دووەم (لەلە*) کردن.**

---

***لەلە کردن: زامدار کردنی دارقەزوانەکە،بۆ ئەوەی بنێشتەکەی بێتە دەرەوە، تا کۆتایی کار دووجار ئەنجام دەدرێت.**




وێنەی ژمارە (٦) قۆناغی سێیەم(کۆکردنەوەی بنێشت).




وێنەی ژمارە (٧) قۆناغی کۆتایی(کولاّن وپاڵفتەکردنی بنێشت) .

لەدێر زەمانەوە کڕین و فرۆشتنی داریان کردووە، تەختەی (سورەچنار) یان چنار کە درەختێکی بۆ نخۆشی جوانی ڕۆژهەڵاتیانەیە، لەو ناوچە شاخاویانەی کە (سنە) لە کوردستانی تورکیا جیا دەکاتەوە...، بە تایبەتی لەناوچەکانی (جونرۆ) و دۆڵی (هاوار)، کە دۆڵێکی چیاکانی هەڵەبجەیە، دەبڕرین و دەقڵیشێنرێن...، لە پێشدا دارەکان دەبڕن و ڕووتیان دەکەن و ساڵێك، دوو ساڵ وازیان لێ دەهێنن تا ووشك دەبنەوە، ئەوسا لە کاتی ئاو هەڵساندا، لە نزیکترین جێگایەکدا دەیانخەنە ئاوێکەوە، کەتا لای دیالە سەر ئاو بکەوێ...، ئیتر کە دەگەنە دیالە وازیان لێ دینن[1]، دیارە کە ئەو ئاوە ڕووباری سیروان بووە، وەك ڕێگای ئاوی سودیان لێ وەرگرتووە بۆ گواستنەوەی چنار، چونکە لەو کاتانەدا بەست و بەنداوەکان نەبوون، بازرگانیان لەگەڵ بەغداد کردووە، لە پیشەسازیەکانی دار وتەختە و کەل و پەلەکاندا بەکاریان هێناوە.

داری بەڕوو بەهەمان شێوەی دارەکانی دیکە، سودێکی ئابوری گەورەی هەبووە، بەرهەمەکانی بازرگانی پێوە کراوە، لەوانە دروستکردنی (خەڵوز، گەزۆ)، کە دەبرا نە شارو شارۆچکەکان و دەفرۆشران، بەرهەمی بەڕووەکەش کۆدەکرایەوە و دەفرۆشرا و گەڵا و لقەکانیشی هاوینان کەپری پێ دروست دەکرا، زستانانیش دەدرایە ئاژەڵەکانیان بە تایبەتی لە ڕۆژانی بەفربارینێدا، وەك خۆراکیش بەکار هاتووە، (جەوتەکەشی)* بۆ خۆشە کردنی پێستە بەکار هاتووە، فرۆشراویشە لە هەڵەبجە.

گژوگیا سروشتیەکانیش وەك کنگر و گێلاخە و بەڕەزا و تۆڵەکە و کوزەڵە و... هتد، سودی ئابوری لێبینراوە، دەبرانە بازاڕەکانی هەڵەبجە و دەفرۆشران، بەرهەمی درەختەکانی وەك چوالە و گۆێژ و بڵاڵوك و هەندێ بەرهەمی دیکە، کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا وسودێکی ئابوری بۆ دانیشتوانی هاوار هەبوو، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە چاوپێکە وتن ئەنجام دراوە.

چاوپێکەوتنی ژمارە (٧)

پرسیار: بازرگانی هاوار لەگەڵ دەوروبەردا، چۆن بووە؟

وەڵام: لەگەڵ هەڵەبجە و شارەکانی تردا، کڕین و فرۆشتنمان زۆر بووە، بۆ شارەزوور بەرهەمەکانی وەك (هەنجیر، ڕووبە هەنار، ترشە هەنار، توو، گوێز، گەزۆ) وشتی تر دەبران و دەفرۆشرا، بۆ خانەقین وپێوازو گەرمیانیش(ڕۆن، هەنار،توو، گوێز)دەبران ساغ دەکرانەوە، ئاژەڵیش لە هەڵەبجە و گەرمیان

---

(١) کلاودیوس جەیمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆکوردستان١٨٢٠،لەعەرەبیەوە محەمەد حەمەباقی، چاپخانەی شڤان،٢٠١٢،ل ١٢٤.

*جەوت کلاوی بەڕووە، کە لە پایزدا پێدەگات ولە بەڕووەکە جیا دەبێتەوە، لەزۆر بواری جیاوازدا سودی لێ بینراوە.

دەفرۆشران ، باخە چناریش زۆربەی جار لەباخە کاندا دەفرۆشرا، یان پاش بڕین و پاك کردنیان دەبرانە هەڵەبجە و دەوروبەر دەفرۆشران[١]

## ب- بازرگانی دەرەکی:

پاش وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی، کە لە پێشتردا باسکرا، پێش ئەوەش بازرگانیان لەگەڵ وولآتی ئێراندا دەکرد، بەتایبەتی هێنانی کالآی ئێرانی وبردنی کالآی بیانی وعێراقی بۆ ئێران، هەروەها کڕینی بنێشتی کوردی زۆرینەی سنورەکانی ئێران وهێنان وفرۆشتنی لە بازاڕەکانی هەڵەبجە و سلێمانی دا، لە ئێستاشدا ئەو بازرگانیە لەم سنورەدا بەردەوام هەیە وپشتی پێ دەبەسترێت لەلایەن زۆرێك لە دانیشتوانی هاوارلە مەرزی. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.

چاوپێکەوتنی ژمارە (٧)

پرسیار: ئایا بازرگانی لەگەڵ ئێراندا دەکرێت؟ شمەکە ئاڵوگۆڕ کراوەکان چین؟

وەلآم: بەڵێ بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی وبوونی ڕووبەرێکی فراوانی سنوری لەگەڵ ئێراندا, ئاڵوگۆڕو بازرگانی لەم سنورەدا دەکرێت، شمەکەکان کە لە هەرێمەوە دەبرێن، زیاتر جگەرە وکەل و پەلی کارەبایی وهەموو جۆرەکانی مۆبایلن، و ئەو کالآیانەشی دەهێنرێن وەك، گوێزو کشمیش وقەیسی ومادده پلاستیکیەکان بە گشتی، هێنانی نەوتی سپی وبەنزینی ئێرانی بەڕێگەی قاچاخ (نایاسایی)، چونکە ئەم مەرزە هیچ ڕەسمیە تێکی لە ڕووی یاساییەوە نیە![٢]

لە سەردانی مەیدانیدا بۆ سنورەکە، سەردانی شوێن وڕێگای ئاڵوگۆڕی بازرگانی سنورەکە کرا،ژمارەیەکی زۆر بارهەڵگری بچوك وگەورە دەبینران، کە باریان بۆ سنورەکە دەبرد، ڕێگایەکی زۆر تەسك وترسناك کە لە زۆربەی شوێنەکانی دا تەنها یەك ئۆتۆمۆبێل توانای دەرچونی هەیە، شمەکەکان دەبرانە زەویەکی تەخت و دادەنرا ، کە دونیا تاریك دەبوو ژمارەیەك وولآخی باری لە ئێرانەوە دەهاتنە لای شمەکەکان ! کالآی ئێرانیان پێ بوو،دایان دەگرت وکالآکانی دیوی عێراقیان دەبردەوە سنوری ئێران، لە چیای شنرویێشەوە لە (بەفری میری) یەوە، توێژەر چاودێری دەکرد کە زۆر باری جۆراو جۆر دەبرێت بۆ ئێران بەڕێگەی نایاسایی. لە کۆتایدا دەکرێت بوترێت: شوێنە کەی دەروازەیەکی دیکەی گرنگی بازرگانی دەرەکیە بۆ هەرێم.

---

(١) شانازمارف ئەحمەد،چاوپێکەوتنی ژمارە( ٧) سەرچاوەی پێشوو.

(٢) نەوزاد فائق صالح، چاوپێکەوتنی ژمارە(٨)، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی،٥٠ساڵ تەمەن، هەڵەبجە بەرواری ٢٠١٦/٣/١٥.

### ٢- ئاڵوگۆڕ _ شت بە شت (Barter):

**شت بە شت بریتی یە لە: ئاڵوگۆڕکردنی ڕاستەو خۆی کالأیەك بە کالأیەکی تر، لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا شت بە شت گۆڕینەوە دیاردەیەکی باوبوە، بۆنموونە گەنم دەگۆڕایەوە بە هەنگوین وهێلکە وگۆشت لە کوردستان، لە کوردستانی خۆشمان شت بە شت گۆڕینەوە هەبوە، وەك گۆڕینەوەی هێلکەو گەنم بە پێداویستیەکانی تری ژیان، وەك شەکرو ڕۆن و ...هتد[1].**

**هەندێ لە گوندییەکان لە مامەڵەکانیاندا لەگەڵ خەڵکی شارەکان، پەنایان بۆ ئاڵوگۆڕی شت بە شت بردووە، دەچوونە شارە نزیکەکانیان بۆ گۆڕینەوە ی ماست و پەنیرو ڕۆن وهێلکە بە چایی وشەکرو صابوون[2]، وەگۆڕینەوەی دیاری (الهدایا) ، لە پێشینەترینی چالاکیە ئابوریەکانە کە گۆڕاوە بە بازرگانی ، لە پاشاندا تا ئێستاش لە نێوان هەندێ لە گەلە سەرەتاییەکاندا ، ئاڵوگۆڕ هەرماوە وپاشان کە شارستانیەتەکان پێشکەوتوون ، وای کردووە کە پێداویستیەکی زۆریان بە ئامڕازەکانی هەبووە بۆ ڕێژەی کەل و پەلەکان ودانانی نرخەکان بە ووردی، لێرەوە سیستەمی کێشانەو نەقدو پێوانە دەرکەوتن [3].**

**لەم گوندەدا ئاڵوگۆڕی شت بە شت هەبووە، دوو ئاشی تێدا بووە، ئاشی سەروو ئاشی خواروو، لە (چەمی ئاشیدان) کە بەهۆی بوونی ئاشەکانەوە تیایدا بەو ناوە ناسراوە، زۆرجار لە جیاتی کرێی هاڕینەکەی خاوەن ئاش گەنم یان جۆی وەردەگرت کەبە (مزە) ناوبراوە، زۆرینەی جاریش شمەکەکانیان بردوەتە شارو شارۆچکەکانی دەوروبەر و شت بەشتیان پێ دەکرد ، وەك گۆڕینەوەی هێلکە و بەرهەمە ئاژەڵیەکان بە شەکرو صابون و خوێ وشمەکی تر. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.**

**چاوپێکەوتنی ژمارە (٩) .**

**پرسیار: ئایا لە هاوار شت بەشت کراوە لەگەڵ دەوروبەردا ؟ شمەکەکان چی بوون؟**

**وەلأم: بەڵێ شت بەشت کراوە، بەتایبەتی لەگەڵ گوندەکانی دراوسێ وشارۆچکەکاندا، تەنانەت لەگەڵ گەرمیاندا کە دوو کەسی گوندەکە بە ناوەکانی( خواکەرەم –شاکەرەم)و (علی قوربانی)، بەهۆی گەرماوە لە ناوچەی پێوازی گەرمیان گیانیان لە دەستدا، شت بە شتیان کردبوو ، شمەکەکان کە**

---

**(١) ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، بنەماکانی زانستی ئابوری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.**

**(٢) حسن الساعاتی، علم الاجتماع الصناعی، المصدر السابق، ص ٢٣٤.**

**(٣) حسین علی الداقوقی، مبادئ علم الاجتماع، المصدر السابق، ص ٩٢- ٩٣.**

دەبران بۆ گۆڕینەوە ، وەك ( میوە، توو، ترش، جەوت، هەنار، شتی تر) كە زیادبوو لە پێداویستی خۆیان،دەبرانە ئەو شوێنانەو دەگۆڕانەوە بە گەنم وجۆ وچایی و شەكر و خوێ وصابوون وپێداویستی تر، لەگەڵ هەڵەبجەو هەورامانیشدا زۆر جار شت بە شت كراوە بە پێی پێویست[1].

## ٣- گەشت وگوزار:

گەشت وگوزار یەكێكە لە ڕێگاكانی گەشەی ئابوری، زۆرێك لە وولاّتانی جیهان، لەناو زۆر لەگەل و نەتەوەكاندا گرنگی ئابوری و كلتوری خۆی هەیە ، زۆرێك لەو گەل و نەتەوانەی كە ئە نسرۆ پۆلۆجستەكان توێژینەوەیان لەسەر دەكەن كاریگەریەكی زۆری گەشت وگوزاریان بە پلەی جیاواز لە سەرە، بەڵكو گەشت وگوزار لە هەندێ كاتدا دەبێتە هۆی كرداری گۆڕانكاری ڕیشەیی لە بارودۆخە ئابوری و كۆمەلاّیەتیەكاندا لەو كۆمەڵگایانەدا[2].

سنورەكە ناوچەیەكی شاخاویە، سروشتێكی جوانی هەیە لە بوونی كانی و كانیاوەكان و دارستانی چڕو پڕی ناو چەم وباخ وچیاكان، فێنكی ئاوو هەواكەی ، هۆكارێكی هاندەرن بۆ ڕاكێشانی گەشتیاران، هەروەها لە ڕووی ئاینیەوە، كە زۆرێك لە مەزار وگڵكۆی پیاوانی ئاینی كاكەیی تێدایە، وەك ناوەندێكی ئاینی كاكەییەكانە لە هەرێمی كوردستاندا وەك شوێن، تەنانەت زۆرێك لە گەشتیاران لە ئێرانەوە لەكاتی ئەنجامدانی توێژینەوەكەدا لە هاواردا بوون ،كە بەپیرۆزی لە خاكی هاواریان دەڕوانی وهاتبون بۆ ئەركی ئاینی خۆیان ، بەتایبەتی لە شارەكانی (كرماشان و سەحنە) كەدووشاری دەوڵەتی ئێرانن لە ڕووی ئاینیەوە زۆرێكیان یارسانن(كاكەیی)ن، لە ئێراندا بە (ئەهلی هەق ) ناو دەبرێن، بەپێی ووتەی هەندێكیان ساڵی ڕابردوو لە توركیاوە هاتوون بۆ سەردانی گوندی هاوار، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە گوندەكە شوێنێكی ئاینی پیرۆزی كاكەییەكانە ، بۆ ڕاكێشانی گەشتیاران ڕۆڵێكی گرنگی هەیە.

لە ماستەر پلانی نوێی پارێزگای هەڵەبجەدا، شوێنێكی گەشتیاری گرنگی پارێزگاكەیە، وەك لە نەخشەی ژمارە(٦) دا، پیشاندراوە كە لە بەرنامەدا بووە هەموو خزمەتگوزاریە گەشتیاریەكانی بۆ ئەنجام بدرێن، بەلاّم بە بیانوی قەیرانی دارایی هەموو خزمەتگوزاریەكان

---

(١) عەلوان رەحیم علی كەرەم، چاوپێكەوتنی ژمارە(٩) ، خانەنشین، تەمەن ٦٨ ساڵ ، هەڵەبجە، بەرواری ٢٠١٦/٣/١٧.

(٢) شارلوت سیمور- سمیث، المفاهیم والمصطلحات الانثروبولوجیة، المصدر السابق، ص ٣٤١.

وەستاون، بۆیە تا تەواوبوونی توێژینەوەکە هیچ جۆرە خزمەتگوزاریەك بۆ ئەو مەبەستە ئەنجام نەدراوە!

بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.

چاوپێکەوتنی ژمارە (٩).

پرسیار: لە ڕووی گەشتیاریەوە، لە چ ئاستێکدایە ؟


وەڵام: لەڕابردودا گەشتیاری وەك ئێستا نەبووە، خەڵکی گوندەکان تەنها خەریکی بژێوی ژیانیان بوون، گوندی هاواریش بەردەوام سوتان و ڕاگواستن و وێران کراوە، لەووڵاتی خۆمانداگەشت وگوزار چالاکیەکی ئابوری تازەیە، بۆیە لە کۆندا کەم بووە، بەڵام ئێستا خەڵکانێکی زۆر لە ناوەڕاست وخواروی عێراقەوە سەردانی دەکەن، بەتایبەتی لە وەرزەکانی هاوین وپایزدا، لە ئێرانیشەوە خەڵی سەردانی دەکەن ، شوێنی مانەوەشمان بۆ دروست کردوون، بە ناوی هۆڵی ( پیر ئیسماعیلی کەولانی) کە مەزارگەکەی نزیك بە هۆڵەکەیە، ئێستاش شوێنێکی گەشتیاری چاك دەکەین بەناوی (هەوارە بەرزە)، بۆیە ئێستا سەردانکەری گەشتیاری زۆرە.(١) پاش بەدوادا چوونی مەیدانی شوێنی گەشتیاری (هەوارە بەرزە ) تەواو بووە لە ئێستادا.

کەواتە گوندێکی گەشتیاریە،دانیشتوانەکەی چەندین داواکاریان پێشکەش بە دەزگا پەیوەندارەکانی پارێزگای هەڵەبجە کردووە، بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ گوندەکە، وەك هاندەرێك بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران بەلای خۆیدا، هەروەها بوونی سودێکی ئابوری گەورە بۆ گوندەکەو ساغ کردنەوەی شمەکە خۆماڵیەکان ، دەست خستنی داهاتێکی گونجاو بۆ زۆرێك لە دانیشتوانی سنورەکە بەگشتی و هاواریش بەتایبەتی دەستەبەر دەکرێت.

---

(١) عەلوان رەحیم علی کەرەم، چاو پێکەوتنی ژمارە (٩)، سەرچاوەی پێشوو.

نەخشەی ژمارە (٦) شوێنە گەشتیاریەکانی پارێزگای هەڵەبجە نیشان دەدات* .




---

* ئەم نەخشەیە لە بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزاری هەڵەبجە وەرگیراوە.

٤- **فەرمانبەرانی میری:** لەڕووی بەڕێوەبردنەوە، سەر بە شارۆچکەی بیارەیە لە پارێزگای هەڵەبجە، کارگێڕی و فەرمانبەری لە دەزگاکانی میریدا لایەنێکە لە لایەنەکانی پێکهاتەی ئابوری و پەیوەستە بە ژیانی خەڵکی لە ڕووی سەرچاوەکانی دەرامەت وبژێوی ژیانیان، کاتێك خوێندن و خوێندەواری دەستی پێکردووە، خەڵکی دیاری گوندەکە بە پەرۆشەوە پێشوازییان لێ کردووە، تەنانەت پێش ئەوەی قوتابخانە بچێتە گوندەکە، ئەو کەسانەی لە سەربازی و دەرەوەی گوندەکەدا فێری نوسین وخوێندنەوە بوبون، منداڵ وخەڵکانی تریان فێر دەکرد، لە ساڵی (١٩٤٨) دا، دەنگی خوێندنەوە تیایدا بیستراوە ، ئەویش بەهۆی ( عبدالرحمن هیاس) کەوا لە خزمەتی سەربازی فێری عەرەبی بوبو، خۆی دەیگۆڕی بۆ کوردی و دەینوسی و دەیخوێندەوە، لە (١٩٥٣/٩/١٥) دا قوتابخانەی بۆ کراوەتەوە، بەناوی (قوتابخانەی هاواری کوڕان)[1].

پاش کردنەوەی قوتابخانە، خوێندن وخوێندەواری بە بەردەوامی گرنگی زۆری پێدراوە، تا نەوەیەکی گوندەکە بە تەواوی لە خوێندندا گەیشتنە ئاستێکی باش، هەرچەندە باری سیاسی عێراق بەگشتی و گوندەکە بەتایبەتی بە سەردەمانێکی سەختدا ژیانیان دەگوزەران، بەلأم دانیشتوانی گوندی هاوار لە هەر شوێنێك بوبن ، پشتیان لە خوێندن و خوێندەواری نەکردووە، بۆیە ڕێژەیەکی زۆریان بڕوانامە یان هەیە لە ئێستادا، لە پلەی جیا جیادان لە فەرمانگەکانی میریدا لە هەڵەبجەو هەوراماندا،.

لە ڕابردوودا هەتا پێش ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١) ، ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانی فەرمانبەری میری بوون، زۆرینەی دانیشتوانی گوندەکە بە ئاژەڵداری وکشتوکاڵ وباخدارییەوە خەریك بون، بژێوی ژیانیان دابین کردووە، بەلأم لە ئێستادا هەموو فەرمانبەری میرین، کشتوکاڵ وئاژەڵداری بووەتە کارێکی لاوەکی لای دانیشتوانەکەی، تەنها یەك سەر ئاژەڵ لە هاواردا نابینرێت، باخداریش کاری سەرەکیان نیە ، هەر بۆیە تەنها هەوڵیان ئەوەیە کە باخەکان ووشك نەبن، چونکە بژێوی ژیانیانی لەسەر نیە، وسودێکی ئابوری ئەوتۆی لێ نابینن، کشتوکاڵیش کەم دەکرێت، چونکە زەویەکانیان بەزۆری گا کێڵە وسەختە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.

چاوپێکەوتنی ژمارە (٩)

پرسیار: دانیشتوانی هاوار چەندیان فەرمانبەرن ؟

---

(١) رمضان همیرخان ( کۆساری)، هاوار و هاواریەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

وەلاّم: لە كۆندا دانیشتوان زیاتر خەریكی ئاژەڵداری وكشتوكاڵ كردن بوون، ڕێژەیەكی زۆر كەم فەرمانبەری میری هەبووە، بەڵكو پشتیان بە كشتوكاڵ وباخداری وئاژەڵ بەخێوكردن بەست بوو، بەلاّم ئێستا (٩٠٪) ی فەرمانبەری میرین، لە دام ودەزگاو فەرمانگە جۆر بەجۆرەكاندان، كە بۆ ئابوری وولاّت و بەرژەوەندی نەتەوەیی زیانی هەیە، چونكە گوندەكان بە چۆڵی دەمێننەوە وئاوەدان ناكرێنەوە.[1]

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسكرا، ژمارەیەكی زۆری دانیشتوانی گوندەكە فەرمانبەرن، بەلاّم یەك فەرمانگە لە ناو گوندەكەدا نیە!! تەنانەت قوتابخانە و بنكەی تەندروستی، كە پێویستیەكی سەرەتایی هەرگوندێكە، ئەمە بێجگە لەوەی دەبێتە هۆی لەناوچونی گوندەكان و وون بوونی كلتورو داب ونەریتە ڕەسەنەكانی كوردەواری، هۆكارێكیشە بۆ ڕووخانی ژێرخانی ئابوری وولاّت .

---

(١) عەلوان رەحیم علی كەرەم، بەشێك لەچاوپێكەوتنی ژمارە (٩)، سەرچاوەی پێشوو.

## (بەشی سیٚ یەم)

## نەسەقی کۆمەلاٚیەت

باسی یەکەم: سەرەتایەك لە نەسەقی کۆمەلاٚیەتی.

باسی دووەم: هاوسەرگیری وجۆرەکانی.

باسی سیٚ یەم: خیٚزان وناونانی منداڵ وپیٚگەی باوك ودایك.

تەوەری یەکەم: خیٚزان و جۆرەکانی.

تەوەری دووەم: لە دایك بوون وناو نان وسەر سپاردنی منداڵ.

تەوەری سیٚ یەم: پیٚگەی دایك وباوك لە خیٚزاندا.

باسی چوارەم: پەیوەندییە خزمایەتیەکان.

تەوەری یەکەم: خزمایەتی وجۆرەکانی.

تەوەری دووەم: خزمایەتی ژن وژنخوازی (المصاهرة) .

تەوەرە سیٚ یەم: کارکردن وجل وبەرگ وکات بەسەربردن.

یەکەم: کاری بە کۆمەڵ وهاوکاری کردن .

دووەم: جل وبەرگ وکات بەسەر بردن .

# نەسەقی کۆمەڵایەتی

**باسی یەکەم:سەرەتایەك لە نەسەقی کۆمەڵایەتی:**

**هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆۋ لە کۆمەڵێك بەش پێك دێت، هەریەکەیان فەرمانێکی لە ئەستۆدایە، سەرەڕای جیاوازی فەرمانەکانیان، بەڵام کارلێك وبەیەکدا چونێك لە نێوانیاندا هەیە، کە سەرەنجام یەك پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پێك دەهێنن، پارێزگاری کردنی سنورو سەربەخۆیی ئەو کۆمەڵگایە لە ئەستۆ دەگرن.**

**ئەوەی گرنگە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا، ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە ئاڵوگۆڕ کراوەیە لەنێوان کەسەکاندا یان کۆمەڵە کەسانێکدا هەیە، چونکە فەرمانە کۆمەڵایەتیە گەورەکان ئەنجام نادرێت لە واقیعدا لە ڕێگای تاك سیستەمی کۆمەڵایەتیەوە، بەڵکو زۆرێك لە لایەنە جیاوازەکان بەشدارن تیایدا**[1].

**پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هەنگاوێکی سەرەکیە لە پێکهاتە و کارلێکەکانی ناو کۆمەڵگاکان، کە پێویستی بە ڕێکخستن ویاسایەك هەیە، چونکە کارلێکی نێوان کەسەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و ناڕێك نیە، بەڵکو ڕێکخەرێك هەیە، ئەو شێوانە دیاری دەکات لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، لە نێوان کەسەکانی یەك کۆمەڵگادا، هەروەها کەسانی دەرەوەی کۆمەڵگاکەش ، ئەو ڕێکخەرەی کردارە کۆمەڵایەتیەکانیش سیستمی کۆمەڵایەتیە (النظم الاجتماعیة)، رادکلف براون دەڵێت" لایەنی کۆمەڵایەتی ڕێگایەکی بابەتی کرداری کۆمەڵایەتیە، کە پێکهێنەری ئەو ئامرازەیە ولەڕێگەیەوە دەتوانرێ پێکهێنەری کۆمەڵایەتی جێگیرو بەردەوام ببێت"**[2].

**ئاشکرایە کە خزمایەتی پێکهێنەرێکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیە لە کۆمەڵگانەریت خوازەکاندا (التقلیدی)، هاوبەشیەکی زیندوو کاریگەرە لەگەڵ نەسەقەکانی دیکەی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە، بەو مانایەی هەر توێژەرێك هەوڵی تێگەیشتنی سروشتی پەیوەندیەکانی هەر کۆمەڵگایەکی تەقلیدی بدات، لەسەریەتی یەکەمین جار لە لایەنی خزمایەتی ئەو کۆمەڵگاتێ بگات**[3].

---

(١) احمد ابو زید، البناء الاجتماعی ، المصدر السابق، الجزء الاول، ص ١٤٦.

(٢) عاطف وصفی، الانثروبولوجیا الاجتماعیة، المصدر السابق، ص ١٩٨.

(٣) محمد الجوهری، الانثروبولوجیا أسس نظریة وتطبیقات عملیة، دار المعرفة الجامعیة، الاسکندریة– مصر،(د–س)، ص ٥٩٥.

گرنگی دان به بابەتی پەیوەندیە خزمایەتیەکان تا ڕادەیەك تازەیە، پێچەوانەی هاوسەرگیری وخێزان، لەگەڵ ئەوەی هاوسەرگیری وخێزان وادادەنرێ کە دەروازەیەکی سروشتیە بۆ توێژینەوەکانی نەسەقی خزمایەتی[1]. بابەتی خزمایەتی و ئەوەی پەیوەستە بە هاوسەرگیری و خێزان ناوەندێکی سەرەکی هەیە لە توێژینەوە کۆمەڵناسییەکاندا و بەتایبەت لە توێژینەوە ئە نسرۆپۆلۆجیەکاندا کە پلەیەکی گرنگی هەیە لە کۆمەڵگا تەقلیدیەکانی پێش پیشەسازی، چونکە دەورێکی گرنگی هەیە لە بە هەند گرتنی پەیوەندی خزمایەتیلە ژیانی ڕۆژانەیاندا،هەروەها دابونەریتی هاوسەرگیری وجۆرەکانی خێزان کە هەموونەمانە جێگای گرنگی پێدانی زانایانی کۆمەڵناسی وئە نسرۆپۆلۆجستەکانن[2].

لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی سەرەوە ، ڕاستیەك دەردەکەوێت، کە کەسەکانی ناو کۆمەڵگا کارلێك وپەیوەندیان پێکەوە هەیە، لە چوارچێوەی ڕێکخەرە کۆمەڵایەتیەکان دا لەنێو ئەو لایەنانەدا کە کۆمەڵگای لێ پێك هاتووە، هەموویان پێکەوە نەسەقی کۆمەڵایەتی پێك دەهێنن کە بەشێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵگا، ئەو دەزگاو لایەنانەی نەسەقی کۆمەڵایەتی پێك دەهێنن، لە ناو کۆمەڵگاکاندا جیاوازیان هەیە، بەلأم هەموویان سەر بە پێکهاتەی کۆمەڵگاکەن لە نێو نەسەقە کۆمەڵایەتییەکەدا، بەشێك لەو پێکهاتانەش بریتی یە لە هاوسەرگیری وخێزان و خزمایەتی.

---

(١) احمد ابو زيد، البناء الاجتماعي، ج ٢، المصدر السابق، ص ٢٧٤– ٢٧٥.

(٢) المصدرنفسه ، ص٢٧٥.

## باسی دووەم: هاوسەر گیری و جۆرەکانی :

هاوسەر گیریش ئەو پرۆسەیە کە کۆمەڵگای لەسەر وەستاوە، بۆ ڕێکخستنی لایەنی ڕەگەزی و دیاریکردنی ئەو بەرپرسیارێتیەی لە هاوسەرگیری نێوان ئەو دووپێگەیشتوانە دایە[١].

هاوسەرگیری یاسایەکی کۆمەڵایەتی باوەڕپێکراوە، کە مەبەست لێی دروستکردنی خێزانە[٢]، دەتوانرێت وەکو پەیوەندیەکی ڕەگەزی و سێکسی، کەخۆی لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە بە فەرمی ناسراوە ولەنێوان دوو تاکی تەمەن پێگەیشتودا پەسەند کراوە[٣].

لە پێناسەیەکی دیکەدا، هاوسەرگیری یەکگرتنی ژن وپیاوە بە شێوەیەك کە منداڵەکانیان منداڵی شەرعی هەریەکێك لەو دایك وباوکە بن[٤]، یان پەیوەندیەکی ئاڵۆزە کە ژن وپیاو پێکەوە دەبەستێتەوە، ڕێگە پێدەری مافە ڕەگەزی وکۆمەڵایەتییە ئاسایی وئابوری وروحیە ئاڵوگۆڕە دیاریکراوەکانی نێوانیانە، هەروەك وابەستەیان دەکات بە کۆمەڵێك لە پەیوەست بوونی خێزانی بەرامبەر یەکتری و منداڵەکانیان ویەکبوونە خزمایەتیەکانیان کە خۆشەویستی ولایەنگیریان بۆی هەیە[٥].

هاوسەرگیری پەیوەندیەکی ڕەگەزی دان پێدانراوی هەمیشەییە، بۆ ژمارەیەك لە پیاوان و ژنان، لەگەڵ ڕێکخستنەکانی ئەو پەیوەندیە لە ئەرك و مافەکانیان .[٦]

---

(١) محمد الجوهری، المدخل الی علم الاجتماع، (د– ط)، القاهرة– مصر، ٢٠٠٧،ص ٢١٥.

(٢) شاكر مصطفى سليم، المدخل الى الانثروبولوجيا، المصدر السابق، ص ٥٠.

(٣) ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی، و/ حەسەن ئەحمەد مستەفا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٥٠٦.

(٤) لوسيى مير، الانثروبولوجيا الاجتماعية، ت/ شاكر مصطفى سليم، دار الشؤن الثقافية العامة، العراق– بغداد، (د– س)، ص ١٠٥.

(٥) قيس النوری، المدخل الی علم الانسان، المصدر السابق، ص ٢٢٤.

(٦) محمد عاطف غيث، المشاكل الاجتماعية والسلوك الانحرافى، دار المعرفة الجامعية، أسكندرية– مصر،(د–س)، ص١٥٣

هەروەها دیاردەیەکی گشتی و گشتگیرە لە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، سەرەتایی بێت یان شارستانی و سەردەمی، هاوسەرگیری ژمارەیەك پەیوەندی فرە ڕوو دەگرێتەوە، کە زۆر لایەن لە خۆ دەگرێت، بایولوجی و ئابوری ویاسایی و دەروونی وئاینی و ئەنسروپۆلۆجی ، لە هەریەك لەو ڕوانگانەوە بۆ چونێك لە واتا وناوەڕۆکی هاوسەر گیریدا هەیە[1].

لەوزانیاریانەی سەرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە ،کە هاوسەرگیری پێویستیەکی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی مرۆڤە، لەهەموو ئاست وقۆناغەکاندا،بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی ڕەگەزی مرۆیی، ناوەڕۆکی پەیوەندیە ڕەگەزیە دان پێدانراوەکەی نێوان ئەو ژن و پیاوەیە، لە لایەن کۆمەڵگاوە بەپێی جیاوازیەکانی کۆمەڵگاو داب ونەریت و لایەنە ئاینی وياساييەکانی ئەو کۆمەڵگایە هاوسەر گیری دەگۆڕێت، لەم پرۆسەیەوە جۆرە خزمایەتیەك دروست دەبێت کە خزمایەتی ژن وژنخوازی (المصاهرە) ناودەبرێت، هەندێك جار کێشەی کۆمەڵایەتیشی لێ دروست دەبێت، کە لەم توێژینەوەیەدا خزمایەتیەکەیە نەك دوژمنایەتی.

هاوسەرگیری لەم گوندەدا گرنگی خۆی هەیە، جێگەی بایەخ پێدانی دانیشتوانی گوندەکەیە، ئەم پرۆسەیە لە نێوان سەردەمانی کۆن ونوێدا جیاوازی هەیە، بەهۆی تێکەڵ بوونیان بە شاری هەڵەبجە، ئەوەی لەم گوندەدا هەیە تەنها هاوسەر گیری ئاسایی نێوان ژن و پیاوە، دوور لە ژن بە ژن و گەورە بە بچوك و هەندێك شێوازی دیکەی هاوسەر گیری کە هەیە، دەبێت ئەوە لە بیر نەکرێت کە گوندی هاوار سەر بە ئاینی یارسان ( کاکەیی)ن، کە ڕێو ڕەسمی ئاینی تایبەتیان بۆ هاوسەر گیری هەیە، ئەم لایەنەش کاریگەری زۆری لەسەر جۆری هاوسەرگیری و شێوازەکانی دروستکردووە، کە هەندێکی ڕێگە پێنەدراوە بەپێی ئاینەکەیان، بۆ ئەمەش باس لە پرۆسەی هاوسەرگیری دەکرێت بەم جۆرە:

### – ڕێو ڕەسمی هاوسەرگیری:

هاوسەرگیری لە کوردەواریدا گرنگی خۆی هەیە، بەهەمان شێوەی باوەکانی کۆمەڵگای کوردی جێ بەجێ دەکرێت، لە ژیانی کوردەواری کۆندا دەگوترا: ژن هێنان سیاسەتی خێزانە[2].

---

(١) مليحة عونى قصير وصبيح عبدالمنعم أحمد، علم الاجتماع العائلة، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٤، ص٢٦١-٢٦٨.

(٢) هێنی هارۆڵد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، و/ عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣، ل٢٧٠.

هەر بۆیە گرنگی زۆری پیێ دەدرێت و ئامادەکاری و ووردبونەوەی زۆری تێدا دەکرێت، لە سەردەمانی پێشودا لە کۆمەڵگا تەقلیدیەکاندا، هاوسەر لەلایەن دایك وباوك وکەس وکارەوە دیاری دەکرا !وەك فردیناند توینز دەڵیّ" هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان لە ڕێگەی خزمانی کوڕ وکچەکەوە دەبێت، لێرەوە دەبێتە هاوسەرگیریەکی جێگیرو نەگۆڕ بە درێژایی ژیانی ئەو کوڕو کچە"[١].

لە کۆمەڵگاکەدا هەمیشە دەست پێشخەری لەلایەن کوڕەوەیە بۆ هاوسەرگیری، کوڕ پێشنیاری هاوسەرگیری دەکات لەگەڵ کچێکدا کە دەستنیشانی کردووە و پێشتر یەکتریان بینیوە، پاشان کوڕ و کچ خێزانەکانیان ئاگادار دەکەنەوە لە کارەکە، پاش لێ کۆڵینەوەی خێزانی هەردوولا لە یەکتری ، بینینی کوڕو کچ لەلایەن خێزانەکانەوە ، ئەگەر وەڵام نەخێربوو! ئەگەری دووبارە وچەند بارەی داخوازی دەبێت لە لایەن ماڵی کوڕەکەوە، ئەگەر بەڵیّ بوو ئیتر ڕەسمیاتی پرۆسەکە دەست پیێ دەکات، ماڵی کچ ئاگادار دەکرێت کە نیاز وایە بچنە داواکاری بۆ خواستنی کچەکەیان، وەك خۆیان دەڵێن بەزمانی گوند بەمەیان دەگووت: (هێجوی)،کە کەللە یەك شەکریان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد بۆ ماڵی کچەکە ئیدی ئەگەر ڕێکیش نەکەوتایە دەبوو ئەو کەللە شەکرە هەر ببرایە! خوازبێنی کەران زیاتر دایکی کوڕەکە خوشکی گەورەی یان مەتی (پور) و کەسێکی نزیکی دەبوو، پیاوانیش باوك و مام و خاڵ و پیاوە دیارەکانی نزیك بە کوڕەکە بوون، ئەگەر ماڵی کچەکە ڕازی بوونایە ، یەکسەر دەچوونە سەر بڕینەوەی مافە مادییەکان کە بە (مارەیی ) ناودەبرێت ،پاش گفتوگۆیەکی گەرم ئەویش دەبڕایەوە، لە ئاینی کاکەیی دا وەك خۆیان دەڵێن: پێداگری کردن لە لایەنی ماددی دروست نی یە! بەڵام تێکەڵیمان لە گەڵ کۆمەڵگا شاریەکە ئەوەی نەهێشتووە، پاشان ڕۆژی مارە بڕین دیاری دەکرێت.

پاش ئامادەکردنی پێداویستیە مادییەکان، لەسەر ئاینی موسوڵمان لای مەلای سوننی وەك خۆیان دەڵێن: مارە دەکرێن، کە لە کۆندا لە تەوێڵە یان بیارە وە مەلایان هێناوە بۆ مارە بڕین، پاشان کە دادگا کرایە لایەنی یاسایی پرۆسەکە ، دەبران بۆ دادگا تا کارە یاساییەکان تەواو بکەن، بەڵام دەبێت ئەوە لە بیر نەکرێت،کە لە گوندی هاواردا مارەبڕینی( ئاینی خۆیانیان) هەیە بە ئاینی کاکەیی ، وەك خۆیان دەڵێن : مارە بڕینی لای مەلای سوننی مارە بڕینی دونیاییە ، ئەوی تر بە دینی خۆمان دەبێت،ئەویش لەڕۆژی گواستنەوەی بوکداجەمێکی*بۆ ساز دەکرێت.

---

(١) معن خليل العمر، ثنائيات علم الاجتماع، (د– ط)، ٢٠٠١، ص ١٤٨.

* جەم: ڕێو ڕەسمی ئاینی کاکەییەکانە، بۆ هەر کارێکی گرنگ جەم دەبەستن، کە ئاسایی حەوت کەسن ،دوعا دەخوێنن تیایدا وتاوتوێی کارو کردارو بابەتەکانی ڕۆژانەیانی تیادا دەکەن، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە ئاینەکەیانەوە هەیە.

سەردەمی دەزگیرانی بۆ هەردوو هاوسەر گرنگی خۆی هەیە، ڕێگە پێدراوە  کە یەکتری ببینن و پێکەوە بچنە دەرەوە، لە کاتی کاروباری باخ و کشتوکاڵدا زۆربەی کات پێکەوە بوون ، لە پاشدا ڕێو ڕەسمی گواستنەوەی بوك دەست پێ دەکات، شەوێك پێش ڕێو ڕەسمی گواستنەوە، خەنەبەندان لە ماڵی بوك ڕێك دەخرا، کەل وپەل وپێداویستی خەنە بەندانەکە لە ماڵی زاوا بەرەو ماڵی بوك بەڕێ کراوە، لە ماڵی بوك دەست کراوە بە دروستکردنی کولیچە، ئەو شەوە کچانی گەنج لەگەڵ (دوو پێ خەسوو)، یەکێکیان لە خزمی بوك وئەوی تریان لە خزمی زاوا ، دەچوونە ماڵی بووك، ئەم دوو پێ خەسووە  لە هەر ڕێگایەکەوە بچونایە بۆماڵی بووك، بەیانی دەبوو بووك لەو ڕێگەیەوە نەبرایە، دەستوریان وابووە،چونکە بە شومیان زانیوە، لە ڕێوڕەسمی خەنە بەندانەکەدا کوڕێکی جوان تەمەنی لە نێوان(٦–٨)ساڵ دەبێ هەڵدەبژێررێت! بۆ بەستنی پشتوێنێك کە لە مەراسیمەکەدا بۆ بووك دەبەسترێت، کاتی بەستنی پشتوێنەکە منداڵەکە دەڵێت " لە نێتی حەوت کوڕ و کچێك"، کە ڕۆژ دەبێتەوە پێش بەڕێ کردنی بوك کولیچەکە بە هەموو هاواردا دابەش دەکرا تا کوێ بەشی بکردایە ، پاشان خەڵکی دەهاتن بۆ نزیك ماڵی بوك بۆ بەشداری لە ئاهەنگەکەدا، دەستیان دەکرد بە گۆرانی وتن، یەکێك لە پێشی ئەسپی بوکەوە ئاوێنەیەکی هەڵدەگرت و دەڕۆیشت و بەشدار بووانیش ئەم گۆرانیەیان دەگوت:

| | |
|---|---|
| یار باوەو باوەو باوە | شاییەو موبارەك باوە |
| بوکمان هێناو هاتینۆ | تا ماچ نەکەین ناچینۆ........ |

که نزیکیش دەبوونەوە لە ماڵی زاوا ئەم گۆرانیەش دەگوترا:

| | |
|---|---|
| بۆ تۆری کرد بۆ تۆرای | هۆ گوڵە لەسەر چی تۆرای |
| نە تۆراوە و هاتوە تۆ | سەوزە مەیلی دا وە تۆ....... |

کاتێ  بووك دەگەیشتە بەردەم ماڵی زاوا و لەسەر ئەسپەکە دادەبەزی، دایکی زاوا گەنم یان گوێز یان برنجی بەسەربوکدا هەڵدەدا،وەك دەربڕینی خۆشی وسەر بەرسقی بۆیان کەئێستا هەندێك لەو ڕێوڕەسمانە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، (ئەو ڕۆژانەی ڕێو ڕەسمەکەی تێدا دەکرێت:ڕۆژانی دووشەممەو هەینی لەڕۆژە پیرۆزەکانیانە کەپەیماننامەی هاوسەرگیری  تێدا دەبەستن)[1]،بەلاّم لەهاواردا بەوشێوەیە نیە،بۆیە چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.  چاو پێکەوتنی ژمارە (١٠)

پرسیار: ڕۆژە پیرۆزەکان کە هاوسەرگیری تێدا ئەنجام دەدرێت کامانەن ؟

---

(١) حميد المطبعي، الكاكائية فئة من فئات الباطنية تكتم عن الآخرين نشؤها وعباداتها، www.narjes mag.com

وەلأم: لای ئێمە هەموو ڕۆژەکان پیرۆزن، چونکە هەر ڕۆژێك لای ئێمە بەدەست یەکێك لە فریشتەکانەوەیە کە هیچ جیاوازیەکیان نیە، بۆیە ڕۆژەکانیش جیاوازیان نیە لەلامان، هەر ڕۆژێك گونجاوبێت هاوسەرگیریەکە ئەنجام دەدرێت[1].

پاش گواستنەوەی بوك ، مارەبڕین بە ئاینی کاکەیی دەست پێ دەکات، ئەویش بە گێڕانەوەی پەردەیەك لەو ژورەی کە بوکی تێدایە ، لە پشتی پەردەوە بوك دادەنیشێت، سەید و دوو لە کەسانی بووك وزاوا،زاوا خۆی ئەگەر سمێڵی کورت نەکردبێتەوە!! کەسێکی تر تاژمارەیان دەگاتە حەوت کەس ،چونکە بوك بە کەسێکی جەم حساب ناکرێت! زاواش ئەگەر سمێڵی کورتکرابێتەوە نابێت بچێتە ناو جەم ،بەڵکو دەبێت لەو دیوی دەرگای ژورەکەوە بە پێوە بوەستێت هەتا مەراسیمەکە تەواو دەبێت، سەید چەند ئامۆژگاریەکی بوك و زاوا دەکات کە پێیان ڕادەگەیەنێت:

أ- جیا بوونەوە لە ئاینی کاکەیدا شتێکی قورس وگرانە ، تا ئەوەی هیچ چارەسەرێك نەمێنێت.

ب- پێویستە هەردووکتان هاوکاری یەکتربن، لە بوون و نەبوون ،لە لەشساغی ونەخۆشیدا، بەهەر جۆرێك بێت تەواکەر و هاوکاری یەکتربن.

ج- ناپاکی لە هەر لایەکەوە بێت، هاوسەرگیریەکە بەتاڵ دەکاتەوە، چونکە نیازەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، کە پەیماننامەی هاوسەر گیریەکەی پێ بەستراوە، بۆیە ڕێگە پێ نەدراوەو خودا حەرامی کردووە لێتان، بەمەش دەگوترێت (وەسیەتی پشت پەردە) کە هەمووی ئامۆژگاریە بۆ بووك و زاوا.*

زاواش پێش هاتنی بۆ ناو جەم دەبێت چەند ئەرکێك بەجێ بهێنێت کە ئەمانەن:

١- خۆی بشوات لەو ڕۆژەدا و دوعای خۆشۆردن بخوێنێت کە بۆ شۆردنی مردووش هەمان دوعای شۆردنەکەی دەخوێنرێ ، بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| پەی غەسڵی مەییت حاظر ڤە ئیقرار | ڤە حوکم عەزیز شای خاوەندگار |
| ڤە قەڵەم زەڕین پیر موسی دەفتەر دار | ڤە جام ابراهیم ڤە ئاب ڕەزبار |
| ڤە قەدری حیشمەت مستەفا زۆردار | ڤە نازی ئەیڤەت مەلەکەی طیار |
| کەرەم ششتوش ڤە ئابی تەشار | پاك وطاهیر بوڤیت ئەڤەڵ ئاخر یار |

---

(١) ئاکۆ شاوەیس مجید، چاوپێکەوتنی ژمارە (١٠) ، سەرچاوەی پێشوو.

* توێژەر ئەو زانیاریانەی لە چەند کەسێك وەرگرتووە، کە تازە هاوسەر گیریان کردبوو،بەڵام ئامادە نەبوون ناویان ئاشکرا بکرێت.

٢- بەستنی پشتوێن و لەسەر کردنی کڵاو.

٣- ئامادەکردنی نیازێك لە مەراسیمەکەدا، کە شیرینیە کەیە.

پاشان دوعای مارەبڕین لە لایەن سەیدەوە دەخوێنرێتەوە ، کە دوعایەکی پیر موسایەو ئەمەی خوارەوەش چەند دێڕێکە لەو دوعایە:

| | |
|---|---|
| نەی جەم وەهەق شەڕ | نەی جەم وەهەق شەڕ |
| حەق وەحەقیقەت نەگردین پاکتەر | ئینا واناماں دوعای ئەی مە ظهە ر |
| دوعای حەلاڵی جفت مادە وەنەر | پەی عشوەی فانی چەی دام وە بەشەر |
| مەجی نەی دو دام کافوور وە تەنکەر | نەی جامی دنیا مەزیم وە سەفەر............[1] |

لێرەوە دەست بە دابەشکردنی نیازەکە دەکرێت، کە شیرینیە کەیە، کەسێك دابەشی دەکات کە دەبێت ئایینداری باش بێت و سمێڵی کورت نەکردبێتەوە، نەك ئەوەی کە کچەکە(بوك) هەڵدەستێ بە دابەشکردنی نیازەکە لە کۆبونەوەکەدا[2]، لە کۆتایدا دەلیلەکە * دەستی زاوا دەگرێت و دەڵێت: کوڕم وەرە بچۆ بۆ لای هاوسەرەکەت پیرۆزت بێت.بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.

بەشێك لەچاوپێکەوتنی ژمارە (١٠)

پرسیار:پرۆسەی هاوسەرگیری چۆن بەڕێوە دەچێت؟

وەڵام: پاش خوازبێنی، ئەگەر وەڵام بەڵێ بوو مارەبڕین لای مەلای سوننی دەکرێت، پاشان لەدادگا کاری یاسایی تەواو دەکرێت، لە ڕۆژی گواستنەوەی بوکدا جەمێکی بۆ ساز دەکرێت، کە کەس وکاری بووك و زاوا ئامادە دەبن،کەمارە بڕین تەواوبوو،وەسیەتی پشت پەردە دەخوێنرێت، جەمەکەش دەبێت حەوت کەس کەمتر نەبێت ! لەبەر پیرۆزی حەوتەوانە، لە دوای هەموو ئەمانەوە نیاز کە شیرینیە دابەش دەکرێت ، نە بووك و نە زاوا دابەشی ناکەن ، کەسێك دیاری کراوە بۆ دابەشکردنی .[3]

---

(١) ئەیوب رۆستەم، یارسان، ئۆفسێتی قانع، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان، ٢٠٠٦، ل ٢٠٦.

(٢) نوری یاسین الهرزانی، الكاكاييه دراسة انثروبولوجية للحياة الاجتماعية، المطبعة ئاراس، اربيل،٢٠٠٧، ص١١٤.

(٣) ئاکۆ شاوەیس، بەشێك لەچاوپێکەوتنی ژمارە(١٠) ، سەرچاوەی پێشوو.

* دەلیل: هەموو کاکەییەك سەر سپاردنی هەیە بە پیرودەلیلێك ، کە ڕێنمایی ئاینی وچاودێری کردنی لە ئەستۆدەگرن.

له سەردەمی ئێستا دا ، ئاسایی وەك هەموو ئاهەنگەكانی تر له شارەكانی هەرێمدا، دەبرێنە هۆڵەكان وریۆ ڕەسمەكەیان بۆ ساز دەكرێت ، له پاشدا كه گەڕانەوە ماڵەوە ، جەمیان بۆ دەبەسترێت وبه ئاینی كاكەیی مارە دەكرێن.

هاوسەرگیری هەمان مەرجەكانی ئاینی كاكەییە ، كه هاوسەرگیری له نێوان چینە ئاینیەكاندا و چینەكانی تردا ڕێگە پێ نەدراوە، بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتری بابەتەكە چاوپێكەوتن ئەنجام دراوە.

چاوپێكەوتنی ژمارە(١١)

پرسیار: چ جۆرە هاوسەرگیریەك له هاواردا ڕێگە پێ نەدراوە؟

وەڵام: ئەوانەی له ئاینی كاكەیدا ڕێگە پێدراو نین ، له هاواریشدا به هەمان شێوەیە، سەیدەكان ژن له سەیدەكان دەخوازن، باوە له باوە ژن دەخوازێت ، هەموو چینێك لەگەڵ چینەكەی هاو ئاستی خۆیدا ژن وژنخوازی دەكەن، هەروەها دەلیل وپیریش كەسێك سەری پێ سپاردبێ دەبنە كچ یان كوڕی و هاوسەرگیری له نێوانیاندا حەرامەو ڕێگە پێ نەدراوە، وەك داب ونەریتیش دووكەس شیر لەنێوانیاندا هەبێت، كه ئەمەیان له دیندا هیچی لەسەر نەهاتووە هاوسەرگیری ناكەن[١].

كەواتە داب ویاسای تایبەتییان هەیە بۆ هاوسەرگیری ، جیاواز له هەڵەبجەو هەورامان له ڕووی ئاینیەوە،هەروەها بوونی جیاوازی چینەئاینیەكان وڕەنگدانەوەی لەپرۆسەی هاو سەر گیر یدا هاوسەرگیریش بەپێی سەردەم وكۆمەڵگاكان جیاوازی هەبووە، بۆ نمونە هاوسەرگیریەكانی وەك ، تاك هاوسەری یان فرەهاوسەری چ ژن بێت یان پیاو، هاوسەرگیری لەپێشتر (الزواج المفضل)، هاوسەرگیری لەگەڵ مەحرەماندا، هاوسەرگیری كاتی (زواج المتعة)، هاوسەرگیری به كۆمەڵ، ژن به ژن، هاوسەرگیری بەرامبەر به خزمەتكردن (الزواج لقاء الخدمة) و هاوسەر فڕاندن یان به زۆر (الزواج بالخطف)[٢].هاوسەرگیری دەرەكیش كه مۆرگان پێداگری لەوە دەكات له ئەنجامی ڕێگریكردن له هاوسەر گیری ناوخۆیی ، هاوسەرگیری عەشایەری دەرەكی گەشەی كردووە، هەروەها هاوسەرگیری فڕاندن یان بەزۆر، ڕێ خۆشكەری تاك هاوسەری و هاوسەرگیری دەرەكی بووە[٣]. لێرەدا مەبەستمانە كه جۆرەكانی هاوسەر گیری بخەینە ڕوو:

---

(١) رمضان همیرخان (كۆساری) ، چاوپێكەوتنی ژمارە (١١)، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) عبد علی سلمان، الانثروبولوجيا الاجتماعية، طبع بمطابع جامعة موصل، (د- س)، ص ٥٨-٦٠.

(٣) إدوارد وستر مارك، موسوعة تأريخ الزواج، ت/ مصباح الصمد وصلاح صالح وهدى رطل، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، ٢٠٠١، ص ٦٤١- ٦٤٣.

### ١– فره هاوسەری (فره ژنی):

فره هاوسەری بۆ ژن وبۆ پیاو بەکاردێت، کە لە کەسێك زیاتری کردبێتە هاوسەری خۆی، چ ڕەگەزی نێر بێت یان ڕەگەزی مێ، لێرەدا مەبەستمان لە فره هاوسەرگیری فره ژنی یە، لە ئاینی کاکەیدا فره هاوسەری ڕێگە پێدراو نیە، دووژن قەدەغەیە[1]، مەگەر هۆکارێکی هەبێت، چونکە ناکرێت هاوسەرگیری بۆ لە ززەت وخۆشی بێت چ ژن بێت یان پیاو، لەبەر ئەوەی هاوسەرگیری لایان لەوە گەورە ترە کە لەبەر حەزێك یان ویستێکی بێ بنەما ئەو کارە بکەن، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.

بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (١١)

پرسیار: ئایا فره ژنی لە هاواردا ڕیگە پێدراوە؟

وەلاّم: نەخێر چونکە لە ئاینی کاکەیدا ڕێگری لێ کراوە، ئەوەشی دوو ژنی هێنابێت لە هاواردا دەبوو هۆکارێکی هەبێت، یان لای داوە لە ئاین و سەرپێچی کردبێت کەلە هاواردا زۆر کەم ئەمە ڕووی داوە، تەنها کەسێك لە کۆندا ڕێگەی پێ درابێت (صۆفی ڕەحیم صۆفی ڕەشید) بووە ، کە منداڵی نەبووە، بەلاّم ( صباح سعید هاواری) خۆی ژنی دووەمی هێنا بێ بیانو هۆکارێکی گونجاو، کە سەرپێچی کرد! هۆکاری ڕێگری لە فره ژنیش بۆ ئەوەیە کە ئادەم و حەوا یەك ژن ویەك پیاو بوون و خودا وای بۆ داناون، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەیە کە کاکە یی فره هاوسەری لا نادروستە، خەڵکی هاواریش کاکەین و وابەستەی ئاینەکەیانن[2].

بەپێی بە دوادا چونەکان، هەواڵدەری نهێنی تەئکیدی لەوە کردەوە کە ، تاك هاوسەری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خودا لە هەموو شتێك دوانی دروست کردووە، کە پێکەوە بەردەوامی دەدەن بەو کارەی پێیان سپێرراوە، زەوی وئاسمان، خۆر و مانگ، پیاو وژن، هەروەها بێجگە لەو دوو کەسەی ناو بران دوو کەسی دیکەش لە ئێستادا لە هاواردا دوو هاوسەریان هەیە بە ناوەکانی ( حسن عبدالکریم، ئازاد فیروز) کە بەهۆی نەبوونی منداڵەوە بووە لە هاوسەری یەکەمیان[3] کەواتە ئەگەر پیاوێك منداڵی نەبێت لە هاوسەری یەکەمی دەتوانێت هاوسەرگیری دووەم بکات

---

(١) کەریم زەند، ئایین و باوەڕ لە کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١.

(٢) رمضان همیرخان (کۆساری)، بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (١١)، سەرچاوەی پێشوو.

(٣) هەواڵدەری نهێنی ، تەمەن ٣٧ساڵ، مامۆستا، هەڵەبجە، ٢٠١٦/٣/٢٧.

به ڕەزامەندی پیاوانی ئاینی و بوونی هۆکارێکی گونجاو و ئاشکرا، که ئەمە ڕێگە پێدراوە هاوسەرگیری دووەم بکات.

٢- فرە هاوسەری ( فرە پیاوی بە دوای یەکداهاتوو):

مەبەست لەم جۆرە لە هاوسەرگیری ، ژنێکە کە هاوسەرگیری لەگەڵ زیاتر لە پیاوێك کردبێت، پاش لەدەستدانی هاوسەرەکەی بە هەرهۆکارێك لە هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوری یان ناچاری یان حەزی خۆی بۆ هاوسەرگیری دیکە، تا ئامادەکردنی توێژینەوەکە، تەنها (٨) ژن هەیە کە زیاتر لە هاوسەرگیریەکیان کردبێت، ئەوانیش لەگەڵ شوو براکانیاندا (هێوەر) یاندایە، بە بۆچوونی دانیشتوانەکەی لەبەرئەوەیە کە منداڵە کانیان نەچنە ژێر دەستی کەسێکی ترەوە، ئەگەر منداڵی نەبێت ئازادە هاوسەرگیری لەگەڵ هەر کەسێدا بکات، هەرچەندە ئەوەی منداڵیشی هەیە ئازادە ، بەڵام وا باوە کە منداڵی هەبوو هاوسەرگیری لەگەڵ شوو براکەی دا بکات باشترە.

ژن لە ئاینی کاکەیدا ڕێگە پێدراو نیە لە دوو هاوسەرگیری زیاتر بکات! بەهەر بیانویەك بێت، چونکە هاوسەرگیری سێ یەمی هەرچۆن بێت و هەر بیانویەکی هەبێت ، وەك خۆیان دەڵێن : دەبێتە زینا وحەرامە، ئەمەش یاسایەکی نەگۆڕی ئەم ئاینەیە و لادان لێی ئاسان نیە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بڕوایەش چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.

بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (١١)

پرسیار: فرە هاوسەری بۆ ژن لە هاواردا چۆنە؟

وەڵام: فرە هاوسەری زۆر کەمە، بەڵام کاتێك ژنێك منداڵی هەیە و بیەوێت ، دەتوانێت لە ناوخۆدا شوو بکات کە زیاتر لەگەڵ شوو براکەی هاوسەرگیری دەکات ، بەڵام دوو هاوسەرگیری زیاتر بۆ ژن ڕێگە پێ دراو نیە لە ئاینی کاکەیدا، لە هاواریشدا وەك عورفی لێهاتووە، هاوسەرگیری ڕێگە پێدراوی دووەمیش زۆر کەمە[١].

(١) رمضان همیرخان (کۆساری)، بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (١١)، سەرچاوەی پێشوو.

### ٣- ژن بە ژن (الزواج التبادلی):

مەبەست لە ژن بە ژن ڕێکەوتنی نێوان دوو خێزانە لەسەر گۆڕینەوەی کچەکانیان، بۆ ئەوەی هەریەك لەو کچانە ببێتە هاوسەری هەریەك لە کوڕەکانی ئەو دوو خێزانە.[1]

ئەم جۆرە لە هاوسەر گیری لەم گوندەدا نیە، هەرچەندە لە کۆمەڵگای کوردیدا بە گشتی ئەم جۆرە لە هاوسەر گیری هەبووە، تا ئێستاش لە هەندێك ناوچەدا لە هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە و هەیە! ئەوەی کە توێژەر بە دوادا چونی بۆ کردبێت ، ژن بە ژن و گەورە بە بچوك و لەو جۆرانەی هاوسەرگیری لە هاواردا نیە ، چونکە وەك خۆیان دەڵێن: کوڕ و کچ دەبێت لە بەردەم سەیددا کە مارەیان دەبڕێت بە ئاینی کاکەیی ، ڕەزامەندی دەر بڕن و ڕازی بن بەو هاوسەرگیریەی نێوانیان ، دەکرێت لە نێو کاکەییەکانی شارەکانی تردا بە زۆر بە شودان و ژن بە ژن هەبێت ، بەڵام لە ناو دانیشتوانی کۆمەڵگەی توێژینەوەدا ئەوە ڕێگەی پیٚ نادرێت وئەگەر هەبێت زۆر کەمە .

### ٤- هاوسەرگیری لەگەڵ خزماندا ( الزواج بالاقارب) :

لە ئەنجامی خۆ بە زیادزانی کۆمەڵێکەوە بۆ یەکخستنی ئەندامەکانی لە نێرو لە میٚ، نموونەی ناسراوی ئەم شێوەیە لە هاوسەرگیری ، هاوسەر گیری نەوەی ئامۆزاکانە[2].

لەم جۆرە هاوسەرگیریە زۆرە ،دانیشتوانەکەی لایان پەسەندە و بڵاوە لە ناویاندا، بەڵام بە پێی ووتەی خۆیان دەبێت ڕەزامەندی کوڕ و کچەکەی لەسەر بێت، لە هاواردا زۆر گرنگە ئەو کوڕەی یان ئەو کچەی هاوسەر گیری دەکات لەگەڵ کەسێکی کاکەیدا بێت با خەڵکی شارێکی تریش بێت، چونکە لایەنە ئاینیەکەیان بەلاوە لە هەموو شتێك گرنگترە.بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.

بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (١١)

پرسیار: لە جۆرەکانی هاوسەر گیریدا، چ جۆرێکیان لە هاواردا بە باش سەیر دەکرێت؟

وەڵام: ئێمە هاوسەرگیری ناوخۆیمان لەلا باشترە، بەڵام لە هەرشوێنێکی سەر زەوی بێت، سەر بە ئاینی کاکەیی بێت کێشەمان نیە، نزیکەی(٦٠) کچی کاکەیی کەرکوك بوکی هاوارن وهاوسەر گیریان کردووە

---

(١) بدرخان السندی، المجتمع الکردی فی المنظور الاستشراقی، مطبعة وزارة التربیة، اربیل-العراق،٢٠٠٢،ص٩٩.

(٢) قیس النوری، المدخل الی علم الانسان، المصدر السابق، ص ٢٣٦.

**لەگەڵ موسوڵمانەکانیشدا هاوسەرگیری کراوە، لە کچ و کوڕ هاوسەر گیریان کردووە، بەڵام لە ڕووی ئاینیەوە ڕێگەی پیٚ نەدراوە و بە چاوێکی نا ئاساییەوە سەیریان دەکرێت، ئەگەر بوك بێت یان زاوا[1].**

**(١) رمضان همیرخان (کۆساری)، بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (١١)، سەرچاوەی پێشوو.**

## باسی سێ یەم: خێزان و ناونانی منداڵ وپێگەی باوك ودایك :

### تەوەری یەکەم: خێزان وجۆرەکانی :

**خێزان (Family)، لە زمانی ئینگلیزیدا لە ووشەی (Familia) ی لاتینیەوە هاتووە، لەلای ڕۆمانیەکان بەمانای کێڵگە و ماڵ و کۆیلە ، یان سەروەت و سامان دێت، ئەو سەروەت و سامانە مێرد یان باوك وەك میراتگرێك وازی لێ دەهێنێ، بۆ ئەمەش ژن دەبێتە بەشێك لەو میراتەی پیاو[1].**

**دکتۆر( ئەحمەد زەکی بەدوی) لە فەرهەنگی (معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية) دا، وا پێناسەی خێزان دەکات : خێزان یەکەمین یەکەی کۆمەڵایەتیە، کە ئامانجی پارێزگاری کردنە لە جۆر و ڕەگەزی مرۆیی، بەپێی عەقڵی جەمعی و ڕەزامەندی ئەو قەواعیدەی کە کۆمەڵگا جۆر بەجۆرەکانی لەسەر وەستاوە[2].**

**براتراند (Bertrand)، خێزانی دیاریکردووە بەوەی: دەستەیەکی کۆمەڵایەتیە پێك هاتووە لە کەسانێك کە هەندێکیان بە هەندێکی دیکەیانەوە بەستراون، بە پەیوەندیەکی هاوسەرگیری یان خوێنی یان خواز راو ( التبنی)، بەشداری هەموو دابە گشتیەکان دەبن، کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە سەرەڕای ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەی لە کۆمەڵگەدا هەیانە[3].**

**(بریتشارد) ڕای وایە : خێزان لایەنێکی (سیستمێکی) کۆمەڵایەتی و یەکەیەکی بنچینەییە لە یەکەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی (البناء الاجتماعی)، بە تایبەتی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا کە ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر خزمایەتی و پەیوەندییە سەرەتاییەکانی خێزان وەستاوە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا، ئەرکی گرنگ بەجێ دەهێنن سەبارەت بە کۆمەڵگا و کەسەکانی[4].**

**مالینۆفسکی دەربارەی خێزان و شیکردنەوەی قبوڵکراوی ئەنسرۆپۆلۆجستەکان بە گشتی دەڵێت: خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتیە، لەڕێگەیەوە داب و نەریتە کلتورییەکانی کۆمەڵگایەك دەگوازێتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە[5].**

---

(١) تەلار ئەحمەد مستەفا، دەسەڵاتی بڕیاردان لە خێزانی کوردیدا،توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی، ماستەر نامەیەکە پێشکەشکراوە بە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەشی کۆمەڵناسی ،بڵاونەکراوە،٢٠٠٩،ل ١٣.

(٢) عبدالقادر القصیر، الاسرة المتغیرة فی مجتمع المدینة العربیة، دار النهضة العربیة، بیروت، ١٩٩٩، ص ٣٣.

(٣) محمد عبدالفتاح محمد، ظواهر ومشكلات الاسرة والطفولة المعاصرة، (د– ط)، ٢٠٠٩، ص ٢١.

(٤) مجدالدین عمر خیری شمس، علم الاجتماع الموضوع والمنهج، دار مجدلاوی للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٥،ص١١٧

(٥) لوسی میر، مقدمة فی الانثروبولوجیا الاجتماعیة، المصدر السابق، ص ٩٩.

لە فەرهەنگی (لاروسی گەورە) دا، دەڵێت: خێزان کۆمەڵە کەسێك یان زیاترن کە پەیوەندیەکی خزمایەتی فراوان یان بەرتەسك لە نێوانیاندا هەیە[١].

خێزان لە ویبستەردا پێناسە کراوە بەوەی: گروپێك لە خەڵکە کە پەیوەندیان پێکەوە هەیە، یان کۆمەڵە کەسانێکن لەژێر یەك سەقفدا دەژین و سەرپەرشتیارێکیان هەیە[٢]. لە هەموو ئەو پێناسانەی سەرەوە ڕوون دەبێتەوە کە خێزان یەکەیەکی سەرەکی پێکهێنەری کۆمەڵگایە، ژینگەیەکی لەبارە بۆ گەشەکردن و پێگەیاندنی نەوەکان، گوێزەرەوە و بەردەوامی دەرێکی تەواوی ژیان و داب ونەریت و کلتوری کۆمەڵگا مرۆڤییەکانە ، بەهەموو ئەوانەی کە هەیە لەو کۆمەڵگایەدا.

هەمووسیستمێکی خێزانی یەکێکەلە ژمارەیەك لەنموونە خێزانیەکان،کاری ئەنسرۆپۆلۆجست چاودێریکردنی ڕوکەشی (ملامح) ی هەر سیستمێکیانە، پاشان شیکردنەوەی هەر یەکێك لە پێکهێنەرەکانی لە نێو جموجوڵە گشتیەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا[٣]، لە گوندی هاواردا خێزان گرنگی هەیە وبە یەکەیەکی بنەڕەتی پێکهێنەری کۆمەڵگاکەیانی دەزانن ، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی ئاینیانەوە خێزان دروست کردن ئەرکێکی ئاینیە، خێزان لە هاواردا پێك دێت لە ژن و پیاو و منداڵەکانیان، ئەرکی خێزان ئامادە کردن و پێگەیاندنی کەسانی چاك و سودمەندە بۆ کۆمەڵگاکەیان، لە نێو خێزانەوە فێری داب و نەریت و بیروباوەڕە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان و کلتورو ڕەوشتە گشتی و تایبەتیەکانیان دەبن، نێوبانگی خێزانی و کردارە ڕێ پێدراوەکان و ڕێ پێنەدراوەکانی نێو کۆمەڵگایان لە خێزانەوە پێ دەگات و لەسەری پەروەردە دەکرێن، هەروەها دابینکردنی پێداویستیە ماددی وناماديەکان لە ئەستۆی خێزاندایە لەگەڵ پەروەردە کردنێکی دروست ، دەسەلاتی خێزانی لە هاواردا باوك سالاریە، بە ئامادە نەبوونی باوك کوڕی گەورە سەرپەرشتی خێزان دەکات و بەرپرسی خێزان دەبێت.

سەرەڕای ئەوەی خێزان لایەنێکی کۆمەڵایەتی و ڕوحی و دەروونی کۆمەڵگا پێك دەهێنێت ، بەڵام خێزانەکان لە قەبارە و شێوەیاندا جیاوازن و چەندین جۆری هەیە ، کە ئەمەی خوارەوە هەندێکە لەو جۆرانەی خێزان کە بە ڕێژەیەکی جیاواز بوونیان هەیە:

---

(١) فاطمة علوی السيد سعيد السيد محمد، العولمة وتأثيرها على دور الاسرة فی التنشئة الاجتماعية، (د– ط)، ٢٠٠٩، ص٤.

(٢) فوآد بن عبد الكريم بن عبد العزيز آل عبدالكريم، الاسرة والعولمة،dr 25252@hot mail.com .

(٣) فيليب لاپورت وتولرا جان و بيار فارنيية، إثنولوجيا أنثروبولوجيا، المصدر السابق، ص ١٠٤.

### ١- خێزانی بچوك – ئاسایی- ناوکی – (الذرية- النواة):

ئەم زاراوانە لەلایەن نوسەر و توێژەرانی خێزانیەوە بەکار هێنراون، بەلاّم یەك مانایان هەیە ئەگەر چی لە نوسینیشدا جیاوازیەك هەبێت[١]، پێك دێت لە دایك و باوك و منداڵەکان[٢].خێزانی بچوك(ناوکی) پێك دێت لە کەسانێك کە پێکەوە بەستراون بە پەیوەندی ژن وژنخوازی (المصاهره)، خزمایەتی خوێنی[٣]، نەبوونی منداڵ وبچوکی قەبارەی کاریگەری لەسەر ئەم جۆرە خێزانە نابێت[٤].

وەك لە هێڵکاری ژمارە (١) دا ڕوون کراوەتەوە.

ئەم جۆرە خێزانە بلاّوترینیانە لە ئێستا وڕابردووشدا،چونکە ڕوونە لەو کۆمەڵگا کشتوکاڵیانە نیە کە هێندە پێویستیان بەدەستی کار هەبوبێت، وەك ناوچەکانی شارەزوور و دەوروبەری، شوێنی نیشتەجێ بوون  نزیك بە خزمانی پیاو بووە و دەسەلاّتی خێزانی بەهەمان شێوە  لای پیاو بووە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.

بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (١١)

پرسیار: بلاّوترین جۆر و دەسەلاّتی خێزانی لە هاواردا چ جۆرێکە لە خێزان؟

وەلاّم: خێزانی بچوك باو ترینیانە ، دەسەلاّتیش وەك داب و نەریتی کوردەواری باوك سالاریە، بۆیە دەسەلاّت و بەرپرسی خێزانی لای پیاوە[٥].

کەواتە خێزانی بچوك پێك دێت لە ئەندامانی خێزان کە پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن ، دایك و باوك ناوەندی سەرەکین و منداڵەکانیش بە دەوریاندا، لە یەك شوێنی نیشتە جێ بووندان پێکەوە، تا ئەو کاتەی هەریەك لەو مندالاّنە  هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن.

---

(١) عزت فتاح حمه صالح، آ بلاخ دراسة انثروبولو جية، المصدر السابق، ص ٩٦.


(٢) شاكر مصطفى سليم ، المدخل الى الانثروبولوجيا، المصدر السابق، ص ٤٧.

(٣) محمد عبدة محجوب، طرق البحث الانثروبولوجى، المصدر السابق، ص ٦٤.

(٤) عزت فتاح حمه صالح، آ بلاخ دراسة انثروبولو جية، المصدر السابق، ص ٩٧.

(٥) رمضان همیرخان (كۆساری)،  بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (١١)،  سەرچاوەی پێشوو.

هێڵکاری ژمارە (١) خێزانی بچوك نیشان دەدات.     *




## ٢- خێزانی گەورە- ئاڵۆز- بەیەکداچوو:

خێزانی بچوك بناغەی خێزانی گەورە و ئاڵۆزە، کە لە واقیعدا هیچ نیە مەگەر دووبارە بوونەوەی خێزانی سادەیە بەشێوەیەك لە شێوەکان، خێزانی ئاڵۆز چەندین شێوەی هەیە کە یەکدەگرێ لەگەڵ هەندێکیاندا لە پلەی پەیوەندی و دەست پێوە گرتنەکانیدا، لە شوێنی نیشتەجێ بوونی هاوبەش و هاوکاری ئابوری نێوانیان، لە یەك خوێن و ڕەچەڵەکن (النسب)، کە گرنگترینی پەیوەندی و یەکگرتوییانە لەنێوان ئەو خێزانانەدا، بێجگە لەپەیوەندیە ژن و ژنخوازیەکان (المصاهرە) و بنەماڵەییەکان، کە پەیوەندییەکی لاوەکیە بەراورد بە پەیوەندی خوێنی[١].

خێزانی گەورە هەڵدەستێت بە کۆمەڵێك ئەرك ، لە گرنگترینیان پێشکەشکردنی هاوکاری ئابورییە بۆ ئەوانەی دەچنە دەرەوەی لە ئەندامانی خێزان، پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و ڕێنمایی لە چارەسەرکردنی گیروگرفتی نێوان هاوسەرەکان و کچ و کوڕەکانیان و لە نێوان هەر ئەندامێکیاندا بێت[٢].

جۆرەکانی خێزانی گەورەش زۆرن کە ئەمانەی خوارەوەش هەندێکن لە جۆرەکانی:

### أ- خێزانی پێکهاتوو (العائلة المرکبة):

لەم جۆرە خێزانەدا فرە هاوسەری لە ژن و لە پیاودا هەیە، لەم خێزانەدا پیاو فرە هاوسەری ئەنجام دەدات، وەك لە زۆرێك لە کۆمەڵگا سەرەتایی و تەقلیدیەکاندا هەیە، هەروەها لە کۆمەڵگا

---

* لەکارەکانی خوێندکار و بەسود وەرگرتن لەم سەرچاوانە ( عزت فتاح حمەصالح، آبلاخ دراسة أنثروبولوجیة، عاطف وصفی، الانثروبولوجیا الاجتماعیة).

**کلیلی هێڵکاریەکە بەم شێوەیەن:هاوسەری نێری زیندو△، هاوسەری نێری مردو▲ ،هاوسەری مێ زیندوو ○ هاوسەری مێ مردوو ● .


(١) أ حمد أبوزید، البناء الاجتماعی ، المصدر السابق، ص ٣١٤.

(٢) عاطف وصفی، الانثروبولوجیا الثقافیة، المصدر السابق، ص ٣٥٠.

ئیسلامیەکان و ڕۆژهەلأتیەکاندا هەیە، پێك دێت لە پیاو و ژنەکانی و منداڵەکانیان[1].

ئاشکرایە لێرەوە پەیوەندیە جۆر بەجۆرەکانی  ناو خێزان دروست دەبن، لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەندامی  هاوبەش لە خێزانەکەدا باوکە (پیاو)ە، جیاوازی نێوان ئەم خێزانە و خێزانی بچوك تەنها فرە ژنی نیە، بەڵکو فرە پەیوەندیە لە نێوان ئەندامانی خێزانەکەدا، خوشك و برا کە پەیوەندی نێوانیان خوشك و برای دایك و باوکی و خوشك و برای تەنها باوکی، کە دایکیان جیایە، یان لە نێوان برا و براکەی دیکەیدا، کە لە باوکێکن و دایکیان جیایە، هەروەها پەیوەندی ئەو کچ و کوڕە بە ژنەکەی دیکەی باوکیانەوە، پەیوەندی نێوان هەردوو هاوسەری پیاوەکە، کە زۆربەی کات پەیوەندیەکی ساردو بگرە دوژمن کارانەیە، کەواتە ئەم جۆرە لە خێزان فرە پێکهاتەیە ئەگەر بە تەواوی لێی وورد بینەوە . وەك لە هێڵکاری ژمارە (٢) دا ڕوون کراوەتەوە.

هێڵکاری ژمارە (٢) خێزانی پێکهاتوو ، کە باوك (پیاو) خاڵی هاوبەشە نیشان دەدات.




هەندێك جار دایکیش (ژن) ، کە هاوسەرگیری دووەم دەکات و منداڵی هەیە لە هاوسەری یەکەم، بە هەمان شێوەیە ، چونکە خێزانی پێکهاتوو  بچوك ناکرێتەوە تەنها لە پیاودا کە تەنها خاڵی هاوبەش بێت، بەڵکو ئەو خێزانە پێك دێت لە ژن و پیاو ومنداڵەکان کە لە چەند پیاوێکن[2]. لێرەدا ئاشکرایە کە ئەو ژنە یان مێردی مردووە یان جیا بووەتەوە لە پیاوی یەکەمی و هاوسەرگیری دووەمی کردبێت، بە هەمان شێوەی پێشوو پەیوەندییەکان چەند پێکهاتەیەك دەبێت ، کە براو خوشکە کە دایکیان یەکە و باوکیان جیایە، یان خوشك و براکە و خوشك و خوشك ، کە هەمان جۆری پەیوەندی دروست دەبێت، پەیوەندی منداڵەکان بە مێردە تازەکەی دایکیانەوە ( باوە پیارە)، پەیوەندی منداڵەکان بە ژنە کەی باوکیانەوە (باوە ژن) ە کەیانەوە، لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر جار هاوسەرگیری لە نێوان منداڵی باوەژن و منداڵی پیاوەکەدا لە ژنی یەکەمی دروست دەبێت، کە لەم جۆرەشدا پەیوەندیەکە زیاتر بە یەکداچوون دروست دەکات، وەك لەهێڵکاری ژمارە (٣) دا ڕوونکراوەتەوە.

---

(١) عزت فتاح حمه صالح، آبلاخ دراسة أنثروبولوجية، المصدر السابق، ص ٣٥.

(٢) المصدر نفسه، ص ٣٥.

هێڵکاری ژمارە (٣) خێزانی پێکهاتوو کە دایک (ژن)، خاڵی هاوبەشە نیشان دەدات.



خێزانی لەم جۆرە هەیە، کە زیاتر هاوسەرگیریان لەگەڵ برا ژنەکانیاندا کردووە، بە بڕوایەی کە منداڵەکان نەچنە ژێر دەستی کەسێکی ترەوە کە نە ناسراو بێت بۆیان، ئەمە بۆ پیاو تا ئاستێك ئاسایی ترە ، بەلاَم بۆ ژن لە هاواردا وەك ئەوە نیە کە بۆ پیاوەکەیە و ئاساییە، چونکە لە ڕووی ئاینیەوە دوو هاوسەرگیری زیاتر ڕێگە پیێ نەدراوە ، هەروەها ئەو ژنانەی کە هاوسەر گیری دووەم ناکەن وەك ئەوەی توێژەر تیێ بینی کردووە ، بە ژنێکی ئەمەکدار و لێهاتوو وەسفی دەکەن، لە ڕووی پەیوەندی نێوان منداڵەکانەوە ، کە دایك یان باوکیان لەیەك جیایە ، پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە ، بەلاَم هەرگیز مێردە تازەکە ( باوە پیارە)یە، بە منداڵی ژنەکەی ناڵێت کوڕم یان کچم! چونکە ئەو منداڵانە لەو پەیماننامە ونیازە نین کە ئەو پیاوە لەگەڵ ئەو ژنەیدا کردویەتی ، بۆیە تەنها بە ناوی خۆیانەوە بانگ دەکرێن ، بۆ ژنەکەش بە هەمان شێوەیە ، ئەمەش تایبەتمەندیەکی ئەم جۆرەیە لە پەیوەندیە خێزانیە کانیاندا.

## ب- خێزانی درێژەوە بوو (العائلة الممتدة) :


خێزانی گەورە پێك دێت لە باوك و دایك و منداڵەکانیان، کە منداڵەکانیان هاوسەرگیریان کردووە و پێکەوە لەگەڵ نەوەکانیان ( کوڕەزا و کچە زا) و داپیرەو باپیرەدا دەژین ،ئەم جۆرە خێزانە زۆر دەبێت لە ئەنجامی بەردەوامی و مانەوەی منداڵەکان لەگەڵ دایك و باوکیاندا، پاش هاوسەرگیری و بوونی منداڵ لەو هاوسەرگیریەدا، پێکهاتەی ئەم خێزانە سیێ نەوەیە بە لای کە میەوە، کە نەوەکانی باوان و منداڵی نەوەکانیان کە هەندێك جار دەگاتە نەوەی چوارەمیش(١). وەك لە هێڵکاری ژمارە (٤) دا ڕوون کراوەتەوە.

---

(١) قیس النوری، المدخل الی علم الانسان، المصدر السابق، ص ٢٢١.

ئەم جۆرە خێزانە یەك شوێنی نیشتەجێ بوونیان هەیە، لە چالاکیە گشتیەکانیشدا هەموو بە شدارن [1]، لەم جۆرە خێزانە لە سەردەمانی پێشودا کاتێ لە هاواردا هەبووە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم لە ئێستاشدا لەناو هەڵەبجەدا تەنها نزیکەی دوو ماڵ لەو شێوەیە هەیە کە ژمارەی ئەندامەکانیان زۆر نیە .

هێڵکاری ژمارە (٤) خێزانی درێژەوە بوو (العائلة الممتدة) پیشان دەدات .





(١) بدرخان السندی، المجتمع الکردی فی المنظور الاستشراقی، المصدر السابق، ص ١٠٧.

**ج- خێزانی یەکگرتوو (العائلة المتحدة):**

**جۆرێکە لە خێزان کە براکان یان براو خوشکەکانی خێزانێك و منداڵەکانیان و خێزانەکانیان لە یەك شوێندا نیشتەجێ بووبن، لە بواری دارایدا هاوکاری یەکتربن ، بناغەی پێکەوە بوونەکە پەیوەندی خوشك و برایەتی یە، (مردوك) بەم جۆرە لە خێزان دەڵێت:( خێزانی برایی هاوبەش Fraternal joint Family)[1]، بەڕێوە بردن بەهاوبەشی دەبێت و منداڵەکان بەشێوەیەکی دیموکراتی بەڕێوە دەبرێن، هیچ جیاوازیەکی خێزانی لە نێوانیاندا نیە.**

**لە ڕابردوودا لەم جۆرە خێزانە هەبووە، ئەگەر چی دەگمەن بووە، بەڵام وەك یەکێك لە ئەندامانی ئەو جۆرە خێزانە گووتی : لەگەڵ ماڵی پور و مامەکانمدا لەیەك خانوودا نیشتەجێ بوین، باوکم سەرپەرشتی هەموو خێزانەکانی دەکرد، هەموو شتێکمان یەك بوو بێ جیاوازی ، زۆرێك لە خەڵکی گوند لێی تێك دەچوو کەکێ منداڵی کێ یە لە خێزانەکەدا ، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە لەم جۆرە خێزانەدا هێندە پەیوەندیەکان بەهێزن کە جیاوازیەکانی داپۆ شیوە و یەك ڕیزی و یەکبونێکی خێزانی بەهێزی دروست کردووە ، وەك لە هێڵکاری ژمارە (٤) دا ڕوون کراوەتەوە کاتێك کە دایك وباوك دەمرن کوڕەکان و کچەکان میرات بەش ناکەن، پێکەوە دەژین وکاروبارە خێزانیەکانیان بە پرس وڕاوێژ پێکەوە بەڕێوە دەبەن.**

**هێڵکاری ژمارە (٥) خێزانی یەکگرتوو نیشان دەدات .**



**(١) عزت فتاح حمه صالح، آبلاخ دراسة أنثروبولوجية، المصدر السابق، ص ١٠١.**

**تەوەری دووەم: لە دایك بوون وناونانی منداڵ:**

ئاهەنگ گێڕان لە کلتوری گەلاندا لە هەموو کۆمەڵگاکانی جیهاندا، ئاهەنگێکی تایبەتە بە منداڵان و جێگەی سەر سوڕمان نیە، منداڵ لە سەرەتای ژیانی لە دایك بونیەوە بۆ لە شیر بڕینەوە و پێگەیشتنی، نیشانەی تازەیی و زیندویی و نوێ بوونەوەی ئەو ژیانەیە(١).

لە ناو دانیشتوانی ئەم گوندەدا زۆر گرنگی بەم بابەتە دەدرێت، منداڵ تەنها شتێك بووە کە بە هۆیەوە ڕێگە پێ نەدراوێکی ئاینی کردۆتە ڕێگە پێدراو ، کە ئەویش فرە هاوسەرگیری بووە، لە پێناو هێنانە دنیای نەوەی نوێ، کە ئەمە بەرزی پلە و گرنگی منداڵ دەردەخات لە هاواردا.

کاتێك منداڵێك لە دایك دەبێت ،خێزانەکەی پاش دەربڕینی خۆشی و شادی بیر لە ناونانی دەکەنەوە، هەندێکیان دوای هەفتەیەك ناوی دەنێن و هەندێکی تریان دوای چل ڕۆژ ناوی دەنێت، کە زۆرترینی لەدوای هەفتەیەك ناوی دەنێن ، لە جەمێکدا کە مەرج نیە تایبەت بێت بە ناونانی ئەو منداڵە، ناوی دەنرێت کە کچ و کوڕ وەك یەك دەبرێنە جەم تەنها بۆ ناونان ، چونکە لەپێشتر باسکرا کچ یان ژن بۆی نیە بچێتە جەمەوە، سەید دوعای ناونانی بەسەردا دەخوێنێت و پاشان دەدرێتە دەستی مام ، کە ئەمیش چینێکی پیاوانی ئاینیە دوای سەید، مامیش دوعای ناونانی بەسەردا دەخوێنێت، لە دوای ئەوە ناوی منداڵەکە سێ جار بەدوای یەکدا دەهێنرێت بە دەنگی بەرز، بۆ نموونە پێی دەوترێت (علی، علی ، علی)، ناوداربە سەر وەخێر بی باوە دەوڵەت بای، ماچی دەکات و دەیداتە دەست مامەکە و ئەویش بەهەمان شێوە دوعای دەخوێنێت و ماچی دەکات ، پاشان شیرینیەکەی (نیان)ەکەی بۆ دابەش دەکرێت، ئەگەر کەسێکیش بیەوێت دەتوانێت داوای بەستنی جەمی تایبەتی بۆمنداڵەکە بکات، نەزریشی* بۆ بکات ، دوعای ناونانیش ئەمەی خوارەوەیە:

| | |
|---|---|
| جیێ خانەدانان............... | پەیدا بی لامی جیێ خانەدانان |
| زیای نە عناصر چوار بەحری خامان | پوختەو بلیار بای جی شیر خامان |
| ئەو کردار پاکی جەمەویەکان | ئەو سەر سپەردەی چوار شەرتی وانان |

واتە: لەم خێزانەدا لە دایك بویت، پێت خستە سەر زەوی کە چوار ئاڕاستەی هەیە، لە شیری پوختت

(١) محمد الجوهری و آخرون، الطفل والتنشئة الاجتماعية، (د– ط)، قاهرة– مصر، ٢٠٠٨، ص ٤.

* نەزر: سروتێکی ئاینی کاکەییە، کە تیایدا قوربانیەك دەکرێت، کە خوێنی هەبێت با مریشکێك یان هەر ئاژەڵێك بێت ، کە مریشك یان کەڵە شێرەکە دەبێت لە پێنج بۆ شەش مانگ بچوکتر نەبێت، ئاژەڵیش دەبێت هیچ نا تەواوی نەبێت پاشان دەتوانرێت بکرێتە نەزر.

دەخۆیت، لەسەرتە کە ئیماندارو رێك وپێك بیت.....، لەسەرت پێویستە هەمیشە ئامادەبیت لە لەکۆبونەوە و جیَ بە جێکردنی چوار مەرجەکە، کە بەسەرتدا دەخوێنرێتەوە و بریتی یە لە ( پێویستە پیرێکت هەبێت، یەکیَ بێت لە خێزانەکانی سەید و دەلیلێکیش لە خێزانی دەلیلەکان ، ئەوانە خوشك و برای خودایتن)[1].

ناوی منداڵە کانیان ئێستا جیاوازە لە ناوەکانی پێشوو، لە کۆندا ناوەکانی کوڕ بریتی بوون لە (وەیس مراد، الله مراد، هیاس، عیسی، موستەفا، خدر، أحمد، باوەیس، شا وەیس، مراد وەیس ، ڕۆستەم، فلاًمورز و نەورۆز...هتد)، بەلاًم لە ئێستادا ناوەکانی (لازۆ، هەورامان، ئەردەلاًن، بەرزی، بێژەن، هاوژین، هاوشان، سەنگەر، مەڵبەند، هاوار و شنرویَ)، لە کۆندا ناوی کچانیش بریتی بوون لە (ئاڵتون، یاسەمەن، زێبا، ماە جمال، بەهیَ، خورشیدە، سانی، سیما و وەنەوش)، بەلاًم ئێستا ناوەکانی (نیگا، شەنگە، دانیاڵ، کەژی و سۆزیار)[2].

لەڕووی جیاوازی کردن لە نێوان ناوەکاندا، ئەوەی توێژەر بەدوادا چوونی بۆ کردووە، ئەوەیە کە ناوی (علی) لە لایان زۆر پیرۆزە هەتا ئەو منداڵانەی کە ئەو ناوەیان نراوە ، لە لای دایك و باوك ڕێز و تایبەتمەندیەکی دیکەی هەیە بەراورد بە منداڵەکانی تر لە هەمان خێزاندا، ئەمەش ڕێژەییە و لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دیکە دەگۆڕێت، بەلاًم بە گشتی وەك هەموو کاکەییەکانی تر کەسایەتی (علی) و ناوەکەشی پیرۆزی و گەورەییەکی لە ڕادە بە دەری هەیە.

---

(١) نوری یاسین الهرزانی، الکاکایية دراسة أنثروبولوجية للحياة الاجتماعية، المصدر السابق، ص ١٢٣.

(٢) رمضان همیرخان (کۆساری)، هاوارو هاواریەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.

**تە وەری سێ یەم: پێگە ی دایك و باوك لە خێزاندا:**

ڕەچەڵەك بۆ باوك دەگەڕێتەوە و لە ناو ئاینی کاکەیشدا هەر بەو شێوەیە، لەبەر ئەوەی باوك ڕۆڵ و پێگەو دەسەلاّتێکی تایبەتی لە خێزاندا هەیە، لە هاواردا بەگشتی هیچ یەکێك لە ئەندامانی خێزان بە بێ پرس و ڕاوێژی باوك لە خێزاندا کارێك ئەنجام نادەن ، بە تایبەتی ئەگەر پەیوەست بێت بە خێزانەکەوە یان کارێك بێت کاریگەری خێزانی بە جێ بهێڵێت، لە ڕووی ئاینی کاکەیشەوە پێگەی دایك و باوك بە پیرۆز دانراوە، هەمیشە لە هاواردا دەوترێت ( کەسێك دایك و باوکی گەردنی ئازاد نەکات ، خودا لێی ڕازی نابێت)، بە چاوێکی نا ئاسایی سەیر دەکرێت و بە لادەر و لەڕێ دەرچوو هەژمار دەکرێت.

دەسەلاّتی ئابوری و کۆمەلاّیەتی و بڕیار دان هەمیشە لای باوکە لە خێزاندا ، کە بەرپرسی یەکەمی خێزانە، وەك خۆیان دەڵێن( ئاواتمان دابینکردنی خۆشبەختی و خۆش گوزەرانیە بۆ ئەندامانی خێزانە کانمان).

ژنان ڕۆڵ و پێگەیان لە پیاوان کەمتر نەبووە، لە پەروەردە کردنی منداڵەکانیان ، کە زۆر جێگەی بایەخیانە ، هەروەها کارەکانی دەرەوەی ماڵ لە باخداری و کشتوکاڵ وئاژەڵداری و پیشە دەستیەکاندا، هاوکارێکی تەواوی پیاوەکانیانن، لە پاش کۆچی دوایی پیاوەکان ژنانی هاوار ڕۆڵی پیاوەکانیشیان بینیوە، ڕێگەیان نەداوە منداڵەکانیان هەست بە نەداری و بێ سەرپەرشتی خۆیان بکەن، لەو ژنە بەناوبانگانە،کە تەنانەت بازرگانیشیان لە پێناو خێزانە کانیاندا کردووە وەك (سانی لتف الله) کە بازرگانی کردووە بۆ ماهی دەشتی ئێران و خانەقین و پێوان)، هەروەها ( عەینا شاقوڵی و سۆسەن خالد) کە بە کشتوکاڵ و باخداری توانیویانە منداڵەکانیان بە باشترین شێوە پەروەردە بکەن، لە بڕیار دانیشدا ژنان بەشداریان کردووە، بە تایبەتی لە بڕیارە خێزانیەکاندا یان هەرشتێك کە زیاتر پەیوەست بوبێت بە ژنان و دایکانەوە . بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.

بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (١١)

پرسیار: پێگەی دایك و باوك لە خێزاندا چۆنە لە گوندی هاوار ؟

وەلاّم: وەك ژن و پیاو هەموو یەك ئاستن لە حەق پێداندا، لە ڕۆڵ وپێگەیاندا دایکان بەشداری زۆرێك لە بڕیارەکانن لە خێزاندا، لە ئاینی کاکەیدا زۆر ڕێز لە دایك و باوك گیراوە ، تەنانەت لە میراتدا ژن و پیاو یەکسانن و وەك یەك میرات وەر دەگرن، بۆیە لە پایە و ڕێزو پێگەیاندا یەکسانن، ئەوەی باوك بەرپرسی یەکەمە و دەسەلاّتی خێزانی بە دەستە داب و نەریتی کوردەواریە وای کردوە ، ئێمەش پا بەندین پێیەوە، هەروەها پێویستە لە بیری نەکەین کە کوڕی گەورە لە خێزانی کوردیدا بە گشتی

جێگرەوەی باوکە ، لێرەش بە هەمان شێوەیە، کوڕی گەورە بەر پرسیارێتی خێزانی لە ئەستۆدایە لە پاش باوك و لە ئامادە نەبوونی باوکدا[1]. ڕێزگرتنی برای گەورە  لە خێزاندا ئەرکە و پێویستە پێوەی پا بەندبن .

(١) رمضان همیرخان (کۆساری)، بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (١١)، سەرچاوەی پێشوو.

## باسی چوارەم: پەیوەندیە خزمایەتیەکان

**باسی چوارەم لە چەند تەوەرێك پێکهاتووە کە بریتین لە :**

**تەوەری یەکەم: خزمایە تی و جۆرەکانی :**

**خزمایەتی وەها حسابی بۆ دەکرێت کە کۆمەڵگا دیاری دەکات، هەندێك جار ڕێك و تەواوە لە ڕووی بایولوجیەوە، بەڵام لە هەندێ جاری تردا، لەو ڕووەوە دیاری ناکرێت ، بۆیە دەگەینە ئەوەی نەسەقی خزمایەتی جیاوازە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە[١].**

**بابەتی خزمایەتی ئەوەی پەیوەستە بە گیروگرفتی هاوسەرگیری و خێزان ، ناوەندی سەرەکی توێژینەوە کۆمەڵناسیەکانن، بە تایبەتی ئەنسرۆپۆلۆجیا کە بە پلەی یەکەم ،توێژینەوەکانی کۆمەڵگای تەقلیدی یان کۆمەڵگاکانی پێش پیشەسازیە، کە بۆی هەیە هۆکاری سەرەکی گرنگیدانی زانایان بە خزمایەتی ، ڕۆڵی گرنگی هەبێت لە پەیوەندیە خزمایە تیەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا[٢].**

**لە پێشینەترینی ئەوانەی گرنگیان بەم بابەتە داوە و کتێبی تایبەتیان لەسەر نوسیوە ، بە ناوی (أنساق روابط الدم و المصاهرة للاسرة الانسانیة)ی ، (لویس مۆرگانە ) ، کە تیایدا خزمایەتی دیاریکردووە بەوەی بابەتێکی سەرەکی ئە نسرۆپۆلۆجیایە، جیاکاری و ڕێکخستنێکی لە زاراوەکانی خزمایەتیدا کردووە[٣].**

**لایەنی خزمایەتی لە خێزانی کوردیدا بۆ باوك دەگەڕێتەوە ( Patrilineal)، بەوەی کە ڕەچەڵەك لەڕێگەی باوکەوەیە نەك دایك، هەروەك لایەنگری و ویستی سیاسی پەیوەستە بەم خزمایەتیەوە . ئەمەش ڕێ خۆشکەرە بۆ داننان بە دەسەڵاتەکانی مام (برای باوك) لە خێزاندا[٤].**

**کەسێك بەستراوە بە دایك و باوکییەوە بەهۆی ئەوەی لە وان بووە، دایك و باوك پێکەوە بەستراون بە هۆی ژیان و خستنەوەی منداڵەوە، منداڵەکان پێکەوە بەستراون بە هۆی ئەوەی لەیەك پشت و بنەڕەتن.....، ژیانی خزمایەتی دەست پێ ناکات مەگەر لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاوەکە پەیوەندیەکی هاوسەرگیریە، پاشان پێکهێنانی خێزانی بچوك و گەورە لە دوای ئەوە (القبیلة)[٥].**

---

(١) محمد الجوهری و علیاء شکری، مقدمة فی دراسة الانثروبولوجیا، (د-ط)، القاهرة، ٢٠٠٧، ص ٦٠- ٦١.

(٢) أحمد أبو زید، البناء الاجتماعی، المصدر السابق، ص ٢٧٤.

(٣) فاروق إسماعیل، المدخل الی الانثروبولوجیا النظریة والمنهج، دار المعرفة الجامعیة، الاسکندریة، ١٩٨٧، ص ٥٢- ٥٣

(٤) شاکر خصباك، الاکراد دراسة جغرافیة أثنوغرافیة، الدار العربیة للموسوعات، ٢٠٠٥، ص ٤٥٦.

(٥) عزت فتاح حمە صالح، آبلاخ دراسة أنثروبولوجیة، المصدر السابق، ص ٧٣- ٧٤.

به مانایەکی کورت تر خزمایەتی، کۆمەڵە کەسانێکن کە لە نێوانیاندا پەیوەندیەکی خوێنی یان هاوسەرگیری یان خوازراو (التبنی) یان هەیە پێکەوە، بەگشتی پێکەوە ئاسودەن[1]، کەواتە خزمایەتی پەیوەندیەکی ڕاستی یان سەپێنراوە، لە نێوان کەسەکاندا و خزمایەتیەکە بەستراوە بە پلە و ئاستی ئەو پەیوەندیە و جۆرەکانی، کە هەندێکیان پەیوەندی خوێنیە و هەندێکیان مەرامێکی کۆمەلأیەتی لە پشتەوەیە. خزمایەتیش سێ جۆری سەرەکی هەیە :

١- خزمایەتی بایولۆجی( خزمایەتی خوێن): جۆرێکە لە خزمایەتی کە پێك دێت لە ڕێگەی ڕەچەڵەك یان خوێنەوە، لە ڕێگەی باوك یان دایکەوە.

٢- خزمایەتی ژن و ژنخوازی: ئەم جۆرە لە خزمایەتی لە ڕێگەی هاوسەرگیریەوەیە ، بەتایبەتی هاوسەرگیری دەرەکی، هەروەها لە ڕێگەی هاوسەر گیری ناوخۆیی لە کاتێکدا ژن و مێرد یان کوڕو کچ لە خزمانی باوك یان دایکیش نەبن.

٣- خزمایەتی کۆمەلأیەتی:جۆرێکی خزمایەتیە، کە لە ڕێگای شوێنی نیشتەجێ بوون یان زەویەوە، یان لە زۆر ڕێگەی ترەوە، وەك جۆرەکانی هاوسەرگیری و هاوسەرگیری سێبەری( الزواج الشبح)، هاوسەرگیری دۆستی بێوە ژن (محظیة الارملة)*.

لێکۆڵینەوەی لایەنی خزمایەتی بەبێ بابەتی زاراوەکان ئەستەم و گرانە، چونکە ئەو زاراوەیە زۆرجار دیاریکەری دووری و نزیکی خزمایەتیەکان دەردەخات، هیچ کۆمەڵگایەکیش نیە کە پلە بەندی و جیاکاریەکی تایبەتی خۆی بۆ خزمایەتی نەبێت، لەبەر ئەوەی لە ڕووی زاراوەوە تایبەتمەندی و پێگەی ئەو کەسە لە خزمایەتیدا دیاری دەکرێت.

ناونانی خزمایەتی گرنگییەکی گەورەی هەیە ، بەوەی دیاریکەری زۆرێك لە ڕوخساری کرداره کۆمەلأیەتیەکانە[2]، لە ڕاستیشدا لایەنی پۆلێنکردن (تصنیفی)، خزمایەتی جیاوازیەکی بەر چاوی هەیە، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە[3]. ئەو زاراوانەی بەخزمان دەوترێت ،بۆ دیاری کردنی جۆری خزمایەتیەکە ،دوو جۆرە لە زاراوە کە بریتین لە :

---

(١) فیلیپ لابورت وتولراجان و بیار فارنییه، إثنولوجیا أنثروبولوجیا، المصدر السابق، ص ٨٧.

* سەیری سەرچاوە ( أحمد أبو زید ، البناء الاجتماعی، الانساق، ج ٢، ص ٢٩٥) بکە.

(٢) المصدرنفسه ، ص ٩٦.

(٣) محمد الجوهری ، الانثرو بولوجیا أسس و نظریة و تطبیقات عملیة، المصدر السابق، ص ٢١٣.

**أ- زاراوه خزمایەتیە پۆلێنکەرەکان( جیاکەرەوەکان) ، (مصطلحات القرابة التصنيفية).**

**ب- زاراوه خزمایەتیە پیاهەڵدانەکان ( مصطلحات القرابة الوصفية).**

**هەروەها بە پێی بەکارهێنان دابەش دەبن بۆ دوو بوش :**

**١- زاراوەکانی خزمایەتی بۆ ناونان (مصطلحات القرابة النعوت).**

**٢- زاراوەکانی خزمایەتی بۆ بانگ کردن (مصطلحات القرابة للنداء)[١].**

**بە شێوەیەکی گشتی دابەشکردنی زاراوەکانی ئاخاوتن بۆ خزمایەتی کە بە کاردێن و ئاماژەیە بۆیان، سیٚ بەشی سەرەکیە، کە پیٚ دەچێت بۆ هەموو کۆمەڵگاکان پێویست نەبێت کە بریتین لە :**

**<u>کۆمەڵەی یەکەم لە زاراوەکانی خزمایەتی</u>: زاراوە دیاریکراوە تایبەتیەکانن، کە بەکار دێن بۆ کەسانی دیاریکراو، بە تایبەتی کە زۆربەی ئەندامانی خێزان بچوك یا ئاساین وەك : باوك، دایك، برا، خوشك، مێرد، ژن، کوڕ، کچ. ئەم زاراوانە بەکار دەهێنرێن بۆ کەسانێکی دیاریکراو، کە هەریەکەیان واتایەکی ڕوون وئاشکرای هەیە و ناسراون بە( Specific term) .**

**<u>کۆمەڵەی دووەم لەزاراوەکان</u>: زاراوەکانی پیاهەڵدانە(وصفی)یە، کە لە زاراوە جۆریە دیار یکراوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوی دیکە، وەسفی پلەی خزمایەتی و هێڵی نێوەندی ئەو خزمایەتیەی نێوان ئەو دوو کەسە دەکات، بەکار دەهێنرێت بۆ وەسفکردنی هەموو پلەکانی خزمایەتی لە دەرەوەی خێزان، وەك :مام، پورزا، باپیر، خاڵ...هتد، لەم ڕێگەیەوە دەکرێت پلەی خزمایەتیەکە ڕوون بکرێتەوە بە ووردی، هەرچەندە پلەی خزمایەتیەکەش دوور بێت.**

**<u>کۆمەڵەی سیٚ یەم</u> :زاراوەکانی ڕێکخستن وبەشکاریە (التصنیفی)یە، کە زۆر لەنێو خێڵە سەرەتاییەکاندا بڵاوە، تیایاندا زاراوەیەکی خزمایەتی بەکاردێت کە لە زاراوە جۆریەکانە، بۆ کەسانێك کە لە ڕاستیدا پەیوەندیە خزمایەتیەکەیان جیاوازە لەو زاراوەی بۆی بەکار دێنن....، ئەو زاراوەیەش بە کەسانێك دەوترێت کە سەر بەهەمان جیلن، بە چاو پۆشیکردن لە دوور و نزیکی پلەی خزمایەتیەکە بۆ ئەو کەسە[٢]. کە لەم جۆرە لە بەکارهێنان لە ناو کۆمەڵگاکەدا زۆر بەکاردەهێنرێت، لە ماوەی توێژینەوە لەسەر نەسەقی خزمایەتی و بەشەکانی توانرا زۆرێك لە پەیوەندی ولایەنەکانی کۆمەڵایەتی و جۆری یەکە مۆرفۆلۆجیەکان کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گوندەکەی لەسەر وەستاوە ،وەك لەخشتەی**

---

(١) شاكر مصطفى سليم، قاموس الانثروبولوجيا، المصدر السابق، ص ٥٣٢.

(٢) أحمد أبو زيد، البناء الاجتماعي، المصدر السابق، ص ٣٨١- ٣٨٣

ژماره (٣)دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ژمارە (٣) زاراوەکانی خزمایەتی پیشان دەدات لە گوندی هاواردا.**

| | | نازناوی پیاهەڵدان (وەصفی) | | نازناوی بانگکردن | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | خزمه کان | قسه کەر– نێر | قسه کەر–مێ | بانگ کەر– نێر | بانگ کەر– مێ |
| ١ | باوك | باوکمه | باوکمه | باوکه | باوکه |
| ٢ | دایك | دایکمه | دایکمه | دایکه | دایکه |
| ٣ | برا | برامه | برامه | کاکه، ناوی خۆی | کاکه، ناوی خۆی |
| ٤ | خوشك | خوشکمه | خوشکمه | داده، ناوی خۆی | داده، ناوی خۆی |
| ٥ | کوڕ | کوڕمه | کوڕمه | کوڕم، ڕۆڵه | کوڕم، ڕۆڵه |
| ٦ | کچ | کچمه | کچمه | کچم، ڕۆڵه | کچم، ڕۆڵه |
| ٧ | باوکی باوك | باوامه | باوامه | باوا | باوا |
| ٨ | دایکی باوك | مامامه | مامامه | ماما | ماما |
| ٩ | مام | مامۆمه | مامۆمه | مامۆ | مامۆ |
| ١٠ | پور | مه تیمه | مه تیمه | مه تی | مه تی |
| ١١ | خاڵ | لالۆمه | لالۆمه | لالۆ | لالۆ |
| ١٢ | باوکی دایك | باوامه | باوامه | باوا | باوا |
| ١٣ | دایکی دایك | مامامه | مامامه | ماما | ماما |
| ١٤ | کوڕی مام | مامۆزامه | مامۆزامه | مامۆزا،ناوی خۆی | مامۆزا، ناوی خۆی |
| ١٥ | کچی مام | مامۆزامه | مامۆزامه | مامۆزا،ناوی خۆی | مامۆزا، ناوی خۆی |
| ١٦ | ژنی مام | مامۆژنمه | مامۆ ژنمه | مامۆ ژن | مامۆ ژن |
| ١٧ | کچی پور | مەتیزامه،پورزامه | مەتیزامه،پورزامه | به ناوی خۆی | به ناوی خۆی |
| ١٨ | کوڕی پور | مەتیزامه،پورزامه | مەتیزامه،پورزامه | به ناوی خۆی | به ناوی خۆی |
| ١٩ | کوڕی خاڵ | لالۆزامه،خاڵۆزامه | لالۆزامه،خاڵۆزامه | بەناوی خۆی | بەناوی خۆی |
| ٢٠ | کچی خاڵ | لالۆزامه،خاڵۆزامه | لالۆزامه،خاڵۆزامه | به ناوی خۆی | به ناوی خۆی |
| ٢١ | ژنی خاڵ | لالۆژن،خاڵۆژن | لالۆژن،خاڵۆژن | لالۆژن،خاڵۆژن | لالۆژن،خاڵۆژن |

| | | نازناوی پیاهەڵدان (وەصفی) | | نازناوی بانگکردن | |
|---|---|---|---|---|---|
| | خزمه کان | قسه کەر– نێر | قسه کەر–مێ | بانگ کەر– نێر | بانگ کەر– مێ |
| ٢٢ | پور | مەتیمه،پورمه | مەتیمه،پورمه | مەتی،پوریَ | مەتی، پوریَ |
| ٢٣ | کوڕی پور | مەتیزامه،پورزامه | مەتیزامه،پورزامه | به ناوی خۆی | به ناوی خۆی |
| ٢٤ | کچی پور | مەتیزامه،پورزامه | مەتیزامه،پورزامه | به ناوی خۆی | به ناوی خۆی |
| ٢٥ | هاوسەریپور* | شوی مەتیمه | شوی مەتیمه | ناوی خۆی،مامۆ | ناوی خۆی،مامۆ |
| ٢٦ | هاوسەری خوشك | زاوامه | زاوامه | به ناوی خۆی | به ناوی خۆی |
| ٢٧ | هاوسەری کچ | زاوامه | زاوامه | به ناوی خۆی | به ناوی خۆی |
| ٢٨ | باوکی هاوسەرت | خەزورمه | ____ | مامۆ | ____ |
| ٢٩ | دایکی هاوسەرت | خەسومه | ____ | مەتی ناوەکەی | ____ |
| ٣٠ | باوکی هاوسەر(ژن) | ____ | خەزورمه | ____ | مامه |
| ٣١ | دایکی هاوسەرت(ژن) | ____ | خەسومه | ____ | خەسوناوەکەی |
| ٣٢ | ژنی برا | براژنمه | براژنمه | براژن،ناوەکەی | براژن،ناوەکەی |
| ٣٣ | کوڕی برا | برازامه | برازامه | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٣٤ | کچی برا | برازامه | برازامه | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٣٥ | کوڕی خوشك | خوشکه زامه | خوشکه زامه | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٣٦ | کچی خوشك | خوشکه زامه | خوشکه زامه | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٣٧ | ژنی کوڕت | بوکمه | بوکمه | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٣٨ | کوڕی کوڕ | کوڕه زامه | کوڕه زامه | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٣٩ | کچی کوڕ | کوڕەزامه | کوڕەزامه | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٤٠ | کوڕی کچ | کچه زامه | کچه زامه | ناوی خۆی | ناوی خۆی |
| ٤١ | کچی کچ | کچه زامه | کچه زامه | ناوی خۆی | ناوی خۆی* |
| ٤٢ | هاوسەر(ژن) | خێزانمه،ماڵەوەمان | ____ | ناوی خۆی | ____ |
| ٤٣ | دایکی هاوسەر(ژن) | خەسومه | ____ | مەتی ناوەکەی | ____ |

*هاوسەری پور: مەبەست خوشکی دایك، هەروەها خوشکی باوکه پێکەوە.

* هەندێ جار بۆ کچه زاو کوڕه زا (کچم، کوڕم) بەکار دەهێنرێن، بەڵام به کەمی.

| ژ | خزمه كان | قسه كەر– نێر | قسه كەر–مێ | بانگ كەر– نێر | بانگ كەر– مێ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نازناوی پیاهەڵدان (وەصفی) | | نازناوی بانگكردن | |
| ٤٤ | برای ژن | ژن برامه | ____ | ناوی خۆی | ____ |
| ٤٥ | خوشكی ژن | ژن خوشكمه | ____ | ناوی خۆی | ____ |
| ٤٦ | مێرد | ____ | مێردمه | ____ | ناوی خۆی |
| ٤٧ | برای مێرد | ____ | شوبرامه،هێوەرمه | ____ | ناوی خۆی |
| ٤٨ | خوشكی مێرد | ____ | دشمه | ____ | ناوی خۆی |
| ٤٩ | مامی باوك | مامی باوكمه | مامی باوكمه | مامه | مامه |
| ٥٠ | پوری باوك | مەتی باوكمه | مەتی باوكمه | مەتی | مەتی |
| ٥١ | كوڕەمامی باوك | ئامۆزازامه | ئامۆزازامه | مامۆ،ناوی خۆی | مامۆ،ناوی خۆی |
| ٥٢ | كوڕەپوری باوك | مەتیه زازامه | مەتیه زازامه | كاك ناوی خۆی | كاك ناوی خۆی |
| ٥٣ | كچی پوری باوك | مەتیه زامه | مەتیه زامه | مەتی ناوی خۆی | مەتی ناوی خۆی |
| ٥٤ | خاڵی باوك | لالۆی باوكمه | لالۆی باوكمه | لالۆ ناوی‌خۆی | لالۆ ناوی خۆی |
| ٥٥ | كوڕی خاڵی باوك | لالۆزازامه | لالۆزازامه | لالۆ،مامۆ،كاك | لالۆ،مامۆ،كاك |
| ٥٦ | كچی خاڵی باوك | لالۆزامه | لالۆزامه | مەتی ناوی خۆی | مەتی ناوی خۆی |
| ٥٧ | پوری باوك | مەتی باوكمه | مەتی باوكمه | مەتی،داده ناوی | مەتی، داده ناوی |
| ٥٨ | كوڕەپوری باوك | مەتی زای باوكمه | مەتی زای باوكمه | مامۆ،كاك ناوی | مامۆ،كاك ناوی |
| ٥٩ | كچی پوری باوك | مەتی زای باوكمه | مەتی زای باوكمه | مەتی،داده ناوی | مەتی،داده ناوی |
| ٦٠ | كوڕی ژن(هاوسەرت) | زڕ كوڕمه | ____ | ناوی خۆی | ____ |
| ٦١ | كچی ژن(هاوسەرت) | زڕ كچمه | ____ | ناوی خۆی | ____ |
| ٦٢ | كوڕی مێرد | ____ | زڕ كوڕمه | ____ | ناوی خۆی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٣ | کچی مێرد | ــــــ | زڕکچمە | ــــــ | ناوی خۆی* |
| | | | | | |

لەو خشتەیەی سەرەوە ڕوون دەبێتەوە، جۆری ئەو پەیوەندیە خزمایەتیە جۆر بەجۆرانەی کە لە کۆمەڵەی یەکەم دایە وەك (باوك–کوڕ، دایك–کوڕ، برا–خوشك، پیاو–ژن).

کۆمەڵەی دووەم و سێیەم لە کەسانی دایك و باوك ، خزمایەتیە بایولۆجیەکانی خزمایەتی و ژن و ژنخوازی (المصاهرە) و کۆمەڵایەتی کە ئاماژەیان پێ کراوە. پەیوەندی خزمایەتی لە کۆمەڵگا سادە وساکارەکاندا، درێژدەبێتەوە بۆ بوارە بنە ڕەتیەکانی ژیانی تایبەتی، ئابوری و سیاسی و خێزانی و بیرو باوەڕ هەتا کەیف و خۆشیەکان، بۆیە دەکرێت بڵێین بواری پەیوەندیە خزمایەتیەکان پەل دەکێشێ بۆ ژیان بە هەموو لایەنەکانیەوە لەم جۆرە کۆمەڵگانەدا[1].

پەیوەندی خزمایەتی پەلی کێشاوە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، پەیوەندی و پێکەوە بەستراویان بۆ بنەماڵەی ئەو کەسە و پێکهاتەکانی بەهێزە، بێجگە لەوەی کە لایەنی ئابوری و بیرو باوەڕی ئاینیان هاندەرێکی باشی ئەم پەیوەندیەی نێوانیانە، لایەنی خزمایەتیش لە جۆری ڕەچەڵەکی باوکایەتیە لە هاواردا، وەك هەموو شارو گوندەکانی دیکەی کوردستان، پشت بەستون بە بنەماڵە و خزمایەتیان، مام (برای باوك) جێگرەوەی باوکە ئەگەر کوڕی گەورە نەبێت، خاڵۆ(برای دایك)، وکەسانی دایك ناتوانن وەك مام ڕۆڵ ببینن، هەرچەندە وەك خۆیان دەڵێن: ئەم حاڵەتە وەك خۆی نەماوە ئێستا.

ئێستا هەندێك لە لایەن ونەسەقە سەرەتاییەکان و تەنانەت زاراوەکانیش لەناو دانیشتوانی گونددا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەهۆی گۆڕانکاریەکانی سەردەم و ئەو تێکەڵ بوونەی لەگەڵ هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور، کە کاریگەری کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئاینیشیان لەسەرە، سەرەڕای بەرز بوونەوەی ئاستی هۆشیاری و خوێندەواری کەسانی گوندی هاوار، هەروەها لایەنی جیهانگیری وپیشەسازی و ئاستی ژیان کە کاریگەری خۆی لەم بوارەدا هەبووە، پەیوەندی خزمایەتی لە خێزاندا پێش پیشەسازی کۆمەڵە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی وەك هۆز، عەشیرەت ، بنەماڵە، دەستە، خێزانی درێژەوەبوو......، زاڵبوون بەسەریدا[2]، بەڵام ئێستا ڕێکخراوەکانی دەرەوەی خێزان کاریگەریان لەم بوارەدا زۆرە.

---

* لە کارەکانی خوێندکار بە سود وەرگرتن لە ( عزت فتاح حمە صالح، آبلاخ دراسة أنثروبولوجية).

(١) قيس النوري، المدخل الى علم الانسان، المصدر السابق، ص ٢٠١.

(٢) إحسان محمد الحسن، التصنيع و تغير المجتمع، دار الرشيد للنشر، بغداد– العراق، ١٩٨١،ص ١٨٦.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، پەیوەندی ولایەنی خێزانی لە هاواردا بەهێزە، سەردان و پرس و ڕاوێژ و بەدەمەوە بونیان، بەرگریکردنیان لەگوندەکەیان و پاراستنی شکۆی خزمایەتی و کەسایەتیان، لەگەڵ ئەوەی کە ژیانی ناو گوندیان لەلا باشترە تا ئەوەی ئێستا لە ڕووی پەیوەندیە خزمایەتیەکانەوە بەوەی لە کاتێکدا نیشتە جێی گوند بوون هەموو گوندەکە وەك یەك ماڵ بوون لە پەیوەندی و هاوکاری و بەدەمەوە بوون، بەڵام ئێستا ئەو پەیوەندیە لاواز بووە، ئەو بنەماڵانەی دانیشتوانی هاواریان پێکهێناوە بریتین لەم بنەماڵانەی خوارەوە کە لای کۆمەڵگەی توێژینەوە زیاتر (هۆز)بەکار دێنن:

أ- بنەماڵەی پیرە ئیسماعیلیەکان : کە بە هۆزی (کوێخا) ناسراون، بنە چەیان دەگەڕێتەوە بۆ (پیر ئیسماعیلی کەوەلانی)، کە لەحەفتاو دووپیرەی سوڵتان ئیسحاقدا ناوی هاتووە، زۆربەی کوێخاکانی لەم بنەماڵەیە بوون.

ب- بنەماڵەی وسەین: بە هۆزی (ووسکە) ناسراون، دەوترێت: لەگەڵ (پیر ئیسماعیل )دا، لەیەك سەردەمدا بوون، ئەو کاتە (میر ئەسکەندەر ) سەیدی هاوار بووە، باپیرەی ئەو هۆزە کەناوی (وسەین)ە، لە خزمەتی میر ئەسکەندەر دا بووە، ئەم دوو هۆزە زۆرێك لە دانیشتوانی ( هاوار، هاوارە کۆن، دەرە تفێ) پێك دەهێنن.

ج- بنەماڵەی کاك ئەحمەد: بە هۆزی (دۆمان) ناسراون، چونکە باپیرە گەورەیان کلاشی دروست کردووە، لەو کاتەشدا هەر کەسێك کلاشی کردبێت پێیان گوتووە دۆم، لە گوندی هاوارە کۆندا نیشتەجێن[1]. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.

چاوپێکەوتنی ژمارە ( ١٢)

پرسیار: بنەماڵەکان کە دانیشتوانی هاواری لێ پێك هاتووە ،کامانەن ؟

وەلام: لەسەرەتای دروستبونییەوە سێ بنەماڵە بوون، کە هۆزی کوێخا و تیرەی کاك ئەحمەد و تایفەی ووسکەن، هیچ پلە بەندییەکیش لە نێوان بنەماڵەکاندا نیە و هەموو یەك ئاستن، لە ناویاندا تیرەی کاك ئەحمەد کۆنترینیانە کە ناسراون بە (دۆم)، دایکی خەڵکی گوندی دزاوەری ئێران بووە و موسوڵمان بووە، ئەمەش کاتێك بووە تاعون لە هاواردا بلاو بووەتەوە و کۆچیان کردووە بۆ دزاوەر، لە دزاوەردا فێری کلاش کردن بووە بۆیە بە (دۆم) ناسراوە، بە گشتی هەموو خزم و کەسی یەکترن، پەیوەندی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە بێ جیاوازی[2].

---

(١) رمضان همیرخان (کۆساری)، هاوار و هاواریەکان، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٦- ٥٧.

(٢) فرهاد علی قوربانی، چاوپێکەوتنی ژمارە (١٢)، سەرچاوەی پێشوو.

**سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕانکاریانە بە گشتی، پارێزگاریان لە پەیوەندی و پلە بەندیەکانی خزمایەتی و تەنانەت زاراوە و گۆکردنی خزمایەتیشیان پاراستووە، کە هەموو ئەمانە هۆکاری مانەوەو بەردەوام بوونی ئەم کۆمەڵگایە بوون لە هەرێمی کوردستاندا .**

## تەوەری دووەم: خزمایەتی ژن و ژنخوازی (المصاهرة):

**بنەمای خزمایەتی هەرچەندە سادەبێت، بە هیچ شێوەیەك ناگونجیٚ لە خێزانی بایولوجی پێك هاتبێت لە دایك و باوك و منداڵەکان، بەڵکو هەمیشە لە پەیوەندی ژن و ژنخوازی (المصاهره) ی دیاریکراو پێك دێت لە سەرەتاوە[١].**

**هاوسەرگیری پەیوەندی ژن و ژنخوازی دروست دەکات، لە نێوان کەسانێکدا کە پێشتر بەیەك بێگانە بوون، بگرە پێدەچێت دوژمنی یەکتر بووبن[٢]، لە کاتێکدا دوو کەس هاوسەرگیری دەکەن دەبن بەخزمی یەکتر، بەڵام پەیوەندی هاوسەرگیری ژمارەیەکی زۆر تریش لە خزمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، باوان واتە : دایك و باوك و خوشکە کان و براکان و خزمانی خوێنی بە خزمی هاوبەشی هاوسەرگیری لە قەڵەم دەدرێن[٣].**

**مەبەست لەم پەیوەندیە خزمایەتیە، پەیوەندی کەسە بە کۆمەڵێکی دیکەوە کە جیا لە نەسەبی خۆیەتی، لە ڕێگەی هاوسەرگیریەوە ئەگەر کەسەکانی خزمانی دایك بێت خۆشەویستی و ئینتیمای بۆ کۆمەڵە نەسەبی باوك هەبێت، وە خزمانی باوك کاتیٚ کۆمەڵەکە خۆشەویستی و ئینتیمایان بۆ کۆمەڵەی نەسەبی دایك هەبێت[٤].**

**لەم جۆرە لەخزمایەتی زۆرە، چونکە لەگەڵ زۆرێك لە بنەماڵە و ناوچەکانی دیکەدا هاوسەر گیریان ئەنجام داوە، وەك : هەورامان، هەڵەبجە، شارەزوور، کەرکوك، موسڵ، خانەقین، شاربازێڕ و ...هتد، ئەم جۆرە لە خزمایەتی بە دوو شێوە دەردەکەوێت : یەکەمیان : خزمایەتی ناوخۆ**

---

(١) کلود لیڤی شتراوس،الانثروبولوجیا البنیویة، ت/ مصطفی صالح، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومی، دمشق– سوریا، ج٢، ١٩٨٣، ص ١٢٤.

(٢) محمد الجوهری و علیاء شکری، مقدمة فی دراسة الانثروبولوجیا، المصدر السابق، ص ٨٦.

(٣) ئەنتۆنی گیدنز، کۆمەڵناسی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٠٦.

(٤) قیس النوری، المدخل الی علم الانسان، المصدر السابق، ص ٢٠٩.

بەهۆی ژن و ژنخوازیەوە کە زیاتر ئەو چینانە دەگرێتەوە کە دەتوانن ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدەن و ئاینی کاکەیی ڕێگەی پێداون، هۆکارێکی دروست بوون و بەهێز بوونی پەیوەندیەکانیانە. دووەمیان: هاوسەرگیری لەگەڵ موسوڵمانەکانی هەورامان و هەڵەبجە و شارەزوور و شارباژێڕو ڕانیەو هەولێرو سلێمانی و تەنانەت شارەکانی ناوەڕاستی عێراق و موسڵ و... هتد، کە ئەمەش پەیوەندیەکەیانی فراوانتر کردووە لە ڕووی ژن و ژنخوازی و تێکەڵاو بوونیان لە ڕووی خێزانیەوە. بەپێی بە دوادا چوونەکانی توێژەر لە گوندی هاواردا زیاتر لە (٦٠) بوك و زاوایان هەیە کە موسوڵمانن و کاکەیی نین، کە هۆکارێکی بە هێزی دروستکردنی پەیوەندی خزمایەتی و پێکەوە ژیان و نەهێشتنی جیاوازیەکانە هەتا ئەگەر ئاینیش بێت ، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.

**چاوپێکەوتنی ژمارە (١٣)**

**پرسیار: خزمایەتی هاوسەرگیری لە هاواردا چۆن سەیر دەکرێت ؟**

وەڵام: خزمایەتی هەر جۆرێکی بێت ڕێزو پێگەی خۆی هەیە ، لە خزمایەتی ژن و ژنخوازیشدا خزمایەتی خۆی دروست دەبێت، چونکە ئەو پرۆسەیە هەردوو کەسەکە بە تەنها پێکەوە نا بەستێت بەڵکو دوو بنەماڵە تێکەڵ بەیەك دەکات، بۆیە زۆر گرنگی پێ دەدرێت، هاوسەرگیری ناوخۆیی لای بەباشتر سەیر دەکرێت، چونکە زاوا یان بوك ئەگەر کاکەیی نەبوون فەرقی دەبێت و وەك زاوا یان بوکێکی کاکەیی سەیری ناکرێت ، بەڵام ئەمە مانای بەسوك سەیرکردن نیە ، چونکە نە ئاین و نە داب و نەریت بە سوك سەیری کەس ناکەن[1].

لە ئاینی کاکەیدا ڕێگە بە وە نەدراوە کە هاوسەرگیری لە دەرەوەی کاکەیی بکرێت، بەڵام دانیشتوان چاوپۆشیان لەم لایەنە کردووە لە پێناو بە هێزکردنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندا، کە هۆکارێکی باشی بەهێز کردنی پەیوەندیەکانیانە لە دەرەوەی ئاینەکەیان ، هەروەها بە پێی بە دوادا چوونەکانی توێژەر ئەو دوو کەسەی هاو سەرگیریان کردووە، ئەوەیان کە کاکەییە نابێت ڕێگە بدات بە خواردنی (نەزر) یان (نیاز) کە تایبەتە بە کاکەییەکان، تا ئەو کاتەی بچێتە سەر ئاینی کاکەیی، کە ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە لایەنی ئاینی خزمایەتی بەدەر نیە لە کاریگەریە ئاینیەکان ، هەرچەندە جۆرێك لە کرانەوەیان زیاتر پێوە دیارە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی کاکەیی نشین.

---

(١) رمضان همیرخان (کۆساری)، چاوپێکەوتنی ژمارە (١٣)، سەرچاوەی پێشوو.

## تەوەری سێ یەم: کارکردن وجل وبەرگ وکات بەسەربردن:

### یەکەم: کاری بە کۆمەڵ و هاوکاری لە گوندی هاواردا:

هاوکاری و بەدەمەوە بوونی دانیشتوانی گوند زۆر بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت، بە تایبەتی لەو ماوەیەی توێژەر سەرنجی دەدا، پێکەوە بوون و هاوکاری و هەواڵ پرسی و تەواو لە نێوانیاندا دەبینرا، کە ئەمەش نیشانەی پەیوەست بوون و یەکێتیانە، بەرژەوەندی هاوبەش و ئاینی هاوبەش دوو خاڵی سەرەکی ئەم پێکەوە ژیانەن، لە سەردەمانێ کە خەریکی کشتوکاڵ کردن بوون ، هەموو یان پێکەوە بە هەرەوەزی کاریان بۆ یەکتری کردووە کە دەیانگوت (گەڵی بۆ ئەکەین) واتە هەموو پێکەوە کارەکە بۆ ئەو کەسە ئەنجام دەدەن ،کە ئەمەش بەسەرە بوە زۆر جار ، لەکاتی کارەساتەکاندا هەموو پێکەوە هاوکاری یەکتر بوون ، لە سوتانی کەژ و کێو یان ماڵ یان باخی کەسێك یان هەر شتێك مەترسی بۆ گوندەکە هەبوبێت هەموو پێکەوە هاوکاری یەکتریان کردوە بۆ چارەسەر کردنی، تەنانەت لە ئێستادا کە گەشتیاران ڕوو لە گوندەکەیان دەکەن زۆر کات پێکەوە گوندەکە لە پاشەڕۆی گەشتیاران پاك دەکەنەوە، هەروەها لە ڕێو ڕەسمە ئاینیەکانیاندا پێکەوەیی و تازەکردنەوەی پەیوەندیەکانیان تێدا دەبینرێت.

لە ڕێو ڕەسمی پرسەو ماتە مینیەکانیاندا، بەدەمەوە بونێکی بەرچاویان هەیە ، وەك مامۆستا (ئاکۆ شاوەیس) باسی دەکرد" لە بەرواری ١٩٩٧/٦/٨، ساڵانە (٢٠) هەزار دینار لە هەر بەشداربویەك وەردەگیرێت، کە لە ساڵانی پێشوودا بۆ پرسە بڕی (١٨٠) هەزار دینار دەدرایە خاوەن پرسە وەك هاوکاریەك بۆی، بەڵام ئێستا بڕی (٥٠٠) هەزار دینارە، بۆ هەر بووك و زاوایەك تازە هاوسەرگیریان کردبێت بڕی (٧٥) هەزار دیناری پێ دەدرێت وەك هاوکاری ، ئەم هاوکاریە دەگەیەنرێتە هەر کەسێکی گوندەکە لە هەرشارێکی هەرێمی کوردستاندا نیشتەجێ بوبێت ، (٢٨) کەس لە کۆکردنەوەی ئەم هاوکاریەدا بەشدارن، هەر گرفتێکی تر لە ماڵێکی گوندی هاواردا بە پارە چارەسەر بێت بەپێی توانا لەم سندوقی هاوکاریەوە هاوکاری پێ دەگەیەنین" کە ئەمەش یەکڕیزی و گیانی هاوکاری زیاتری دانیشتوانی ئەم گوندە دەردەخات لە نێوان خۆیاندا لە بوونی هەر گرفتێك کە ڕوویان تێ بکات.

دووەم: جل و بەرگ و کات بەسەر بردن:

جل و بەرگی کۆمەڵگای توێژینەوە،وەك هەموو ناوچەکانی دیکەی  هەرێمی کوردستان جل و بەرگی کوردیە، بەڵام بەپێی پیشە و کارو تەمەنیان جیاوازی هەیە، هەروەها لە سەردەمانی کۆندا جل و بەرگ جیاوازی هەبووە لەگەڵ ئێستادا،  هەروەها کات بەسەر بردن لە هاواردا چێژو خۆشیەکی خۆی هەبووە ، وەك ئەوەی خۆیان دەیگێڕنەوە، بۆیە لێرەدا  جۆری جل و بەرگ و کات بەسەر بردن لە هاواردا باس دەکەین بەم جۆرە:

١- جل وبەرگی پیاوان:

پیاوان لە کۆندا، ڕانك و چۆغە لەگەڵ تاقیلە ومشکی (کڵاومشکی)، کوڵەباڵ ، هەروەها پوزەوانە و فەقیانەش بەکاردەهات و جلی شاڵ لەگەڵ کڵاش یان کەوش لەبەر دەکران،کەوش لە چەرمێکی زۆر ڕەق دروستکراوە، لە هەموو ڕەنگەکان جل و بەرگ لەبەر کراوە، بەڵام جل وبەرگی سپی لای میترایی و زەردەشتی و یارسان و ئیزیدییەکان پیرۆزی هەیە، بە تایبەت لە جەم و بۆنە ئاینیەکانیاندا[(١)]، ئەوەی توێژەر تێ بینی کردووە لە نێو دانیشتوانی هاواردا جل و بەرگە سەر تاپا ڕەش نابینرێت تیایاندا، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕنەوەکە :جل وبەرگی سەرتاپاڕەش بە یومنە (خراپە)، و ناخۆشی هێنەرەو دڵ تەنگ کەرە.

٢- جل و بەرگی ژنانە:

ژنان تەنها جل وبەرگی کوردیان لەبەر کردووە، کە پێك هاتووە لە : کراس و کەواو سوخمە( هێلەك) ، لەگەڵ قەزازی* و کڵاو زەڕ و پۆشین** و سەرپۆش کە بەردەوام بەکار هێنراوە، کەوش و پاتە ی  ژنان بۆ لە پێ کردن بە کارهاتون، لە کاتێکدا لە هاواردا نیشتە جێ بوون تەنها جل وبەرگی کوردی بەکار هاتووە، چونکە لەبەر کردنی بە نائاسایی و عەیبە زانراوە، بەڵام ئێستا کە زیاتر لە ناوهەڵەبجە دا نیشتە جێن ، هەمووجۆرە جل وبەرگێکی باوی کۆمەڵگاکە لەبەردەکەن ، بەبێ نائاسایی سەیرکردنی هەرجۆرە جل و بەرگێك کە بەپێی جۆری کارو پیشەو تەمەن دە گۆڕێت.

---

(١) نامق هەورامی، هەورامی زمانی ئاینی یارسان، بەڕێوە بەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی،٢٠١٣،ل ٦٣.

*قەزازی: پۆشاکێکی وەك کۆڵەوانەیە، کە بۆ داپوشینی پشت بەکار دەهات و هەتا ئەژنۆ درێژ دەبویەوە.

**پۆشین: وەك مشکی سەری پیاونە ،بەڵام کۆمەڵێك گوڵەنی پێوە بوو بۆ جوان کردنی ، دەخرایە سەر شان.

**٣- كات بەسەر بردن:**

**بەسەر بردنی كات  جیاوازی هەیە لەنێوان ئێستا و ڕابردودا، پاش ئەوەی دەچونە سەر كار و كاری ڕۆژانەیان ئەنجام دەدا، دەگەڕانەوە ناو گوندو دەچونە چایخانەكانی ناوگوند ، بۆ گفتوگۆ و قسەی خۆش و ڕاگۆڕینەوە لەسەر هەندێك بابەتی ناوگوند، هەندێك جار یاری جۆراو جۆریان ئەنجام داوە بۆ بەسەر بردنی كاتە كانیان، پاش كردنەوەی قوتابخانە منداڵان دەچوون بۆ قوتابخانە ، لە پاش قوتابخانە یاری و گاڵتە یان پێكەوە دەكرد، ژنان لە دوای تەواو كردنی كاری ناو ماڵ خەریكی باخ و دۆشینی ئاژەڵ و دانی ئالیك بە ئاژەڵەكانیان ، هەروەها خەریك بونیان بە پیشە دەستیەكانی ئەو كاتە، لە شەوانیشدا سەردان و پێكەوە بوون و قسەی خۆش وگێڕانەوەی بەسەرهاتەكانی ئەو كاتە لەنێوان خۆیانداكاتیان بەسەر بردوە. بۆ زیاتر ڕوون كردنەوەی بابەتەكە چاوپێكەوتن ئەنجام دراوە.**

**چاوپێكەوتنی ژمارە (١٤)**

**پرسیار:   چۆن كات  بەسەردەبەن ؟**

**وەڵام: پاش تەواو بوونی كاری باخ و كشتوكاڵ، خەڵكی دەچوونە ناودوكان و چایخانەكان ،هەتا ساڵی (١٩٧٨) دوو چایخانەو (١٢) دوكانی تێدا بووە، چایخانەكانی ( فەتاحی  كەیكاوس و صاڵحی حەمە عەزیز)، دوو ئاشی ئاویشی تێدا بوو ، بۆ كات بەسەر بردن لەم سێ شوێنەدا خەڵكی كۆ دەبوونەوە و قسەی خۆش و گاڵتە كردن و گفتوگۆ دەكرا، شەوانیش سەردانی نەخۆش یان كۆبونەوە لە ماڵێكدا بۆ یاری وەك كلاوێنەو یاری تر كە لەو كاتانەدا باو بوون[1].**

**وەرزش یەكێكی دیكەیە لەو ڕێگایانەی كاتیان پێ بەسەر بردووە، لەو یاریە وەرزشیانەی كە كراوە وەك ( یەكە وحەیزەران، قول قولێن، چاو شاركێ، پشت كێلان، چاڵێن بە گوێز، تەڵەو ڕێوی، تۆپی پێ كە تۆپەكەیان لە پەڕۆ دروست كردوە تا ساڵانی حەفتاكان وەك خۆیان دەڵێن تۆپ هێنرا و پەیدا بوو، یاری سوار پیادەبێت یان پیادە سوار ، هێلكە شكێنە كە هەندێك جار چەندین گوند دەگەڕان هەتا هێلكەی توێكڵ ئەستوریان پەیدا دەكرد.. هتد)، هەروەها ڕاوكردن یەكێكی دیكەیە لەو كارانەی كاتی پێ بەسەربراوە لە هاواردا، كە ئەویش خولیای هەندێك كەسی نێو هاواربووە، ڕاو كردنیش وەك ڕاوی( كەو) كە جۆرەكانی وەك (شەڕە بەق، چیل كڕ، داو نانەوە)، ڕاوكردنی باڵندەی (قاژ) كە لە پایزاندا دەهاتنە هاوار و ڕاویان دەكرا، ڕاوی ئاژەڵیش دەكرا لە وانە:**

---

**(١) نەوزاد فائق صالح، چاوپێكەوتنی ژمارە (١٤)،  سەرچاوەی پێشوو.**

( سمۆره، کەروێشك، چالەك، سوچەڕ، کەڵە کێوی) کە ئەمانە گۆشتیان دەخورا، بەڵام ئاژەڵەکانی وەك ( دەڵەك، ڕێوی ) بۆ پێستەکانیان ڕاو دەکران، ئەو چەکانەی ڕاوی پیٚ دەکران بریتی بوون لە : تاپڕ و چەکی وەرەندڵ و ماوزەرو ساچمە.

ئێستا بە زۆری لە ناو فەرمانگەکانی دەوڵەتدا ئەرکەکانیان ئەنجام دەدەن، ڕۆژانی پشو زیاتر خەریکی باخداری دەبن، یان لە ناو بازاڕی گەڕەکی شارەوانیدان پێکەوە کۆ دەبنەوە و گفتوگۆ دەکەن یان لە ناو چایخانەکەی (سۆران رفیق) دا خەریك دەبن بە چای خواردن و یاری دۆمینە و قسەی خۆش و گاڵتە و کات بەسەر بردن، ئەوەی توێژەر تێبینی کرد، ئەوە بوو کە کەمترینی خوێندەوارەکانیان سەردانی ئەو چایخانەیە دەکەن، هەروەها منداڵە کانیشیان ئاسایی خەریکی یاریە جۆراو جۆرە وەرزشیەکانن لە تۆپی پیٚ و یاری بالە وتێنس ویاریەکانی دیکە، هەروەها یاریە ئەلیکترۆنیە جۆر بەجۆرەکان، بەڵام خوێندن لایان لە هەموو ئەمانە گرنگترە ، چونکە زۆر ڕێزی زانیاری و مەعریفە دەگرن ڕێزگرتنێکی گەورە، هەر ئەمەش وای کردووە لە ئێستادا لە زۆرێك لە فەرمانگەکانی هەڵەبجەدا پلە و پێگەی جیاوازیان هەبێت و ڕۆڵی خۆیان تیایدا.

## (بەشی چوارەم)

## نەسەقی کلتوری

باسی یەکەم:کلتور چیە؟

أ – ڕەگەزە مادییەکانی کلتور .

ب – ڕەگەزە واتاییەکانی کلتور.

١– داب و نەریتەکان.

٢– یاسا و ڕامیاری.

٣– ڕای گشتی.

٤– هونەر (الفن).

باسی دووەم: **ئاین**.

## نەسەقی کلتوری:

**باسی یەکەم: کلتور چیە ؟**

**مرۆڤ وەك دروستکراوێکی سەر زەوی، لە ناو کۆمەڵگاکەیدا ژیان بەسەر دەبات و پێداویستیە ماددی و واتاییەکانی خۆی بە دەست دەهێنێت، ئەویش لە ڕێگای کردارو چالاکیەکانی ڕۆژانەیەوە، لە چوارچێوەی ویست وئیرادە و پێوەرە کانی ئەو کۆمەڵگایە، هەوڵی ژیان وبەرەو پێش چوونی خۆی دەدات، مەرجیش نیە هەموو کردارو چالاکیەکانی خۆویستانە بێت،بەڵکو زۆرجار کۆمەڵگا دەیسەپێنێت بە سەریدا، ئایا لایەنی واتایی بێت یان ماددی ئەمە ڕێو ڕەسم و ڕێڕەوێکی کلتوریە لە ناوکۆمەڵگادا، لە ڕێگەی داب و هزرو ئاین و ڕامیاری و باوەڕەکانی ماددی یان واتایی ناوکۆمەڵگاوە**

**کلتور فرە واتایە و پێناسەیەکی دیاریکراوی نیە، بە پێی ووتەی زانایان ( الفرید کروپر و کلاید کلاکهۆن) ، کلتور (١٦٤) پێناسەی هەیە[١]، لە گرنگترین پێناسەکان بۆ کلتور پێناسەکەی ئەنسرۆپۆلۆجستی بەریتانی (تایلر)ە ، دەیناسێنێت بەوەی : هەموو ئەو پێکهاتەیە دەگرێتەوە لە زانیاری وبیروباوەڕەکان و هونەرو یاسا و ڕەوشت و داب و نەریت و تواناکانی تر، کە مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەی وەریان دەگرێت بەو پێیەی ئەندامە تیایدا[٢].**

**زاراوەی کلتور زۆر واتای هەیە لە توێژینەوە زانستیە جیاوازەکاندا و لە سیاقاتی ناچونیەکدا، ئەوەی تێبینی کراوە کە زۆربەی بەکارهێنانەکانی ئاماژەیە بۆ بەرهەمە هزری و مۆسیقاو هونەر و ئەدەب لە کۆمەڵگادا[٣]، بەڵام بە گشتی بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری لەم زاراوە یەدا ڕووی داوە، لەسەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، کلتور چەند واتایەکی هەبووە کە یەکەمیان (حاڵەت و خویەکی عەقڵی گشتی یە)، پەیوەندی تەواوی بە فیکرەی کامڵ بوونی مرۆییەوە هەبووە (کمال الانسانی)، واتای دووەمی ( حاڵەتێکی گشتی بوو بۆ پێشکەوتنە فیکریەکان لە کۆمەڵگادا بە هەموو شوێنەوارەکانیەوە)، واتای سێ یەمی (چوار چێوەیەکی گشتی هونەری بوو)، لە کۆتاییەکانی**

---

**(١) دیڤید ئینغلیز و جون هیوسون، مدخل الى سوسیولوجیا الثقافة، ت/ لما نصیر، مرکز العربی للابحاث والدراسة السیاسات، بیروت، ٢٠١٣، ص ١٦.**

**(٢) دونی کوش ،مفهوم الثقافة فی العلوم الاجتماعیة، ت/ قاسم المقداد، إتحاد کتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٢،ص ٢٢.**

**(٣) لورانس إی وهاریزون و صمویل بی هنتنجتون، الثقافات و قیم التقدم، ت/ شوقی جلال، طبع بمطابع مصر للطیران،القاهرة، ٢٠٠٩، ص ٢٢.**

سەدەی نۆزدەیەمدا واتای چوارەمی دەرکەوت کە ( ڕێگایەکی گشتگیری ژیانی ماددی و ژیری و ڕوحیە [1]، کلاید کلاکهون کلتور پێناسە دەکات بەوەی : وێنا کردنێکە بە شێوەیەکی ئاشکرا و نهێنی بە پێی مێژوو گەشەی کردووە، ژیرانە و ناژیرانە، لە هەموو سەردەمێك لە سەردەمەکانی مێژوودا بوونی هەبووە، وەك ناوەندێکی ئاڕاستەکەری کرداری ئەندامەکانی [2].

ڕالف لنتون کلتور دەناسێنێت بەوەی: پێکهاتەیەکی گشتیە کە پیشەی دەستی و بیر و باوەڕەکان و هونەرو داب و نەریتەکان دەگرێتەوە، کە مرۆڤ وەریان دەگرێت بەوەی ئەندامێکە لەو کۆمەڵەیە[3]، مرۆڤ لە ڕێگەی کردارو هزرو ژیریێتی یەوە کلتور پێك دەهێنێت، کە ئەمەش واتای و ماددی دەگرێتەوە، وابەستەیی کلتورە بە کرداری مرۆڤەوە کە زۆرێك لە پێناسەی بۆ دروست کردووە، هەندێکیان ماددی و ئەوی دیکەیان واتایی و هزری لە خۆ گرتووە ، یان هەردوو لایەنەکە پێکەوە، بەو مانایەی کلتور لە چوارچێوە گشتیەکەیدا، وێنای ڕەوتی کۆمەڵگای مرۆڤی و لایەنەکانی داهێنانی هزری و زانستی دەکات[4].

ئاسان نیە کە ڕێکەوتنێك هەبێت لە نێوان زانایاندا، لەسەر پێناسەیەکی وورد و تەواو بۆ زاراوەی کلتور، لەڕاستیدا چەندین پێناسە هەن کە هەر یەکێکیان چارەسەری لایەنێکی ئەم زاراوە گەورە و فراوانە دەکات، کە دژوارە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە سەرجەم لایەنەکانی ئەو زاراوەیە و ڕەهەندەکانی[5]. کەواتە کلتور دوو لایەنی هەیە : یەکەمیان لایەنی واتای کە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بەدەست ناگیرێن و بە چاو نابینرێن وتەنها هەستیان پیَ دەکرێت، پێداویستیەك لە پێداویستیەکان پڕ دەکاتەوە، بەپێی کات گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، دووەمیان کلتوری ماددیە کە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بە دەست دەگیرێن و بە چاو دەبینرێن و هەستیان پیَ دەکرێت، پێداویستیەك لە پێداویستیەکان پڕ دەکاتەوە، بەپێی کات گۆڕانکاریان بەسەردا دێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە، توێژینەوەیە لە هەموو لایەنەکانی کلتوری کۆمەڵگای گوندی هاوار، کە لایەنی ماددی و واتایی دەگرێتەوە و بە هەموو پێکهاتە کانیەوە ، کە دروستکراوی کردارو ڕەفتارەکان

---

(١) رايموند وليامز، الثقافة والمجتمع، ت/ وجيه سمعان، مشروع النشر المشترك، (د-س)، ص ١٠-١١.

(٢) قيس النوري، المدخل الى علم الانسان، المصدر السابق، ص ١٢٠.

(٣) إبراهيم ناصر، الانثروبولوجيا الثقافية،دار الكرمل للنشر والتوزيع، عمان- الاردن، ١٩٨٥، ص ٩٣.

(٤) عيسى الشماس، مدخل الى علم الانسان، الاتحاد الكتاب للعرب، دمشق، ٢٠٠٤، ص ٥٦- ٥٧.

(٥) بيترل و وآخرون ، التحليل الثقافي،ت/ فاروق أحمد مصطفى وآخرون، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٩،ص ١٩.

بەم شێوە یەی خوارەوە پۆلێنیان دەکەین:

أ – ڕەگەزە ماددیەکانی کلتور.

ب – ڕەگەزە واتاییەکانی کلتور.

## أ – ڕەگەزە ماددییەکانی کلتوری :

مرۆڤ بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانە وبەڕێوە بردنی کاروبارەکانی ژیانی، ناچاربووە پەنا بۆ بەکارهێنانی شمەکەکانی دەوروبەری ببات، لە ڕێگەیانەوە یەکێك لە پێداویستیەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە،کلتوری ماددی هەموو دەساوردێکی مرۆڤ دەگرێتەوە کە ببینرێت و دەستی لێ بدرێت و هەستی پیێ بکرێت، کە بەپێی پێداویستەکانی سەردەم دەگۆڕێن بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان ، وەك جل وبەرگ و خۆراك و جۆرەکانی و کەل و پەلی نێو ماڵ و ...هتد

شمەکەکلتوریەکان زۆرن، کە بەکار هێنراون لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستیەکان، کە ئەو پێداویستیانە هاندەر و هۆکارێکی کاریگەرن بۆ دەستخستن و داهێنانی زۆرێك لەو پێداویستیانە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی کلتوری لە هاواردا بەم شێوەیە دابەشیان دەکەین:

١– جل وبەرگ و پۆشاك:

جۆرێکی جل و بەرگ لە هاواردا کە بە (جاو) ناراسراوە، لە لۆکە و مووی ئاژەڵەکانیان دروستیان دەکردن، پاش ئامادەکردنی قوماشەکەی دەبرایە بازاڕەکانی هەڵەبجە یان تەوێڵە، بۆ بەرگ دروو پاشان دەکرا بە پۆشاك و لەبەر دەکرا، هەروەها جل وبەرگی شاڵ و تەپلە (کڵاو) وپوزەوانە و کوڵە باڵ ، هەروەها پێداویستیەکانی وەك جاجم و موج و چەند جۆرێکی تری پێخەف، هەروەها دروستکردنی چەندین پێداویستی دیکە کە لە بەشی ئابوریدا بە درێژی باس کراون.

٢– خۆراکە دروستکراوەکان:

خۆراك گرنگی زۆری پێ دەدرێت، چونکە وەك خۆیان دەڵێن: ڕەنج بۆیە دەدەم تا خۆش بخۆم و خۆش بپۆشم، خۆراکە دروستکراوەکان هەمان خۆراکە کوردەواریەکانە، کە بەشێوەیەك گۆڕانی بەسەردا هێنراوە تا لەگەڵ کات و وەرزە جیاوازەکاندا بگونجێت ، هە موو جۆرە خۆراکەکان لە بەشی ئابوریدا بە درێژی باسکراون، لە گژوگیا وبەری درەختە سروشتیەکان چەندین جۆری خۆراکیان بەرهەم هێناوە، بۆ نموونە ئاردی بەڕوو کە نانی پێ دروستکراوە، دروستکردنی گەزۆ لە بەڕوو کە

مادده خاوەکەی پێی دەوترێت (شۆکە)، کە زۆر جاریش دەفرۆشرا ئەگەر زیاد بوایە لە پێداویستی خۆیان.


٣- پێداویستیە جۆر بە جۆرەکانی دیکە:

کەل وپەلەکانی ناو ماڵ لە لایەن وەستایانی شارەزای وەك ( وەستا صالح ، وەستا شەریف ، مام شاواز ) کە هەموو جۆرە کەل و پەلێکی ناو ماڵ و پێویستیان دروست دەکرد ، لە سەروو ئەمانەشەوە پێداویستییە کشتوکاڵییەکانیشیان دروست دەکرد بەتایبەتی گاسنی دارین (هێرەق) کە بۆ زەوی کێلاَن بە ئاژەڵ بەکاردەهێنرا ،چونکە زەوییەکانی گوند سەختن و (گاکێڵن) .

لە بواری پزیشکی میللیدا دانیشتوانی شارەزاییەکی زۆریان هەبووە ، لەوانەش (مامانی) کە چەندین شارەزای دیاریان هەبووە کە تا ئێستەش لەناو شاری هەڵەبجەدا لە خزمەت کردن بەردەوامن ، هەروەها لە بواری (جەڕاح) یدا ، ناوبانگێکی زۆریان هەیە لە گرنگترین جەڕاحە بە ناو بانگەکانیان وەك ( مام ئەڵماس ، مام تۆفیق) کە لەوێنەی ژمارە (٨) دا دیارە ، هەروەها وەستا (محی الدین) کە هەردوو پیشەی دارتاشی و جەڕاحی ئەنجامداوە ، چەندین گیراوەی پزیشکیان دروست کردووە کە بەو دەرمان دروسکەرانەیان دەگوت (حەکیم) لە گرنگترین ئەو دەرمانانەی کە دروست دەکرا وەك ( مۆم و ڕۆن ) کە بۆ قڵیشاوی ڕوی پێست سودیان لێ وەردەگرت ، کە دروست دەکرا لە تێکەڵکردنی بنێشتی تاڵ و ڕۆن و مۆمی هەنگ و خوێ و مێخەك ، (مێخوڕ) کە دروست دەکرا لە (دوکی) دار بەڕوو کە لە مانگی (١١) دا پێدەگات وەك نۆك وایە ،دەکوڵێنرێت و گیراوەیەکی لێ دروست دەکرا کە لە زۆرێك لە بوارە پزیشکیەکاندا سودیان لێ بینیووە ، (بنێشتە تاڵ) کە بەکار هێنراوە بۆ زۆرێك بواری تەندروستی وەك ژانەسك و برینی ڕوی پێست .

لە بوارە پاکژکارییەکاندا ، بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیان بەکاردەهێنا وەك (سپون) کە گیایەکی سەلکداری بەهارانەیە ، هەروەها (جەوی چوالە) کە وەك بنێشت وایە و داری چوالە دەری دەکات بۆ بوارە پاکژکاریەکان سودی لیێ بینراوە .

لە چەندین بواری دیکەی کلتوری مادیدا دەوڵەمەندە ، وەك کردنەوەی ئاگر لە (بەردە ئەستێ) کە لەسەر کۆمەڵە پوشێك یان گەڵای وشك دەکرایەوە ، کەواتە لە بواری کلتورە مادییەکانەوە شوێنەوارێکی دەوڵەمەندی هەیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی خۆیان، هەرچەندە ئێستا دانیشتوانەکەی بەگشتی پێداویستییە سەردەمیەکان بەکاردەهێنن ، بەڵام لایەنی پزیشکی میللیان پشتگوێ نەخستووە ، بەردەوام زۆرێك لە چارەسەرە میللیەکان بەکاردەهێنن بەتایبەتی لە بوارەکانی جەڕاحی و مامانی و دەرمانە گیاییەکاندا .



**وێنەی ژمارە (٨) کۆچکردومام تۆفیقی جەڕاح .**

٤- شوێنەوارەکانی گوندی هاوار :

ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ، لەبەر ئەوەی لانکەی مرۆڤایەتی بوون ، هەروەها کەش و هەوایەکی گونجاو و لەباری هەبووە بۆیە مرۆڤەکان لەسەردەمە جیاوازەکاندا شوێن و قەڵاو شوێنەواری جۆراوجۆریان لە پاش خۆیانەوە بەجێ هێشتووە .

ئەم گوندە هەرێمی کوردستان چەند قەڵا و شوێنەوارێکی مێژووی تێدایە ، کە تا ئێستا ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و وەك شوێنەوارێك نەناسێنراون . بۆ زیاتر ڕون کردنەوەی ئەم بابەتە چاوپێکەوتن ئەنجامدراوە.

بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (٩)

پرسیار : گرنگترین شوێنەوارەکانی گوندی هاوار کامانەن ؟

وەڵام : شوێنەوار و قەڵای زۆر هەیە لەم گوندەدا وەك ( قەڵای هاوارە کۆن ، سایە قەڵا لە نێوان هاوار و گوندی بەڵخەی هەورامان ، قەڵای عوسمانلی لەنێوان هەردوو گوندی هاوار و دەرەتفێ دا ، دوو ئاشی سەرو خوارو کە لە چەمی ئاشیدان و شوێنەوارەکانیان ماوە ) وە چەندین کەورگی(ئەشکەوت) تێدایە کە لە بوارە جۆر بەجۆرەکاندا سودی لێ بینراوە وەك بەخێوکردنی ئاژەڵ و چەند سودێکی تر لە گرنگترین ئەو کەورگانەش ( کەورگە ڕەش لە هاواری کۆن ، کەورگی باوەجان و خۆرەتاو ، کەورگی ناو چاڵی لە ئەشکەوەڵ ، کەورگی کەرە ماڵی کە سەر بەشنروێ خۆیەتی و کەژی هاوارە ، قەڵای (زینۆ) کە دەکەوێتە لای کەژی چاڵان و گوندی (بۆین) ی لێوە دیارە ، هەروەها شوێنەواری جەم خانە کە شوێنی پەرستشی کاکەییەکانی گوندی هاوار بووە [١] ) .

---

(١) علوان رەحیم علی کەرەم، بەشێك لەچاوپێکەوتنی ژمارە (٩) ،سەرچاوەی پێشوو.

ب – ڕەگەزە واتاییەکانی کلتوری هاوار :

له هەموو کومەڵگایەکدا پێوەر و بەها و بنەمای ڕەوشتی و عورف و ئاین و پیرۆزیەکان هەن ، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان کەسانی کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێت (١) ، ڕەگەزە واتاییەکان بە گشتیی هەموو مەبادیئەکان و تێزە ڕەوشتی و بیر و باوەڕەکان و چێژبەخشەکان و ، شێوە فۆلکلۆری و وێژە و هونەری شانۆ دەگرێتەوە ، بێجگە لەمانەش هەموو لایەنە بەجێماوە ڕوحیەکان دەگرێتەوە (٢) . یان مەبەست ئەوەیە هەموو رەگەزەکان دەگرێتەوە لە کردار و ڕەوشت و بەها و داب و نەریتەکان ، شێوازەکانی هونەر و زمان و ئاین و زانست و یاسا و ڕامیاری دەگرێتەوە کە ئەو کۆمەڵەیە بەکاریان دەهێنن ، یاخود بەرهەمە هونەری و ئاینی و فەلسەفیەکانی کۆمەڵگاکەیە ، یان دیمەنە هزریەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیە (٣) .

له هەموو ئەو ناساندنانەی سەرەوە ، ڕەگەزە واتاییەکانی کلتور هەموو دەساوردێکی مرۆڤە کە بەدەست ناگیرێت و بە چاو نابینرێت و پێداویستیەك لە پێداویستیەکان پڕ دەکاتەوە ، بەپێی کات و سەردەم گۆڕانیان بەسەردا دێت و کەڵەکە دەبن وکۆمەڵگایەك لەویترجیا دەکاتەوە ، ئەم جۆرە لە پێکهاتەی ڕەگەزی کلتور لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کلتوری کۆمەڵگاکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان ، ئەم ڕەگەزە لە کلتور ، هەموو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ئاین و سیاسەت و ڕامیاری و یاسا و ڕای گشتیی دەگرێتەوە لە کۆمەڵگاکەدا ، هەموو ئەمانە بە ئامڕازەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دادەنرێن ، ئەویش ئامڕازێکە کۆمەڵگا پەیڕەوی دەکات بۆ زاڵ بوون بەسەر پێکهاتە کەسیەکاندا ، وەك دەروازەیەکی چونیەك لە پێوەر و قیەمەکانی نێوان کەسەکان و کلتوری کۆمەڵگاکەدا (٤) .

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەو ناساندنانەی ڕاستیەك دەردەکەوێت کە ڕەگەزە واتاییەکانی کلتور شێوازێکی گشتی لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن ، لەپێناو پڕکردنەوەی پێداو یستیەکانی مرۆڤ و ڕێکخستنی ژیانیان ، لە ڕوی ئابوری و ڕامیاری و ئاینی و ڕەوشتیەوە لە

---

(١) عبد على سلمان ، الأنثروبولوجيا الآجتماعية ، المصدر السابق ، ص٩٧ .

(٢) قيس النوری ، المدخل الى علم الانسان ، المصدر السابق , ص ١٢٣ .

(٣) بوتومور ، تمهيد فى علم الأجتماع ، ترجمة / محمد الجوهرى و آخرون ، دار المعارف بمصر ، ط٣ ، ١٩٧ ، ص١٦٢

(٤) صبيح عبدالمنعم أحمد ، الضبط الآجتماعى ، مركز العراق للبحوث والدراسات الأستراتيجية ، العراق– بغداد ، ٢٠٠٩ ، ص ٩ .

پێناو مانەوەو بەردەوامی کۆمەڵگاکەدا. کۆمەڵگای توێژینەوە لە بەر ئەوەی لە ژێر کاریگەری کلتوری هەورامان و هەڵەبجە دایە، بۆیە هەندێك لە کلتورە واتاییەکەی نزیکە لەوانەوە، واتە لە یەك کاتدا دانیشتوانی گوند پەیوەستن بە ئاین و بەهاو داب و نەریت وڕای گشتی خۆیان، کە ڕەگەزێکی کاریگەرو دیاریکەری کردارو چالاکیەکانی ڕۆژانەیانە، لە لایەکی دیکەوە زۆربەیان نیشتەجێی شاری هەڵەبجەن ، یاسا و داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکان هەندێك نزیکایەتی هەیە لە نێوانیاندا، بۆیە لێرەدا باس لەو ڕێکخەر و لایەنانە دەکرێت کە ڕێکخەری کۆمەڵگای هاوارن و پێکهێنەری سەرەکی ڕەگەزە واتاییەکانی کلتوری ئەو کۆمەڵگایەن، کە بریتین لە :

١- داب و نەریتەکان :

بەها (القیم) (کلاکهۆن) بەهاکان دەناسێنێت بەوەی : کۆمەڵە یاسا و پێوەرێك لەخۆ دەگرێت کە بە تێپەڕبوونی کات جێگیر دەبن ، بە واتایەکی گشتی تر دەستورێك لەخۆ دەگرێت کە کردار و ڕەفتارەکان ڕێکدەخات ، لە هەموو کلتورێکدا ژمارەیەك لە بەهای ناوەندی هەیە کە ڕێکخەری دەور و بەریەتی و ئاڕاستە ڕەوشتی و فەلسەفیەکانی کۆمەڵگا لە گرنگترینیانە کە ژیانیان ڕێکدەخات [١] .

داب (عادات) هەموو کردارێکی دوبارەوە بووی وەرگیراوە لە کۆمەڵگا و کە کەسەکان لێوە فێر دەبن لە کۆمەڵگاکەدا پەیڕەوی دەکەن ، بەجێماوی کۆمەڵایەتییە و وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکرێت کە وێنای شێوازە کۆمەڵایەتیەکە دەکات , بەو واتایەی ناگونجێت پێکبێت و چەند بارە بکرێتەوە مەگەر لە ژیانی کۆمەڵگا و کارلێکی نێوان کەسەکان لە کۆمەڵگاکەیاندا نەبێت [٢] .

نەریت (العرف) مالینۆفسکی دەیناسێنێت بەوەی : ڕۆتینی ژیانی ڕاستەقینەی کەسەکانە کە دەیبینن ، ئەو ڕۆتینەش بەستراوە بە سروشتی زمان و زاراوەکانی ژیانی ڕۆژانەیان کە بەکاری دەهێنن ، کارلێکی نێوانیان و ئاماژە کرداریەکان پێکهێنەری کۆمەڵێك دیاردەی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزن کە ئەستەمە لەسەر زانایان تۆماری بکەن و پیایدا هەڵبدەن یان بیگۆڕن بۆ ژمارە ، بەڵام دەگونجێت ببینرێت لەکاتی ڕودانیدا یان قسەکردن دەربارەیان [٣] . جۆرێکیشە لە دابە دوبارەوەبوەکان لەو لایەنەوە کە دوبارە بونەوەیەکی ڕۆچو بەجێماوە لە کۆمەڵگا و ناچاری جێبەجێکردنین،ڕێزگرتنی

---

(١) فوزية دياب ، القيم والعادات الأجتماعية ، دار النهضة العربية – بيروت ، ١٩٨٠ ، ص٥٣ ، ١٠٥ .

(٢) المصدر نفسه ، ص ١٠٤- ١٠٥ .

(٣) عبد علي سلمان ، الأنثروبولوجيا الآجتماعية ، المصدر السابق ، ص٩٧ .

داب (عورف) سەپێنراوە [1] . داب و نەریتە باوەکانی ناو کۆمەڵگای توێژینەوە ، تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕوی ئاینییەوە کە بێگومان ئاین سەرچاوەیەکی داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگای هاوارە ، زۆرترینی ئەو داب و نەریتە باوانەی کورد باسی لێوە دەکرێت ، ڕێزگرتنی میوانە (مستەر مارك سایکس) باسی ئەوە دەکات کە کوردەکان هاوڕێیەتیان خۆشەولە ئەوروپی و غەریبە زۆر ڕێزدەگرن [2]

دانیشتوانی بە میوانداری و ڕێز گرتنی کەسانی نەناسراو ناوبانگیان هەیە ، لایان وایە میوان خۆشەویستی خودایە و ڕزقی خۆی بە کۆڵی خۆیەوەیەتی، هەتا بەپێی بەدواداچونی توێژەر لە سەرژمێری ساڵی( ١٩٥٧) دا میوانیان هەبووە بە دانیشتوی گوندی هاوار سەرژمێری کراوە ، لە ڕەگەزنامەی باری شارستانیشدا تائێستا (ناصر) ناوێك هەیە کە لە سەرژمێری ئەو ساڵەدا میوان بووە لەویٚ و ناو نوس کراوە ،ئەگەر کەسێکیش پەنای بۆ بردبن بە هەر هۆکارێك بوبێت ، وەك داب و نەریتیان پەنایان داوە و هاوکاریان کردووە ، هەروەها لە چارەسەرکردنی گرفتەکاندا بەگشتی ڕیش سپی و پیاوانی دیاری گوندی هاوار بەشداریان کردووەو زۆر جار لەماڵی خۆیانیان بەخشیوە لە پێناو چارەسەر کردنی گرفتەکەدا .

ڕوح و نەزرگەی پیاوانی ئاینی وەك سروتێك پیرۆزیەکی بێسنوری هەیە  زۆر باوەڕیان بە ئاگایی و بونی کاریگەری ئەو نەزرگانە هەیە ، بۆیە بۆ چارەسەر کردنی زۆرێك لە گیر و گرفتەکانیان ڕویان لێ دەکەن وەك منداڵ نەبون و نەخۆشیە جۆراوجۆرەکانی تر ، تەنانەت بەکارهێنانی دار و پوشی نزیك ئەو نەزرگانە ڕێگە پێنەدراوە ئەگەر وشکیش بووبن ، هەروەها ڕاوکردن بە هەموو جۆرەکانیەوە و خواردنەوە کهولیەکان لە نزیك ئەو نەزگانە لەلایان نادروستە ، چونکە باوەڕیان وایە ئەگەر ئەو کارانە ئەنجامبدرێن ئەو کەسە گرفت و بەڵایەکی توش دەبێت ، بۆیە توێژەر لە کەسێکی ئەم گوندەی بیست ، کاتێك لە نزیك نەزرگەی (شێخ خامۆش) ڕاوی باڵندەی (شەڕوەلە)ی کردووە و بیٚ ئاگابوە لەوەی لەو نەزرگەیەوە نزیکە بۆیە پاش ڕاو کردنی بۆ ماوەی دوو مانگ ئەو دەستە کە ڕاوەکەی پیٚ کردووە ئێش و ئازارێکی زۆری بۆ دروست بووە ، هۆکارەکەی بۆ ئەو ڕاوکردنە دەگێڕایەوە لە نزیك ئەو نەزرگەیە .

چاوپیسی یەکێکە لە سروتە کۆمەڵایەتیەکانی دانیشتوانی هاوار ، زۆر باوەڕیان پێی هەیە

---

(١) ر . بودونوف و بوریکو ، المعجم النقدی لعلم الاجتماع ، ت/ سلیم حداد ، مجد المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع ، بیروت – لبنان ،ط٢ ،٢٠٠٧، ص١٩٥ .

(٢) مەیجەر نوئێل ، یاداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستان ، و / حسێن ئەحمەد جاف و حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی ، چاپخانە و ئۆفسێتی حسام ، بغداد , ١٩٨٤ , ل ٤١.

وخۆیانی لێ دەپارێزن، بەڵام چەند جۆرێك لە چارەسەریان بۆ داناوەو باوەڕیان بەو چارە سەرانە هەیە، لەو چارەسەرانەش ئەوەیە کە لەکاتی سەیرکردنیدا یەکسەر ڕووشکێنی بکەی ، ئیدی چاوەکەی کاریگەری نابێت، جۆرێکی دیکەیان ئەوەیە کە کاتیً زانیت کەسێك چاوی لەسەرتە ئەوا خەیرێك بکەیت تا چاوەکەی کاری لەسەرت نەمێنێت، چارەسەری سێیەمی چارەسەر چاندنی ڕووەکی ژاڵەیە لە نێو ماڵ و باخەکاندا، بەو بڕوایەی کە گوڵی ژاڵە سەرنج ڕاکێشە، ئەو ڕووەکەش تاڵە کاتێ کەسەکە چاوی پێدا دەخشێنێت و سەیری دەکات ئیتر کاریگەری چاوەکەی ناهێڵێت، چارەسەری کۆتایش وتنی (ماشاالله) لە کاتی سەیرکردنی کەسەکەدا کاریگەری ئەو چاوە ناهێڵێت و دەپارێزرێت لە چاوی پیس. بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.

بەشێك چاوپێکەوتنی ژمارە (٩)

پرسیار:داب ونەریتە باوەکانی ژیانی ڕۆژانەی ناو دانیشتوان چین ؟

وەڵام : زۆر داب ونەریت هەیە، بەڵام هێندەی بیرم بێت چەند شتێکی دیار دەخەینە ڕوو، بۆ نموونە سەفەر کردن ، وا باوە کە ئەگەر سەفەرت کرد ، ڕێویت بینی سەفەرەکەت بکە!بەڵام کەروێشکت بینی سەفەرەکەت مەکە، چونکە کەروێشك کلۆڵە، یان کاتیً سەفەرت کرد و یەك پژمین کرا لە کەسێك یان خۆت لەو شوێنەدا ، ئەوا سەفەرەکەت مەکە ، بەڵام دوو پژمین بەسەر یەکەوە، تەئکید لە کردنی سەفەرەکەت دەکات، زوو سەفەرەکەت بکە، سەفەرکردنی دوریش تا ئێستا خەیری بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی خەیرو چاکەی بێتە ڕیً، ئاوی گەرم ڕشتن ، ئەگەر شەو بوو یان ئاوت کرد بە ئاگردا، ئەوا پێویستە ناوی خودا بهێنیت، هەروەها ژن کە تازە منداڵی دەبێت، ڕێگە نادریً ژنێکی دیکە کە لە هەمان حاڵەتدایە سەردانی بکات تا دوای (٤٠) ڕۆژ ، چونکە باوەڕ وایە کە منداڵەکە بە بۆن دەکەوێت، تا ئێستاش ئەم حاڵەتە هەر بەردەوامە، چەقۆش دەخرایە ژێر سەری منداڵی تازە بوو، بە مەبەستی پارێزگاری کردنی لە گیانداری خراپ و شەوە، پاش ئەوەی منداڵ (٤٠) ڕۆژی تەواو دەکرد، بۆ یەکەم جار دەبرایە دەرەوە، دایکی منداڵەکە پارچەیەك نانی دەخستە سەر سنگی منداڵەکە لە ژێر جلەکانیەوە ، بەو باوەڕەی کە دەیپارێزێت و پیرۆزیەکیشی هەیە [1].

دەرکردنی ترسی منداڵ ، یەکێکی دیکەیە لە داب ونەریتە باوەکان ، کە ئەویش منداڵێك کاتێك بترسایە بە دوورێگە ترسیان دەر دەکرد، ڕێگەی یەکەمیان (پشکۆ کوژاندنەوە)یە، کە بریتی بوو لەوەی کە منداڵە کە دەهێنرا و تەشتێك ئاویان لە سەر سەری ڕا دەگرت کەسێك لە پشتیەوە چەند پشکۆیەکی

---

(١) عەلوان رەحیم علی کەرەم، بەشێك لەچاوپێکەوتنی ژمارە(٩)، سەرچاوەی پێشوو .

دەخستە ناو ئاوەکە، پاشان دەوترا ترسی شکا و ترسی نەما، شێوەی دووەمی ترسی منداڵ دەرکردن بەستنی تاڵێك دەزوو بوو بە دەرگا یان دیواری ماڵی منداڵەکە و ڕاکێشان و بەستنی بە دەرگای ماڵ یان دیواری بەرامبەری لە کۆڵانەکەدا، کاتیٚ کەسێك لەو کۆڵانەوە گوزەری دەکرد تاڵە دەزووەکەی دەبچڕاند ، ئیتر دەیانگوت: تەواو ترسی نەما وترسی دەرکرا.

داب و نەریتە مرۆڤییەکان، تەنیا کاریگەریان لەسەر ژیانی مرۆڤ نەکردووە، بەڵکو پەلی کێشاوە بۆ ژیان و ڕەفتاری گیاندارانیش، لە ناو کۆمەڵگای کوردی بەگشتی ، کۆمەلێك کرداری باڵندەکان و گیانداران هەیە شوێنەواریان لە داب ونەریتەکاندا هەیە، خوێندنی بایەقوش دووجار لەسەر ماڵێکدا بە پێشهاتێکی خراپ سەیر دەکرا بۆ ئەو ماڵە و باوەڕیان وابوە کە شتێکی خراپ ڕوولەو ماڵە دەکات، هەروەها ئەگەر مریشك قولەی بکردایە یان کەڵەشێر دوای خۆر ئاوابوون بیخوێندایە یەکسەر سەریان دەبڕی ، بەو بڕوایەی هەواڵێکی خراپی پیٚ یە.

داب و نەریتەکان زۆرن، خەو بینین یەکێکی دیکەیە لەو لایەنانەی کە زۆر باوەڕیان پێی هەیە، وە چەندین جار بەپێی بە دوادا چونەکانی توێژەر خەو بینین بووەتە هۆی بەستنی جەم و مەراسیمی ئاینیان بۆ ئەنجام داوە و نەزریان بۆ ئەنجام داوە ،  یەکێك لە دانیشتوانی هاوار باسی ئەوەی دەکرد، کە پێش هاتنی داعش بۆ سنورەکە ، خەو بینراوە و کارەسات و قەیرانەکانی هەرێم ، چەند خەوی پێوە بینراوە پێش وەخت و نەزری بۆ ئەنجام دراوە ، لە کەم دەرامەتی کشتوکاڵ و بەرهەمی ساڵانەیاندا ، خەیری بۆ ئەنجام دەدەن تا ڕزقیان زیاد بکات، ئەگەر کارێکیان لە ڕۆژێکدا بۆ ڕێك نەکەوتایە  و چەند بارە بوایەتەوە لە هەمان ڕۆژدا، ئەوا ئەو ڕۆژەیان دەگۆڕی بە ڕۆژێکی دیکەی هەفتە، چونکە باوەڕیان وابوو کە لەو ڕۆژەدا کاریان بۆی نایەت و کاریان چارەسەر ناکرێت.

هەموو ئەوانەی سەرەوە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە داب و نەریتەکان ، ڕێکخەرێکی ژیانی دانیشتوانی کۆمەڵگاکەیە، بووەتە بەشێك لە یاساکانی ژیانیان و شوێنەوارێکی دیاری لەسەر ژیانیان بە جیٚ هێشتووە.

## ٢- یاسا و ڕامیاری :

یاسا ئامڕازێکی گرنگی ڕێکخەری پەیوەندیەکانی نێوان کەسەکانە، هەروەها ئەو دام و دەزگایانەی کۆمەڵگای لێ پێك دەهێنرێت، هێز بەکاردێت تیایدا بە شێوەیەکی ڕێکخراو بۆ پارێزگاری لە کلتوری کۆمەڵگاکە ، یاسا نوسراوێکی دان پێدانراوە کە کەسەکان بڕیاری پێ دەدەن ، کاتێك لادان و دەرچوون ڕوو دەدات لەو ڕێکخەرە[١].

پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان یاسا جێبەجێکراوەکان و بیروباوەڕی ئاینی دا هەیە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، هەموو گەلێکی سەرەتایش یاسای خۆی هەیە، بێ گومان نەنوسراون و جێبەجێ کارانی خەلأت دەکرێن و سزاش بۆ ئەوانەیە کە لێی لا دەدەن[٢]، یاسا دیاریکەری قەواعیدی گشتیە ، دەسەلأتی هەیە بەسەر چالاکیە سیاسیەکانی کۆمەڵگادا، بە هەموو لایەنە جیاوازەکانیەوە و ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان کەسەکان و کۆمەڵەکەی[٣].

دیمەنێك لە دیمەنەکانی ڕێکخەری کۆمەلأیەتی یاسایە، بەلأم کیان و سەربەخۆییەکی تایبەتمەندی هەیە، جیاوازی هەیە لە لایەن و دیمەنەکانی دیکەی ڕێکخەری کۆمەلأیەتی، لە لایەکی دیکەوە دیمەنێکی دیاری کراوی هەیە بە پلەیەکی گەورە، بەلأم سیاسەت بە پێچەوانەی یاسا دیمەنێکی زۆر فراوانترە، لەبەرئەوەی زۆر ئالۆزترە لەوەی ژمارەیەك لایەن و نەسەقی لاوەکی لە خۆ بگرێت ، کە بەشدارە لە پێکهێنانی دا[٤].

لە ڕاستیدا ئەوەی کە هەیە، یاسا سەرەتاییەکان کۆمەڵێك لە داب و نەریتی هۆزە، نەریتی هۆز یەکەم چوارچێوەی دەرکەوتنی ڕاست و هەڵەیە، دابی هۆز ئەساسی یاساو سەر چاوەیەتی[٥]. سیاسەتیش سادەترین پێناسەی ،ململانێیە لەپێناو دەسەلأتدا، ململانێ لەهەموویەکە کۆمەلأیەتیە کاندا بەبێ جیاوازی، تەنانەت لە ناو خێزانی ناوکی یەکەمدا لە ژیانی کۆمەڵگادا[٦].

---

(١) صبیح عبدالمنعم أحمد، الضبط الاجتماعی، المصدر السابق، ص ٧٣.

(٢) شاکر مصطفی سلیم، المدخل الی الانثروبولوجیا، المصدر السابق، ص ٥٧.

(٣) محمد عبده محجوب، مقدمة لدراسة المجتمعات البدویة منهج وتطبیق، المصدر السابق، ص ١٨٠.

(٤) أحمد أبو زید، البناء الاجتماعی، المصدر السابق، ص ٤٦٤- ٤٦٥.

(٥) فوزیه دیاب، القیم والعادات الاجتماعیه، المصدر السابق، ص ٢١٤.

(٦) أحمد أبو زید، البنا و الاجتماعی، المصدر السابق، ص ٤٦٧.

سیاسەت گرنگی بە شیکردنەوەی لایەنە سیاسیەکان و دەزگاکانی یاسا دانان وجیَ بەجیَکردن و ریَکخستنیپارتەکان وکۆمەڵە بەرژەوەند خوازەکان دەدات، کردارە سیاسیەکان و لایەنە سیاسیەکان ناتوانین لیَیان تیَ بگەین تەنها لە ژیَر رۆشنایی شیکردنەوەی پیَکهاتە ناو خۆییەکانیانەوە، بەڵکو دەبیَت ببەستریَن بە لایەنە کۆمەلاَیەتی و پەیوەندیە کۆمەلاَیەتی و کلتوریەکانەوە[1].

لەسنوری پاریَزگای هەڵەبجەدا، بەشداری سیاسی دیاریان هەیە، چالاکیەکانیان بەردەوامە لە ناو ئەو پارت و لایەنانەی کە هزرو ئایدۆلۆجیەتیان لیَی نزیکە، ئەویش بۆ مەبەستی پرکردنەوە و بە دیهیَنانی بەرژەوەندیە ماددی و واتاییەکانیانە، سیاسەت هەرچۆن ریَکخەریَکی کۆمەلاَیەتیە، بە هەمان شیَوە پیَداویستیەکی ژیانی مرۆڤە،ئەم گوندە چەندین چالاکوان و تیَکۆشەریان لە ناو کۆمەڵگادا هەیە لە هەموو سەردەمە جیاوازەکانی خەباتی پارتە سیاسیەکانی کوردستاندا بەشدار بوون، وەك خۆیان دەڵیَن چەندین شەهیدمان هەیە لە ناو پارتە جیاوازەکانی هەیَمی کوردستاندا ،سەرەرای هاوکاری بەردەوامی شورشگیَرانی کورد لە خەباتی شاخدا، هەروەها چەندین جار توشی ماڵ ویَرانی و سوتاندن هاتوون ،لەسەر هەڵویَستی سیاسی و خەبات و تیَکۆشانیان دژی سوپای داگیر کەرانی کوردستان، لە ئیَستادا ریَژەیەکی زۆر ئەندام و چالاکوانی مەدەنی و سیاسی دیاریان هەیە، لە نیَو پارتەکانی هەریَمی کوردستاندا، ئەگەر چی جیاوازی بیرو راو ئایدۆلۆجیان هەیە، بەلاَم کاری لە پەیوەندیە کۆمەلاَیەتیەکانیان نە کردووە، لایان وایە کارو چالاکی سیاسی لە جیَی خۆی و خزمایەتی و کەسایەتی لە جیَی خۆی، باوەرە ئاینیەکەیان کاریگەری زۆری هەبووە لەو لایەنەوە ، چونکە ئاینیان برایەتی نیَوانیانی لە پلەیەکی بالاَدا داناوە، رەفتارو کردارە سیاسیەکانیان تیَکەڵەیەکی رەفتاری تەقلیدی و ئایدیۆلۆجیە، کە لە شیَوازدا سەردەمیە و لە ناوەرۆکیدا تەقلیدین، لە نیَوان نەوەی نویَ و نەوەکانی سەردەمی پیَشوو ململانیَ هەستی پیَ دەکریَت، لەبیرو باوەری سیاسی بیَت یان ئاینی و کۆمەلاَیەتی، کە ئەمە حاڵەتیَکی سروشتیە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە، بەردەوامیش هەوڵیان داوە لەگەڵ گۆرانکاریە سیاسیەکاندا خۆیان بگونجیَنن،تابتوانن بەردەوامی بدەن بەمانەوە و چالاکیەکانیان.

لەرووی یاسایی وبەریَوە بردنەوە سەربە ناحیەی بیارەن، بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانیان زیاتر پەنایان بۆ داب و نەریتە کۆمەلاَیەتیەکانی بردووە، پاشان یاساکانی دەوڵەتی عیَراقی توانیویانە ژیانی خۆیانی پیَ ریَکبخەن لە هەموو لایەنەکانی کۆمەلاَیەتی و سیاسی و ئابوری وکلتوریەوە، ئیَستا گوند (ئەنجومەنیان) هەیە ، لەسەروبەندی تویَژینەوەکەدا هەرسیَ ئەندامەکەی ئەنجومەن

(١) محمد الجوهري، المدخل الى علم الاجتماع، المصدر السابق، ص ٢٣٧.

دەستیان لە کار کێشابوویەوە، بۆیە لە لایەن ناحیەی بیارەوە داوا لە هەرسێ گوندی کاکەیی نشین کرابوو ،کە ئەنجومەنێك بۆ خۆیان هەڵبژێرن وەك لە پاشکۆی ژمارە ( ٦ ) دا پیشاندراوە لەگەڵ خستنە ڕووی مەرجەکانی خۆ کاندید کردن، بۆیە لە ڕۆژی دوو شەممە بەرواری (٢٠١٦/٥/٣٠) دا ، ئەنجومەنی تازە هەڵبژێران، کە بریتی بوون لە سەرۆکی ئەنجومەن (ئازاد فائق صالح) و ئەندامان (هیجران غولام حەیدەر، قیصر لطیف أمین، محسن فتاح لطف الله، هیجران محمد لطف الله) .

ڕیش سپی و پیاوانی ناودار، زۆرێك لە کێشەو گیرو گرفتەکانیان چارەسەر کردووە ، پێش بوونی ئەنجومەنی گوندەکە ، پیاوانی بە تەمەن و ڕیش سپیانی گوند کۆدەبوونەوە بۆ هەر گرفتێك کە ڕووی تێ کردبن ، ڕێگایان بە هیچ دەستخستنە ناو کاروباری گوندەکەیان نەداوە لەدەرەوەی خەڵکی گوندەکەیان وئاینەکەیان، لە ڕووی چینایەتیەوە تەنها چینایەتی ئاینیان هەیە ، کە لە ڕووی ئاینیەوە دیاریکراوە و جێگای گفتوگۆ کردن نیە! بەلام لە ڕووی سەروەت و سامان و دەسەلاتەوە ، چینایەتیان تێدا نیە، پەیوەندی و یەك ڕیزیان بە هێزە، زۆر پابەندی یاساکانی دەوڵەتن، یاساکانی داب و نەریت و بەها کۆمەلایەتیەکانی خۆیان پاراستووە و پەیوەستن پێیەوە، ئەگەر هەر جۆرە کاروبارو گرفتێك لە و ڕێگەیەوە چارەسەر نەکرا ، ئەوکاتە پەنا دەبەنە بەر دادگاکان تا بە یاساکانی دەوڵەت چارەسەر بکەن، یەکدەنگن بۆ هەر کارێك ڕوو لە گوندەکەیان بکات ، بۆ نموونە زۆرێك لە دانیشتوانی گوندی هاوار داوای داخستنی مەرزی نا ڕەسمی سنوری گوندەکەیان دەکەن بۆ وولاتی ئێران ، لە پێناو پاراستنی دۆستایەتی نێوانیان لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەریاندا کە نزیك بوو گرفتێکی گەورە دروست بکات، بۆیە تا ئامادەکردنی توێژینەوەکە ئەم کێشەیە لە پارێزگادا بە بڕیارێکی یەکلا کەرەوە وەلام نەدراوەتەوە.

کەواتە پابەندی یاساو داب ونەریتە باوەکانی خۆیانن، بۆ زۆرێك لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنای بۆ دەبەن ، یاساکانی دەوڵەتیش بە پلەی دووەم دێت لە گەڕانەوەیان بۆی لە کاتی چارەسەر کردنی کێشەکانیان دا.

### ٣- ڕای گشتی (الرأی العام):

ڕای گشتی واتای گشتگیری کۆمەڵە هزرو دیدو بۆچوون و بیروباوەڕە باوو بلاوەکانی نێوان خەڵکە، دەربارەی بابەتێك یان کارەساتێکی دیاریکراو، ڕاستی و دان پێدانان و یاسایی بوونەکەی جێگیرو سەلمێنراو نیە، پێکهاتەی بەستراوە بە لایەنی خودی (ذاتی) کەسەکان و کۆمەڵەکە، کاتی

پێویستی بۆ نە ڕەخساوە بۆ گەیاندن و سەلماندنی پێشنیار و مەبدەئو و فەلسەفەکەی [1].

ڕای گشتی کۆکەرەوەی هەموو بۆ چوونەکانە، لە هەموو بەشێکی جیاواز لە بۆچونەکان، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کاتێك جەماوەر لە وەڵامدانەوە و ڕاپرسیدا بوو، یان دیاریکردنی بۆچوون لە بابەتێکی دیاریکراودا، ڕای گشتی واتە باڵا دەست و زۆرینەی کە ئەو دیاریکەری ئەوەیە کە ویستراوە، ئەوەی کە نەویستراوە تیایدا،جەماوەریش شێوەیەکی گرنگی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیە، بەشدارە لە ئاڕاستە کردنی کەسەکان بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو کە دەکرێت لە دەرەوەی خواستەکانی هەندێکیشیانەوە بێت[2].

ڕای گشتی بەشێکە لەکلتوری واتایی کۆمەڵگا، بەیەکێ لەڕێکخەرە کۆمەڵایەتیەکان دادەنرێت، شێوازی ژیانی هەر گەلێکە کە لە کەسانێك پێکهاتووە کارلێك لە نێوانیاندا هەیە، یەك شێوازی دیاریکراوی ژیانیان هەیە[3]. لەناو کۆمەڵگای توێژینەوەدا، ڕای گشتی کاریگەری زۆری هەیە، وەك یەکێك لە بەشەکانی ڕێکخەری کۆمەڵایەتی ، بەشێکی زۆری کاروبارەکانی گوندی لەم لایەنەوە ڕێکخراوە، یەکێکە لە ڕەگەزە کلتوری و واتاییەکانی ئەو کۆمەڵگایە، ڕای زۆرینە زیاتر لەبەرچاو دەگیرێت و هەموان پێیەوە پابەند دەبن ، هەروەها ڕێز لە ڕای تاك دەگیرێت ، بەڵام ڕای زۆرینە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت و هەموو پێوەی پابەندبن ، بەتایبەتی ئەگەر بابەتێك پەیوەست بێت بە بەرژەوەندی گشتی گوندەکەو دانیشتوانەکەی، بۆ نموونە پارێزگاری کردنی ژینگەو نەبڕینی دارستانی سروشتی و پارێزگاری کردنی پاك و خاوێنی ، کە هەموو پێکەوە یەکدەنگن ، یان چارەسەری گرفتێك کە پێکەوە بڕیاری لەسەر دەدەدن، لەسەردانی مەیدانیدا دیمەنێکی پاك کردنەوەی گوندەکە بینرا،کە بێ جیاوازی گەنج و پیر خەریکی پاك کردنەوەی دەوروبەری گوندەکەیان بوون، لە خاشاك و پاشەڕۆ پلاستیکیەکان بێ ئەوەی کەس بپرسێ کە ئەمە زەوی کێیە ؟ یان باخی کێیە؟ پێکەوە یەك دەست هاوکاری یەکتریان دەکرد ، چونکە دانیشتوانەکەی گفتوگۆیان کردبوو لەسەر ئەم کارە و یەکدەنگ بوون لەسەر ئەو کارە و ڕایەکی گشتیان لەو بابەتەدا دروست کردبوو.

گۆڕانکاریە شارستانیەکانیش شوێنەواری گەورەیان لەم بابەتەدا هەیە ، بەوەی لە ڕێگەی ئامێرەکانی تەکنۆلۆجیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ، لەم بوارەشدا بێ بەش نەبوون ، کاریگەری لەسەریان هەبووە و ژیانیانی بەشێوەیەك لە شێوەکان گۆڕیوە ، بوونی گوندەکەش بە ناوچەیەکی گەشتیاری زەمینەیەکی زیاتر بۆ ئەوگۆڕانکاریانە ڕەخساندووە، هەروەها دروستبوونی ڕێکخراوە مەدەنیەکان –

---

(١) احسان محمد الحسن، علم الاجتماع السياسي، طبع بمطابع جامعة موصل- مديرية مطبعة الجامعة، ١٩٨٤،ص١٠٣.

(٢) صبيح عبدالمنعم أحمد، الضبط الاجتماعي، المصدر السابق، ص ١٠٥.

(٣) ميليفين.ج.هرسكوفيتز،أسس انثروبولوجيا الثقافية، ت/ رياح النفاخ، وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٧٣،ص ٢٠.

و ئەنجومونەکان لە گوندەکاندا ،ڕێکخەرو دروستکەری ئەو ڕای گشتیەن کە ئەنجومەن ئەو ڕۆڵە دەبینێت، لە ڕێکخستن و دروستکردنی یەك دەنگی لەسەر ڕووداوو پێشهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان کە ڕوویان تیَ بکات، کەواتە ڕای گشتی ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە ، وەك ڕێکخەرێکی کۆمەڵایەتی و یەکخستنی هەڵوێست و ڕەفتارەکانیان.

## ٤- هونەر (الفن):

هونەر جێی گرنگی پێدانی زانایانی ئەنسرۆپۆلۆجی و کۆمەڵناسیە بەشێوەیەکی بەرچاو،بەو بڕوایەی ئەو چالاکیانە ناسێنەری لایەنە جۆر بەجۆرەکانی هزری و سۆزداری ژیانی مرۆڤەکانە، دوو جۆر لە هونەر هەیە ، کە هونەری کرداری(التطبیقی) و هونەری جوانی (الفنون الجمیلة)، هونەری کرداری هەموو لایەنە تەکنۆلۆجیەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، کە بە ئاڕاستەیەکی کرداری دیاریکراوی بە سوددا دەڕوات، بەڵام هونەری جوانی جیا دەکرێتەوە بەوەی کە نرخاندنی لە سود و نرخە کرداریەکەیدا نیە بە پلەی یەکەم، بەڵکو لەو ئارامی و خۆشیە دەروونی و کاریگەریە هزری و جوانیەی کە تایبەتمەندی خۆی دەبەخشێت(١).

(ریسکن) باوەڕی وایە کە هونەر : ئاشکرا کردنی لایەنە جوان و ڕاستیەکانە بە گشتگیری(٢)، کە ڕەگەزێکی نەرم و نیان کردنی دەروونیە، بەتایبەتی کەمکردن و کاڵ کردنەوەی غەریزەکان کە هونەر ڕێگایەکی گرنگە(٣).

لە ڕووی هونەریەوە دەوڵەمەندە ، وەك زۆرێك لە گوندەکانی کوردستان بە گشتی و هەڵەبجەو هەورامان بە تایبەتی ،لە هونەرەکانی جوانی و خۆشی بەخش و هەست بزوێنەکاندا شوێن دەستی دیارە، وەك گۆرانی بێژان و چیرۆکزان و مۆسیقا ژەن و شاعیرو هەنەرەکانی نواندن و لاسایکردنەوە و پەیکەر تاشیدا، هەموو ئەمانە بەشیان لە لایەنی هونەری گوندەکەدا هەیە، ئەم بوارانە یەکیَ بووە لە هۆکارە خۆشی بەخش و پڕکەرەوەکانی کاتی دانیشتوان لە ئێستا و لە ڕابردوودا، شاعیران پێگەو ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە دەرخستنی هونەر وبیرو باوەڕو ژیانی گوندەکە، لە شیعر وتن و نوسیندا ( هەسەن چاوەش) یەکێك بووە لەو شایەرانە ، حمە عزیز وەیس مراد و وەیس مراد و دەروێش

---

(١) قیس النوری، المدخل الی علم الانسان، المصدر السابق، ص ٣٠٢-٣٠٣.

(٢) رایموند ولیامز، الثقافة والمجتمع، المصدر السابق، ص ١٥٦.

(٣) علی القائمی، تربیة الشباب بین المعرفة والتوجیه، دار النبلاء،مکتبة فخراوی، المنامة- البحرین، ١٩٩٦،ص ٣٣٥.

ڕەشیدی هاواری و حمە حسێن حمە سەلیم[1])هەموویان شایەربون ، ئێستا ئەم شاعیرانە هەن ، کە چەندین بەرهەمیان بڵاو کراوەتەوە ، بەتایبەتی ( کۆساری ) کە ناوی (رمضان همیرخان ) ە ، هەروەها (سیروان علی‌رضا) کە چەندین دێڕە شیعری لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو کردۆتەوە، (قوباد قوربانی) کە لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی نوسراوە شیعریەکانیدایە لە ئێستادا ،بەڵام تا تەواو بوونی توێژینەوە کە بڵاو نەکرابوونەوە، وەك لە وێنەکانی ژمارە ( ٩) وێنەی کۆساری پیشان دراوە . شیعر پێگەیەکی تایبەتی هەیە لای کاکەییەکان بەگشتی ، چونکە هەموو نوسراوە ئاینیەکانیان بە شیعر داڕێژراون، بە زمانی هەورامی کە شێوە لەهجەی (گۆران)ە، بەڵام گوندی هاوار زمانی قسەکردنیان (جاف)ە، بەڵام ئەویش تۆن و نەغمەیەکی تایبەتی خۆیان هەیە، کە زیاتر لە ناو بە تەمەنەکانیاندا یان ئەوانەی لە هاوار دوور نەکەو توونەتەوە هەستی پیێ دەکرێت .

لە هونەری گۆرانی بێژیدا ، چەندین کەسی بەتوانا یان هەبووە، لە هەورامان و نەوسودی ئێران و شارەزوور و چەندین گوندی دیکەوە بۆ ئاهەنگ و بۆنەکان بانگهێشت کراون، لە وانە وەك



وێنەی ژمارە(٩) کۆساری شاعیر.

---

(١) رمضان همیرخان (کۆساری)، هاوار و هاواریەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦– ٧٨.

( ئەمیر و واحد همیرخان ، نەجیب ئەمین نادر، محمد فەتە، همیرخان و مرادخانیش هەندێك جار گۆرانیان دەگووت، لەم دواییەدا غەیدان رحیم علی کرم و مجید عبدالله فتاح گۆرانیان دەگووت[1]) ، هەروەها هۆمەر، ئەلیوەیس، عمر علی محمد ناسراو بە عمیر بە هەمان شێوە گۆرانی بێژبوون[2]. وەك لە وێنەکانی ژمارە(١٠– ١٣) دا پیشاندراون.



وێنەی ژمارە (١٠) مام غەیدانی گۆرانی بێژ کە لە دەستی چەپەوە دانیشتووە.




وێنەی ژمارە(١١) ئەلیوەیسی گۆرانی بێژ .

(١) فائق براخاس وئارام نجیب وقوباد قوربانی، هاوار لەچەند دێڕێکدا، سەرچاوەی پێشوو،ل ٧.

(٢) رمضان همیرخان (کۆساری)، هاواروهاواریەکان، سەرچاوەی پێشوو،ل ٧٨.



**وێنەی ژمارە (١٢) لە دەستی ڕاستەوە، گۆرانی بێژان مام نجیم و مام ئەمیرو هیوا حمەصالح تەپڵ لێ دەر.**



**وێنەی ژمارە (١٣) گۆرانی بێژ ، واحد همیرخان .**

**لە هونەری شمشاڵ ژەنین دا  کەسانێکی بە ناو بانگی تێدا بووە، وەك ( هەیاس وەیس مراد، عەبدولکەریم عەولحەسەن، مرادخان ، محمود ئەحمەد و نەورۆز هاواری، لە چیرۆك بێژیدا (هەیاس**

وەیس) یەکێك بووە لە کەسە بە ناوبانگەکانیان لەم بوارەدا ، پاشان کوڕەکەی بە ناوی (عبدالرحمان هەیاس) کە خوێنەواریش بووە، چیرۆك بێژێکی بە توانا بووە ، لەگەڵ (حەمە ئەمین ڕەشید) دا.

لەنەوەی نوێیدا ،چەند هونەرمەندو ئەکتەری نواندن و مۆسیقاژەن و شێوەکار و پەیکەرتاشی پەروەردە کردووە، لە وانە لە هونەری شانۆدا ( حاصل قاسم حاصل، کاوان علوان رەحیم، زریان عبدالحکیم عبدالکریم، ژینۆ کەیوان علی رضا) کە لە چەندین شانۆدا بەشداریان کردووە و تا ئێستاش بەردەوامن، لە هونەری پەیکەر تاشی دا ( هاوار علی مردان محمد) کە چەندین پەیکەری دیاری دروست کردووە، شێوەکار (سالار مجید تۆفیق) و دەرهێنەر ( بڕیار فتاح عبدالکریم) هەن کە دەور ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بوارەکەی خۆیاندا هەیە، ( هاوار مجید تۆفیق) مۆسیقا ژەنێکی شارەزایە و بڕوانامەی دکتۆرای لە (میوزیکی کلاسیك) دا هێناوە لە وولاتی هۆڵەندا. وەك لە پاشکۆکانی ژمارە ( ٦– ١٠) دا وێنەی هەندێك لەو هونەرمەندانە پیشاندراوە.

ئەم گوندە، شوێنەوارو جیێ دەستیان لە بواری هونەردا لە ئاستێکی بەرزدایە، توانیویانە پێگەو ڕۆڵیکی بەرچاو لە پارێزگای هەڵەبجەدا ببینن لە زۆرێك لە بوارەکاندا، کە ئەگەر گرنگی زیاتریان پیێ بدرێت ، ڕەنگە لە هەموو بوارەکاندا بەرەو پێشچوونی زیاتر پێشکەش بکەن لەم بوارەدا، شارەزابون لەو بەشانەی هونەر کە خەڵکی گوندەکە دەینوێنێت، بێگومان کاریگەری ژینگە سروشتیە دڵڕفێنەکەیان لەسەرە ،وئەو دیمەنانەی لە کارە هونەریەکانیاندا ڕەنگیانداوەتەوە وبوەتە بەشێك لە لایەنی ژیانی ڕۆژانەیان.

## باسی دووەم: ئاین :

ئاین وەك یەكێك لە ڕەگەزەكانی كلتوری واتایی، لە بەر درێژی بابەتەكە بە تەنها كراوەتە باسێكی سەربەخۆ ،ئاین كە یەكێكە لە ڕێكخەرە سەرەكیەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی و دیاریكەری ڕێڕەوی ژیانی زۆرێك لە كۆمەڵگاكان بووە لە كۆن و لە ئێستادا، چونكە بیروباوەڕە ئاینیەكان كاریگەری لە ناخی مرۆڤەكاندا دروست دەكەن وڕەنگدانەوەكانی لە كارو كردارو ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگ دەداتەوە .

ئاین،پێك دێت لە كۆمەڵێك بیروباوەڕ و هزرو بەهاوسروت (طقوس) وابەستە بە دروستكراوە كانەوە و شوێنە پیرۆزكراوەكان، كە باڵاترن لە گرنگی پێدانەكانی توانای مرۆڤ، لە بەدەستهێنان و زاڵبوون بە سەریدا[(١)]،یان پەیوەندیەكی سۆزداری و ڕوحیە لە نێوان مرۆڤ و هێزەكانی سەروو سروشت، یان دروستكراوەكان كە پەرستشیان پێشكەش دەكرێت و سروتی تایبەتیان بۆ ئەنجام دەدرێت، كە دەیانگەیەنێت بەو هێزانە، كە بەردەوامی دەری ئەو پەیوەندیە نەبڕاوەیەن لە لایەنی كۆمەڵایەتیدا، كە بەو پێیە ئاین دیاردەیەكی كۆمەڵایەتیە[(٢)].

(ئیدوارد تایلر )ئاینی سەرەتایی پێناسە دەكات بەوەی : كە باوەڕ بوونە بە هێزە روحیەكان، كە توێژەران هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەم ناساندنە كەمترین ناساندنی لایەنی ئاینیە، بەو باوەڕەی بنەڕەتی ئاینەكان لە خەوبینین بە مردووەكانەوە سەرچاوەی گرتووە ، ئەمەش بنەمایەكی تەئەمولی وخەملاندنە[(٣)].

ئاین بنەمایەكە لایەنە كۆمەڵایەتیەكانی دەدرێتە پاڵ، وەك هاوسەرگیری ولایەنی خزمایەتی، بۆیە هەموو لایەنە كۆمەڵایەتیەكان لە لای دۆركهایم، بنەڕەت و بنەمایەكی ئاینیان هەیە و دیاردەی ئاینی بۆ دوو بەش دابەش دەكات كە بریتین لە : بیروباوەڕەكان (العقائد)، كە لای دۆركهایم دابەش دەبێت بۆ بەپیرۆز كراوەكان و ناپیرۆزەكان[(٤)]،پیرۆزكراوەكان پێگەی خۆیان هەیەلە ئاینە جیاوازە كانداوبەشێكی سەرەكی ئاینن، بۆیە ئاین پارێزەری بە پیرۆز كراوەكانە لە دیدی(هنری هوبیر)[(٥)].

---

(١) صبيح عبدالمنعم أحمد، الضبط الاجتماعي، المصدر السابق، ص١٢٧.

(٢) عبد علي سلمان، الانثروبولوجيا الاجتماعية، المصدر السابق، ص ٦٩.

(٣) قيس النوري، المدخل الى علم الانسان، المصدر السابق، ص ٢٦٠.

(٤) قباري محمد إسماعيل، رادكلف براون، المصدر السابق، ص ٣٠٢– ٣٠٥.

(٥) روجيه كايوا، الانسان والمقدس، ت/سميره ريشا، المنظمة العربية للترجمة، بيروت– لبنان، ٢٠١٠،ص ٣٦.

(شیشرون) دەڵێت: ئاین پەیوەندیەکە من بە خودا دەگەیەنێت، لە فەرهەنگی لاروسی سەدەی بیستەمدا ئاین دەناسێنێت بەوەی : غەریزەیەکی هاوبەشە لە نێوان هەموو ڕەگەزەکانی مرۆڤدا، هەتا ئەگەر زۆر هەمەجی و نزیك لە ژیانی گیانداران بێت، ئەوەی لە سەروو سروشتەوەیە ، یەکێك بووە لە نەزعە جیهانیە نەمرەکان[1].

کاکەیی پەیوەندی بە هۆیەکی (ئاینی) بە هێزەوە هەیە، تایبەتیشە بە ناوچەیەك یان چەند ناوچەیەك و زۆر فراوانیش نیە، هەروەك ناوی ( عەلی ئیلاهی) یان وەك (ئەهلی هەق) کە بەزاراوەی کاکەییەوە کە هەر تەنها لە ( کوردستانی عێراق) دا بەزۆری باوە[2]، بەڕای توێژەر دەبێت نوسەری ئەم سەرچاوەیە ئەوەی لە بیر کردبێت کە کاکەیی و ئەهلی هەق هەر یەك پێکهاتەی ئاینین ، لەگەڵ عەلی ئیلاهیشدا تەنها کۆمەڵێك کێشەی سیاسی لە یەکتری دورخستنەوە ، ئەو دووریەش کاتیە و هەر سێیان یەك پێکهاتەی ئاینین و لایەنی سیایی و جوگرافی وکلتوری لە ئێستادا ئەو جیاوازیە کەمەی لە نێواندا دروست کردوون، (هێنی هاڕۆڵد هانسن) بە هەمان شێوە دەڵێت: ئەهلی هەق خوا پەرستن و لە خۆرئاوای ئێران پێیان دەوترێت (عەلی ئیلاهی)، لە کوردستانی عێراقیشدا پێیان دەڵێن(کاکەیی) و بەتایبەتی لە ناوچەی کەرکوکدا هەن[3].

لە ڕووی ناساندنەوە بە چەندین ناو ناوزەد کراون، کە جۆرە تێکەڵیەك لە ناویاندا دروست بووە ، ئەگەرچی کاریگەریەکانی داب و نەریت و کلتوری ناوچەکانی خۆیانیان لەسەرە، کە جۆرە جیاوازیەکی لاوەکی لە نێواندا دروست کردوون، گوندی هاوار خۆیان بە (یارسان) لە ناو یارساندا ( کاکەیی) دەزانن، هەروەك دوو کەسایەتی دیاری گوندی هاوار (ئاکۆ شاوەیس ورمضان همیرخان) دەیانگوت: یارسان ناوێکە بۆ هەموو کاکەییەکانی عێراق و ئەهلی هەقەکانی ئێران و دروزیەکانی سوریاو لوبنان و بەکتاشیەکانی تورکیا، سەرەڕای بوونی هەندێك جیاوازی لاوەکی لە نێوانیاندا، بنەماو بنەڕەتی دروست بوونی پێکهاتە ئاینیە کە چەندین ڕاو بۆچوونی جیاوازی لە بارەوە

---

(١) منشورات المجمع العلمی، الانسان الموسم الثقافی لدائرة العلوم الانسانیة، مطبعة المجمع العلمی، ٢٠٠٠، ص٧٩-٨٢.

(٢) محە مەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، چاپخانەی (الحوادث) – بەغدا، ١٩٨٤، ل ٦٨.

(٣) هێنی هارۆڵد هانسن، ژیانی ئافرەتی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٦.

هەیە *، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- دوای فتوحاتی ئیسلامی، گەلان وشوێنکەوتوانی ئاینەکانی تر هاتنە ناو ئیسلامەوە، تێکەڵی شارستانی وبەیەکدا هاتنی کەلتوری ڕوویدا وڕەگەزێکی نوێ پەیدا بوو، سەرەنجام چەندین کۆمەڵی ئیسلامی و قوتابخانەی فیکری پەیدا بوون و لەناو خۆیاندا کەوتنە ململانێ"[1]، هەندێك لە نوسراوەکان دەربارەی ئەم پێکهاتە ئاینیە ، کاکەیی بە ئاینێکی تێکەڵ لە ئاینە کۆن و نوێیەکان دادەنێن وەك ئاینەکانی زەردەشتی و میهر پەرستی و جولەکە و ئیسلام و مەسیحی و چەند ئاینێکی دیکە**.

٢- بەشێکی دیکەیان، بنەڕەتی ئەم ئاینە دەگێڕنەوە بۆ ئاینی ئیسلام ، بەتایبەتی مەزهەبی شیعە توندڕەوەکان***.

٣- نوسەرانی کاکەیی بۆچونیان جیاوازە لە هەردوو بۆچونەکەی سەرەوە، بەوەی باوەڕی کاکەیی باوەڕێکی باتنیانەی ئەزەلییە، پێش حەزرەتی عەلیش(ر.خ) هەبووە، لە بەرگی نهێنی خودا پەرستانەی خۆیدا لە (ئەلەست) و (یا) و(هو) تا پردێوەر[2]. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە توێژەر چاو پێکەوتنی ئەنجام داوە.

چاوپێکەویتنی ژمارە (١٥)

---

*بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:( ١- ئەیوب ڕۆستەم،یارسان، ل٥١. ٢- سەلام ناوخۆش بکر، زمانی ئاینی کوردی، ل ١١٥-١١٦. ٣- حشمەتوڵلاَ تەبیبی ، ئاین و زمان وڕەچەڵەکی کورد، ل٧٥-٧٦. ٤- هادی ڕەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، ل ٤١٦.

(١) محسن عبدالحمید، پرۆژەی ئیسلامی هاوچەرخ وئاستەنگەکانی بەردەمی، و/ محمد عبدالرحیم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاْوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر ، ٢٠١٦،ل١٥.

**بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە :(١- سدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی،ل ١٥٩. ٢- حشمە توڵلاَ تەبیبی ، ئاین و زمان و ڕەچەڵەکی کورد،ل ٧٣. ٣- طیب طاهری، تأریخ وفلسفەی سەر ئەنجام، ل٥٩٧- ٦٠٥. ٤- ئەحمەد حەمە ئەمین ڕەنجبار ، تێڕوانینێك بۆ زەردەشتی و یەزیدی و کاکەیی، ل ٨٨- ١٠٢. ٥- دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد،ل ١٦٦. ٦- هادی ڕەشید بەهمەنی ، پەیامی هەورامان، لس ٤١٦.

*** بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە :(١- کەریم زەند، ئاین وباوەڕ لە کوردستان،لا ٧٥-٧٦. ٢- مەلا عبدالکریمی مدرس، بنەماڵەی زانیاریان، لا٢١٠. ٣- میهردادی ئیزەدی، چەردە باسێك لە بارەی کوردانەوە، لا ٣٣١-٣٣٢. ٤- شاکر خصباك ، الاکراد دراسة جغرافیة أثنوغرافیة، ص ٤٩٣. ٥- سیسیل جون ئیدمەندس، کورد تورك عەرەب، لا ٢٣٣-٢٣٤.

(٢) هاشم عاسی کاکەیی، ڕانان وتە تەڵەکردنی ماستەر نامەی( الکاکائیة أصولها و عقائدها)، www.yarsan.com

**پرسیار: چۆن پێناسەی کاکەیی دەکەیت و دەیناسێنیت ؟**

**وەڵام: ئاینی کاکەیی لێوان لێوە لە ناوەڕۆك و تێزی ئەدەبی وفەلسەفی، تێکەڵی وناتێکەڵی دیندارەکان، ئەوەش زنجیرەیەکی جوانی ڕووحانیەتمان پیشان دەدات ئەگەر سەیری (دۆنا دۆن)* بکەین، بەوەی خۆشەویستی هەموو دینەکان لە نێو دینەکەی خۆماندا دەبینین، چونکە بۆمان ڕوونە کە مرۆڤ لە دایك و باوکێکە، هەموو ڕێگە ئاینیەکان چەند سەرچاوەیەکن و دەریایەکیان دروستکردووە بێ جیاوازی[1].**

**لە هەموو ئەودید و بۆچونانەی سەرەوە ، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئاینی کاکەیی تێکەڵەیەکی ئاینەکانی دیکەیە لە ئاینی زەردەشتی ومیهر پەرستی وئیسلام ومەسیحی ... هتد، لەو ڕوانگەیەی کە لە هەرسێ ڕەگەزەکەی ئەم ئاینانەی کەم و زۆر تێدایە. لە سنوری هەڵەبجەدا لە گوندەکانی (هاوار،هاوارەکۆن ، دەرەتفێ) دا کاکەیی هەن، لە نێو گەڕەکی شارەوانی ناو شاری هەڵەبجەدا بە چڕی نیشتەجێ بوون، ئەم ئاینە چەندین مەزارگەو شوێنی پیرۆزی ئاینیان لە سنورەکەدا هەیە ،کە بریتین لە( مەزاری میر ئەسکەندەری خامۆشی، پیر سمایلی کەوەڵانی، کاکە ئەحمەدی هاواری، خەڵوەتگەی شاخوەشینی لوڕستانی، کاکەی جاوور، سەید ئەحمەدی میری سوور، خەلیفە قەمەر، خەڵوەتگەی شائیبراهیمی سەید محەمەد، باخی شاهەنشا، کانی چەمەکەری وشاخی شنروێ وچادرگا[2].وەك لە وێنەکانی ژمارە (١٤-١٩) دا پیشان دراون، کە کاکەییەکانی ئێران وتورکیاش سەردانیان دەکەن .**

---

*** دۆنا دۆن: گواستنەوەی ڕوحە لە کەسێك پاش مردنی بۆ کەسێکی تر کەلە ژیانایە یان تازە لە دایك دەبێت ودێتە ژیان.**

**(١) رمضان همیرخان (کۆساری)، چاوپێکەوتنی ژمارە(١٥)، سەرچاوەی پێشوو.**

**(٢) ئاکۆ شاوەیس، دەستنوس، بڵاو نەکراوە، هەڵەبجە، لە ٢٠١٥/١/١ نوسراوە.**



وێنەی ژمارە (١٤) خەڵوەتگەی سوڵتان ئیسحاق بە( شای سەر تلی) لە هاواردا ناو دەبرێت.



وێنەی ژمارە (١٥) خەڵوەتگەی سەید خامۆش .




**وێنەی ژمارە(١٦) ئارامگای میر ئەسکەندەری خامۆشی .**



**وێنەی ژمارە (١٧) ئارامگای  میر ئەسکەندەری خامۆشی.**



**وێنەی ژمارە (١٨)  نەزرگای شا خۆشینی سەروو.**



**وێنەی ژمارە (١٩) خەڵوەتگەی شا خۆشینی خواروو.**

**له دیارترینی بیروباوەڕکانی کاکەیی بەگشتی و دانیشتوانی گوند بەتایبەتی ، باوەڕ بوونە بە (دۆنا دۆن – تناسخ الارواح)، بڕوای تەواویان پێی هەیە و مەرگ لە هزری ئەواندا کراس گۆڕینە، واتە گۆڕینی تەن و جەستە. بەپێی ئەم بۆچونە دۆنا دۆن ، بەهەشت و دۆزەخ لەو چەشنەی کە لە ئاینەکانی تردا باسی دەکرێت بوونی نیە، هەر مرۆڤێك بە کراس گۆڕینی پەیتا پەیتا و هاتن و ڕۆیشتنەوەی سزای خراپەو پاداشتی چاکەی وەردەگرێت، بەلایانەوە دیاردەیەکی ئاساییە وەك شێخ ئەمیر دەفەرموێ:**

**مێردان نە ترسان چەی سیاسەتە          تەسلیمی گیانان چووین قویتەی بەتە**

**هەرکەس بزانۆ شۆنی جامەی وێش          نەی کوچ وڕۆ ڕۆ نەدارۆ ئەندێش[1]**

**بڕوایان وایە ، ئەگەر کەسێك خراپ بێت ئەوا دۆنی ئاژەڵە زیانبەخش و چزودارەکان دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ، هەر مرۆڤێك لە دونیادا (١٠٠١) دۆن دەگۆڕێت تا لە هەموو تاوانەکانی پاك دەبێتەوە و هەموو دۆنێکی سزای خراپەکانی وەردەگرێت، هەروەها چوارچێوەیەکی نەگۆڕیان بۆ باوەڕی یارسان (کاکەیی) هەیە، لە کتێبی پیرۆزی سەرەنجامیاندا کورتکراوەتەوە بەوەی:**

**یاری چار چێوەن باوەڕی وەجا          پاکی وڕاستی ، نیستی و ڕەدا**

**واتە : ئاینی یاری (کاکەیی) چوار شتە کە دەبێ جێبە جێیان بکەیت: پاکی وڕاستی و نیستی (لە خۆبوونەوە)[2]. کە رمضان همیرخان (کۆساری ) بەم شێوەیە ڕاستی دەکاتەوە :**

**یارستان وەڕا، یارستان وەڕا          ڕای حەق ڕاستیەن یاوەران وەڕا**

**وە ڕاستی وپاکی ونیستی و ڕەدا          قەدەم وە قەدەم تا وە مەنزڵگا.**

**لە دیدی دانیشتوانەکەیدا ،بۆگەیشتن بە حەقیقەت پێویستە چەند قۆناغێك ببڕدرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمەش توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.**

**چاوپێکەوتنی ژمارە (١٦)**

**پرسیار: قۆناغەکانی گەیشتن بە حەقیقەت لە ئاینی کاکەیدا چۆنە ؟**

**وەڵام: کەسێك بۆ ئەوەی بگاتە حەقیقەت پێویستە چەند قۆناغێکی ئاینی ببڕێت کە بریتین**

---

**(١) طیب طاهری ، تأریخ وفلسفۃ سە رئە نجام، چاپخانەی ڕۆژهەلأت– هەولێر،٢٠٠٩، ل ٦٨٧.**

**(٢) حشمە توولاّ تەبیبی، ئایین وزمان و ڕەچەڵەکی کورد، سەرچاوەی پێشوو ،ل ٧٤ .**

**لە قۆناغەکانی ( شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت، حەقیقەت)، سەردەمی شەریعەت، لە ئادەم پێغەمبەرەوە تا کۆتاپێغەمبەر، قۆناغی دووەم تەریقەت بڵاوبوونەوەی شەریعەتەکەیە و پاشان دەرکەوتنی لایەنی عیرفانی و دەروێشی ، قۆناغی سێیەم خۆناسینە و پاشان کۆتا قۆناغ حەقیقەت ناسی و خودا ناسییە[1].**

**لە سەرچاوە نوسراوەکاندا لەسەر ئەم بابەتە ، بە شێوازێکی دیکە باسی لێوە دەکرێت، لە سەرەتای ئافراندنی "ئادەم" تا دواین پێغەمبەر ، قۆناغی شەریعەتە، قۆناغی دووەم کە تەریقەتە لە دەرکەوتنی ئیسلامەوە (محەمەد و عەلی) دەست پێ دەکات تا سەرهەڵدانی شا خۆشین کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی سۆفیگەری وعیرفان. قۆناغی مەعریفەت لە سەردەمی دەرکەوتنی شاخۆشینی لوڕستانیەوە تا دەرکەوتنی سوڵتان سەهاکی بەرزنجی لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا، لەم قۆناغەدا زانست وئایین وعیرفان ئەوەندە گەشەیان کردووە، تا مرۆڤ ئامادەی تێگەیشتن لە حەقیقەت بکات[2].**

**بیرو باوەڕێکی دیکەیان، دەرکەوتنی ( جیلوەی ئیلاهی)*یە لە جەستەی مرۆڤدا، کە لە شێوەی زاتی میوانن، هەندێك جار بۆ چەند ساڵێکەو هەندێك جار بۆ چەند ڕۆژ و چەند سەعاتێك،وەك مامۆستا (ئاکۆ شاوەیس ) باسی دەکات بەم شێوەیە: ( عەلی ، بالوولی ماهی ، بابا سەر هەنگ، شاخۆشین، باباناوسی سەرگەتی، سوڵتان ئیسحاق) ، ئەمانە زاتی میوان بوون، روحی خودایی لەمانەدا بووە و هەمیشەش (٤) یان (٧) فریشتەیان لەگەڵدا بووە، بەردەوام یەکێکیان ژن بووە.**

**چینە ئاینییەکان پێگەی خۆیان هەیە، (حەوتەوانە) کە یەکێکە لە چینە پیرۆزەکانی کاکەیی بە گشتی بریتین لە نەوەکانی سەید ئیسحاق بەرزنجی کە (سەید محەمەد گەورە سوار، سەید عەبد الوفا، سەید شابەدین، سەید حەبیب شا، سەید باوەیس، سەید مستەفا، سەید ئەحمەد میری سور) ن، بە کورتی حەوتەوانە بریتی یە لە حەوت کوڕەی سوڵتان وپاش سوڵتان جێگەداری سوڵتانن ، لە هەموو کاروبارو ڕەوشتێکی دینی دان ، چی خێزانی سەیدی کاکەیی هەن لە وانەوە هاتونەتە خوارەوە[3]. لە هاواردا ئێستا ( سەید عەزین) سەرپەرشتی ڕێوڕەسمە ئاینیەکانی گوندی هاوار دەکات، کە دەگەڕێتەوە سەر حەوتەوانە و لە شاری خانەقینەوە نێرراوە بۆ هەڵەبجە ، چونکە لە گوندەکەدا چینێك نیە بگەڕێنەوە بۆ حەوتەوانە ، تەنها هۆزی (ووسکە ) هەیە کە وەکیلی سەیدەکانن، بە ئامادە نەبوونی**

---

**(١) ئاکۆ شاوەیس، چاوپێکەوتنی ژمارە(١٦)، سەرچاوەی پێشوو.**

***جیلوەی ئیلاهی بوونی نوری خودایی لەچەند کەسێکی دیاریکراودا، کەتا کۆتایی دنیا نامرن وەك بنیامین،داود،.هتد**

**(٢) طیب طاهری، تأریخ وفلسفهْ سه رئه نجام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩٤.**

**(٣) محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.**

سەید دەتوانن ڕێو ڕەسمەکان بەڕێوە ببەن، چونکە ئەمان کۆچن* .

(حەوتەن) بازنەیەکی دیکەی ئاینی کاکەییە، بڕوای تەواویان پێیەتی ،بەبازنەی نەمری و جاویدانی ناویان دەبەن کە بریتین لە : (بنیامین، داود، پیر موسا، ڕەمزبار، مستەفا، شائیبراهیم، یادگار[١]) هەر یەکێك لەوانە جیلوەی ئیلاهیان تێدایە بە بۆچوونیان تا کۆتایی دونیا دەمێننەوە لە بەرگی جیاوازدا، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە چەند ناونیشانێك دەخەینە ڕوو کە لە ناونیشانی ژمارە (١– ٧) ە.

## ١– چینە ئاینیەکانی یارسان (کاکەیی):

کۆمەڵێك سەرچاوە لەسەر چینە ئاینیەکانی یارسان (کاکەیی) نوسیویانە** ، کە لێکچونی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام بەشێوەی مەیدانی ئەو توێژینەوانە نەکراون، بۆیە توێژەر بە پێویستی زانی کە بە شێوەیەکی مەیدانی ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەو ناتەواویانەی کە هەن تەواویان بکات وبیانخاتە ڕوو بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.

چینە ئاینیەکانی یارسان (کاکەیی) بە گشتی لە دوو شێوازدا خۆیان دەنوێنن کە یەکەمیان چینەکانی دینداریە، دووەمیان چینەکانی ئاینی کاکەییە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.

چاوپێکەوتنی ژمارە (١٧)

پرسیار:چینە ئاینیەکانی ئاینی کاکەیی کامانەن ؟

وەڵام: چینە ئاینیەکانی کاکەیی دوو جۆرە، جۆری یەکەمیان چینی دینداری و بەڕێوە بردنی کاروبارە دینیەکانە کە بریتین لە :

أ– سەید (سەرجەم): دەبێت لە حەوتەوانە بێت، سەرپەرشتی کاروبارەکان دەکات، ڕۆڵی کوڕەکانی سوڵتان ئیسحاق دەبینێت بە گشتی.

---

(١) محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣– ١١٨.

* کۆچ: واتە بە نوسراو ئەو شتە نیە، یان لە کەلاَمدا نەوتراوە، بەڵکو دەما ودەم هاتووە لە شێوەی چیرۆك و سەرگوزەشتەدا باسکراوە، بەڵگەی یەکلا کەرەوە لەسەر ئەو شتە نیە، بۆنمونە بەڵگە نیە هۆزی ووسکە نەوەی حەوتەوانە بن .

**بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە( هادی ڕەشید بەهمەنی، پەیامی هەورامان، ل٤١٨، کەریم زەند، ئایین وباوەڕ لە کوردستان ، ل٨٠، ئەیوب ڕۆستەم، یارسان، ل ١١٩–١٣٨.

ب- خەلیفە: لە هەندێ لە ڕێو ڕەسمەکاندا کەلامی خۆی دەبێت، لەنێوان سەید و مامدایە.

ج- مام :کە دەلیلن ولە حەفتاو دووپیرەن: کۆمەڵێك کاری لە ئەستۆدایە بۆ نموونە سەرسپاردن.

د- فەڕاش: دابەشکەری نیاز و بەشی جەمە، ئەمەش پلە وپایەیە لە ئاینی کاکەیدا.

ز- چینی گشتی(عام): ئەگەر فەڕاش نەبێت، دەکرێت چەند کەسێك لەمان بکرێت بە فەڕاش و کاروبارەکانی خۆیان پێ بسپێررێت.

دووەم جۆر چینە گشتیەکانی دەستوری ئاینی پردیوەری پێ دەوترێت کە بریتی یە لە:

١- حەوتەن کە پێشتر ناویان براوە، ئەمانە مەلائیکەن، ئارەزووی مادديان نیە، بۆیە نەوەیان نیە دوای خۆیان.

٢- حەوتەوانە کە کورەکانی سوڵتان ئیسحاق و باسکران، ئەمانە نەوەیان هەیە و سەیدەکانی نەوەی ئەوانن.

٣- حەوت خەلیفە کە کاریان دابەشکردنی نواڵەی جەم و فێرکەرو پەروەردە کەرانی ئاینین .

٤- حەوت گۆیندە کە ووتار بێژوو بانگخوازی ئاینەکەن.

٥- حەوت سازچی کە ئامێری مۆسیقی تەمبورە دروست دەکەن، یارسانیەکان فێری ئاواز و ژەنینی ئەو ئامێرە دەکەن کە پیرۆزی خۆی هەیە لە ئاینی یاریدا.

٦- حەوت سەقا کەئاوهێنن، لە هەرکوێ بن ئامادەکاریەکانی ئاو کاری ئەم چینەیە و سەرپەرشتی دەکەن.

٧- حەوت گۆزەچی کاریان دروستکردنی پێداویستی نێو ماڵ و گۆزەو پێداویستی دیکەیە، کە لە دەورەی شاخۆشینەوە بوونیان هەیە.

٨- چینی (٩٩) پیرەی شاهۆ، کە لە دەستوری پردێوەردا کارێکی ئەوتۆیان نیەو کاریان ژەنینی مۆسیقایە کە پێی دەڵێن( نۆسەد نۆسەدی شاخۆشین)، ئەمانیش لە سەردەمی شا خۆشین دا بون .

٩- چینی (٧٢) پیرە ، ئەمانە هەموویان لە دەورەی پردێوەردا دەلیل بوون، بلاوەیان پێکراوە بۆ وولاتانی دراوسێ بۆ بانگەوازی ئاینی ،(پیر ئیسماعیلی کەوەلانی نێرراوە بۆ گوندی هاوار و (پیر بابا غەیب) بەهەمان شێوە کە هاواریە.

١٠- چینی (٦٦) غولام، ئەمانە بەرەی گشتین وپلەی ئاینیان نیە [1].

---

(١) رمضان همیرخان (کۆساری) ،چاوپێکەوتنی ژمارە (١٧)، سەرچاوەی پێشوو .

## ٢- جەژن و ڕۆژوو گرتن:

ڕۆژو گرتن و جەژن لای کاکەییەکان، بەبابەتێکی گرنگ و ڕێوڕەسمێکی گرنگی ئاینی دادەنرێت، ڕۆژوگرتن پەرستشێکی سەرەکیە و یەکێکە لە بنەما ئاینیەکانی کاکەیی، لە هەندێك لە سەرچاوەکاندا بە ناڕوونی باسی لێوە کراوە، نوسەر ( کەریم زەند) لە کتێبی ( ئاین وباوەڕ لە کوردستان) دا ، باسی جەژنەکانیان دەکات بەبێ ڕۆژوو گرتن، هەروەها جەژنەکانیان بە ( نیاز و قوربان) باس دەکات، کە ئەمانە هەریەکەیان مانای خۆی هەیە ، هەموو جەژنەکانیان سێ ڕۆژ ڕۆژووی هەیە، هەروەها نەزر و(نیاز )* هەفتانەو مانگانە دەبێت هەموو کاکەییەك بە پێی توانای ماددی خۆی ئەنجامی بدات، هەروەها هەردوو نوسەر (ئەیوب ڕۆستەم) لە کتێبی (یارسان- لا ١٦٠-١٦١) باسی سێ ڕۆژ ڕۆژووگرتن بەهۆی سەرکەوتنی بەسەر لەشکری چیچك کە لە شکری براکانی لە ئەشکەوتی نەوێ، کە سێ ڕۆژەی ڕۆژووی مەڕەنۆ لە هاویندا بووە، بەڵام کەلامە شیعریەکەی هێناویەتی باس لە چلەی زستان دەکات، کە خۆی لە چلەی هاویندایە و سێ ڕۆژەی ڕۆژووی مەڕی نەوێی پێ دەڵێن هەروەها (محەمەد ئەمین هەورامانی) لە کتێبی (کاکەیی- لا١٢٢)دا، سێ ڕۆژەی ڕۆژوی مەڕی نەوێی لە چلەی زستاندا داناوە ، کە خۆی لە چلەی هاویندایە.

کاکەییەکان بەپێی دابەشبوونیان ، لە ناو وولاًتە جیاوازەکاندا ڕۆژوو گرتنیان وەك یەك نیە، لەبەرئەوەی لەساڵێکدا دوو سێ ڕۆژی ڕۆژوویان هەبووە،بە ناوەکانی سێ ڕۆژەی حەوت قەوەڵتاس** و ڕەوشتی سێ ڕۆژەی مەڕەنۆوە، سێ ڕۆژەی حەوت قەوەڵتاس ڕوداوێکی گەورەیە کە لە کێوی شاهۆی ڕۆژهەلاًتی کوردستاندا ڕووی داوە، کە حەوت کەس لە ئازەر بایجانەوە بەرەو پردیوەر کەوتونەتە ڕێ ،بەڵام بەهۆی سەرماوە لە کێوی شاهۆدا شەش کەسیان ڕەق بونەتەوە، تەنها ئەو کەسەیان نەبێت تەمبوری ژەنیوە، شوێنکەوتوانی کاکەیی کە ئەمە دەبیستن دەست دەکەن بە پاڕانەوە و دوعاکردن و خەیرکردن بۆ ڕزگاربوونی ئەو کەسانە، بە فەرمانی سوڵتان چەند مەلائیکەیەك دەنێرێ وزیندوویان دەکەنەوە ، پاشان دەگەنە پەردێوەر و ئیدی لەوە بەدوا سێ ڕۆژەی قەوەڵتاس بۆ یاران جاڕدرا(١)، بەپێی بە دوادا چونەکان لە ناو کاکەییەکانی ئێراندا لە زۆر ناوچەدا ، هەردوو جۆرە ڕۆژوەکە دەگرن واتە: سێ ڕۆژەی مەڕەنۆ و سێ ڕۆژەی حەوت قەوەڵتاس، بەڵام لە عێراقدا بەگشتی تەنها سێ ڕۆژەی حەوت قەوەڵتاس دەگیرێت کە لە چلەی زستاندایە ، نییەتی ڕۆژووەکەش

---

*نیاز بەخشینەوەی شیرینی یان میوە یان هەرشتێك ناوکی هەبێت (تۆو)، کەیەکێکە لەبنەماکانی ئاینی کاکەیی، بە تایبەتی لە ڕێوڕەسمە ئاینیەکانیاندا.

** قەوەڵتاس: واتە پەیمانی ئاسمانی لەلای کاکەییەکان.

(١) هەردەوێڵ کاکەیی، کۆچی یاری، بەبێ چاپخانە، کەرکوك، ٢٠١٣ ، بە دەسکاریەوە، ل ١٨٨- ١٨٩.

**بەم شێوەیە " نیەتمە سەوای  ڕۆچە گیرو ڕۆچەو یاسی بە عیشقی یارانی قەوەڵتاسی ". بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە توێژەر چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە.**

**چاوپێکەوتنی ژمارە (١٨).**

**پرسیار : سیٚ ڕۆژەی ڕۆژوو لە هاواردا  چ جۆرێکە و لە چ کاتێکدا جیٚ بەجێدەکرێت ؟**

**وەلاٌم: سیٚ ڕۆژەی ڕۆژوی قەوەڵتاس دەگیرێت، بە واتای قەولی ئاسمانی دێت، لە دەستوری پردێوەرەوە سیٚ ڕۆژەی مەڕەنۆ کە لە چلەی هاویندایە گۆڕراوە بۆ ڕۆژووی قەوەڵتاس کە لە چلەی زستاندایە، لە کتێبی سەرەنجامیشدا ئاماژەی پێکراوە کە دەڵێت:  کە چلەی هاوینمان گۆڕی بە چلەی زستان، واتە مەڕەنۆمان گۆڕی بە قەوەڵتاس، لە (١/١٢) بە نزیکەیی کە لە مانگی کانوونی دووەمدایە تا کۆتایی ئەو مانگە ، یەکەم ئێوارە نییەت دەهێنرێت و نیازێك دەکرێت، دەبێت ئەو کەسانە کاکەیی بن و سەری سپاردبێت  ئەگەرنا بەشیان لە کاکەیدا نیە، پاش تەواو بوونی سیٚ ڕۆژە ی  ڕۆژوو جەژنە لە پاش ئەم جەژنە کاکەیی تەنها جەژنی نەورۆزی هەیە کە ڕۆژێکی پیرۆزە لای کاکەییەکان، چونکە شاخۆشین لەم ڕۆژەدا لە دایك بووە، جەژنێکی تایبەت بە گوندی هاوار خۆی هەیە کە بە ( ماستی قەلاٌتیٚ) ناسراوە،لەهەموو ساڵێکدا ئەنجام دەدرێت بە ئێستاشەوە، کە کۆکردنەوەی شیری ئاژەڵدارەکانە و تێکەڵکردنی ، پاشان دروستکردنی ماست و دۆو کەریٚ و بەخشینەوەی بەسەر بەشداربوانی مەراسیمەکەدا، بنەمای ئەم مەراسیمە بۆ (میر ئەسکەندەر) دەگەڕێتەوە کە خۆی کردۆتە قوربانی لە پێناو دانیشتوانی گوندی هاواردا،وەك وەفایەك بۆ(میر ئەسکەندەر) ئەم مەراسیمە بەردەوام ئەنجام دەدرێت سالاٌنە[1].**

---

**(١) ئاکۆشاوەیس  و رمضان همیرخان (کۆساری) ، چاو پێکەوتنی ژمارە (١٨)، سەرچاوەی پێشوو .**

### ٣- ڕێوڕەسمی سەرسپاردن ( جەوزی سەر شکاندن) :

پاش ڕێوڕەسمی ناونانی منداڵ کە لە پێشتردا باسکرا، ڕێو ڕەسمی (سەرسپادن) دێت کە گرنگترین ڕێوڕەسمی ئاینی کاکەییە و زۆر تەئکیدی لێ دەکەن، لەم ڕێوڕەسمەدا دەبێت (جەمێکی) بۆ ساز بکرێت، چونکە لە دوای سەردەمی پردیوەر، بوویە ئەرك و مەرج لەسەر هەر کاکەییەك، بەڕای کاکەییەکان بە گشتی و هەروەها دانیشتوانی هاواریش ،هەرکەسێك سەری نەسپاردبێت کاکەیی نیە ، با لە دایك وباوکێکی کاکەیش بێت! هیچ بەشێکی نیە لە (نەزرو نیازەکان) کە دابەش دەکرێت لە ڕێوڕەسمەکاندا و هەر پەرستشێکیش بکات بۆ خۆیەتی و قبوڵ نیە، کەسێك سەر بسپێرێت دەبێت تەمەنی لە (١٠) ساڵ کەمتر نەبێت، هەندێکیش دەڵێن چاکەو خراپەی خۆی بزانێت و لە تەمەنی پێگەیشتن دابێت ( سن البلوغ)، بەلاّم بە بچوکیش وەکیلی بۆ دەگیرێت و ڕێوڕەسمەکەی بۆ ئەنجام دەدرێت، کە بە ( جەوزی سەرشکاندن) ناو دەبرێت، پێداویستیەکانی بریتین لە :

أ- پیرو دەلیلێك کە باوکی منداڵەکە سەری پێ سپاردون.

ب- یەکدانە جەوزی "بوا" سالم .

ج- قوماشێکی سپی کە درێژایی وپانیەکەی لە یەك مەتر کەمتر نەبێت.

د-نیاز کە بریتی یە لە برێك نەوات* ، هەروەها هەرشتێکی تر وەك میوەکان بەگشتی.

ز- قوربانی خۆماڵی و کەڵەشێرێکی باڵغ.

ر- سکەی محەمەدی کە ئەم سکەیە لای پیرەکان هەیە.

ح-چەقۆیەك بۆ بڕینی سەری جەوزەکە و جنینی.

خ- دەفتەر بۆ خوێندنی دوعای جەوز و دانای لە شوێنی سیریمونیاکە، وەك هێمایەك بۆ دەفتەرەکەی پیر موسا.

ع- کلوچە "کولێرە" ی ڕەمزبار(١).

ئەم مەراسیمە لە پردیوەرەوە پێویست کراوە لەسەر هەموو کاکەییەك، جەوزەکەش لەلایەن (بابا هندۆ) کە لە هندستانەوە هێناویەتیە پردیوەر ، گوێزی ئاسایی نیە وتام وبۆنێکی هەیە ، تامی توونە و بە توێکڵەوە درێژکۆلەیە و وەك بەڕوو وایە ، بەلاّم توێکڵەکەی لابرا نزیکە لە گوێزی ئاسایی -

---

* نەوات مەبەست لێی شیرینی یە بۆ ڕێوڕەسمەکە.

(١) طیب طاهری، تأریخ وفلسفهٔ سەرەنجام ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥١.

**وەك لە وێنەی ژمارە (٢٠) دا پیشان دراوە.**



**وێنەی ژمارە (٢٠) جەوزی ڕێوڕەسمی سەرسپاردن .**

**ئەم جەوزە وەك خۆیان دەڵێن بە تایبەت دەگەیەنرێتە دەستیان لە ئێرانەوە و تایبەتە بەو ڕێوڕەسمە ، کەڵەشێری نەزرەکەش دەبێت تەمەنی لە شەش مانگ کەمتر نەبێت ئەگەر هەبێت، ئەو کولێرەیەش دەبێت خۆیان دروستیان کردبێت و لە بازاڕ نەهێنرابێت، ئەو چەقۆیەش بەکار دەهێنرێت تایبەتە و نابێت پێشتر بە هیچ شێوەیەك بۆ هیچ شتێك بەکارهێنرابێت ، بەڵام پاش شکاندنی گوێزەکە دەکرێت ئیتر بەکار بهێنرێت، هەروەها گوێزەکە لەسەر سکەیەك دەشکێنرێت کە بە سکەی ( محمدی ) ناسراوە و لەسەری نوسراوە ( لااله الا الله محمد رسول الله) ئەمەش لە جێی ئەو سکە ئەزەلیەیە کە لە پردیوەر بووە لەپاش ئەوە( غەیب) بووە و نەماوە، (محەمەد رسول الله) بەڕای ئەوان دۆنی ( محەمەدی گەورە سوارە) ی کوڕە گەورەی سوڵتان ئیسحاق بووە، لە دەفتەری دیوانە گەورەدا باسی پێویست بوونی سەرسپاردن دەکات بەم شێوەیە:**

**أول اخرم یار**

**داود مرمو**

**........... بی گاوان گاوی        گاوی بی گاوان بی گاوان گاوی**

**تاسر نسپاری کردە ولاوی        تاحق نشناسی دورنگشت باوی**

هر سری نەلوا وحضورجم        نەسنجو و دست خليفه و خادم

بی شك او سره نطومار نين        نروژ حساو نه شمار نين

طومار موسی قلم باقين        جم چلانه بنيام ساقين

خادم داودن دست و دامان گير        تكبير چی باطن بنيامين پير....[١]

دوعای ڕێوڕەسمی سەرسپاردنیش جیایە لە دوعای ڕێوڕەسمەکانی تر، دوعاکەش بریتی یە لەم چەند دێڕەی خوارەوە:

حەزرەت خاوەندگار، شەهسەواری پردیوەر، سوڵتان سالار، جەوز سەر ........، کە وێش یا وەکیلش ........ ، نەجەم حازرەن مەشکەندی وە شایەتی جەم و جەم نشین، زەمین وئاسمان، لەیل و نەهار، لەوح وقەڵەم، عەرش وکورسی............، لە ئی جەمە تێغ وە عەوەز کەیبرو زولفقار، بشقاو وەنییەت ساجنار، جەوز وەنییەت بنیامین، سکە وەنییەت داوود، کەلام و نیازی یاری وە نییەت پیر موسی، گردە وعیشق ڕەمزبار، قوروانی وەیادی ئەحمەد نازدار و وەجای سەر یاری نەوات وەنییابەت ڕۆچیار لە پەیرەوی دین و شەرت ئیقراری حەقیقەت، قیبلە پردیوەر خودا سوڵتان سەهاك ، لە قەتار خانەدا ........ هوو ئەوەڵ و ئاخر یار[٢].

## ٤- ڕێوڕەسمی جەم :

جەم پەرستش و یادی خوداو پاڕانەوەیە لە لای کاکەییەکان، لە گونددا جەمخانە هەبووە ، ئێستا لە گەڕەکی شارەوانی هەڵەبجەدا جەمخانەیان هەیە، بەڵام لە ناو ماڵەکانیشدا ئەنجام دەدرێت، لەبەر پاراستنی نهێنی و حاڵەتی تایبەتی خۆیان.

ئەم پەرستشە پێداویستی خۆی هەیە، دەبێت پێش وەخت ئامادەکاری بۆ کرابێت، کە دەچێتە ژووری جەمخانەوە (مەولا عەلی) دەڵێت ئەو کەسە یان دەڵێ :(یا عەلی) ئەوانیش وەڵامیان بە ( مەولا عەلی) دەبێت ، بەسەر جل وبەرگی دا پشتوێنی بەستووە بۆ ئەوەی جەمنشینان لەگەڵ شاگردانی (داود) سەرژمێر بکرێن،ئەو جادەستی یەکتری ماچ دەکەن و کەلام دەخوێننەوە[٣].

---

(١) علی نوروزی، دفتر پردیوری دیوان گوره، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٨٤.

(٢) طيب طاهری، تأريخ وفلسفهٔ سەرئەنجام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥١- ٧٥٢.

(٣) محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١.

بەستنی جەم لە ئاینی یاریدا(کاکەیی)، تەنیا بۆنەیەك  یان پەرستشێك نیە، بەڵکو بایەخێکی زۆری کۆمەڵایەتی و یەکبوونی کاکەییەکانی لە ئاینی یارسانیدا هەیە، تەنانەت هەندێك جار بۆ بینینی خەوێکی نائاسایی جەمێکی بۆ دەبەسترێت، بە گشتی جەم یەکەم جار  لە لایەن سوڵتان سەهاکەوە لە ژێر ساجنار (خۆر) دا بووە، بۆ دووەم جاریش لە پردێوەر کە ئیتر دوای ئەوە پێویست کراوە لەسەر شوێنکەوتوانی کە ئەم پەرستشە بەردەوام ئەنجام بدەن، بۆزیاتر چارەسەر کردنی گرفت و کۆبونەوەو یەکبوونی نێوانیان، وەك لەم دێڕەدا ئاماژەی پێکراوە:

بابا ناوس دەفەرموێت: وە ئەدەب وە جەم بنیشدێ وەهەم        پەی یەك بکەردێ دەسباری وەهەم[1].

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە چاوپێکەتن ئەنجام دراوە.

چاوپێکەوتنی ژمارە (١٩).

پرسیار: مەرجەکانی بەستنی جەم چیە؟

وەڵام: جەم پەرستش و پاڕانەوە و دوعاکردنە ، یادی خوداو پەیوەست بوونە پێیەوە ئەمەش مەرج وپێداویستی خۆی هەیە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- ئامادە بوونی حەوت کەس یان زیاتر، لە حاڵەتی نائاسایدا کەمتریش ئەبێت ئەگەر جەم بەستن پێویست بکات.

٢- دەبێت سەید ئامادە بێت، بەڕای ئەوان ئەگەر سەید (٧ فرسق) کە نزیکەی ( ٦٥- ٧٠کم) دەبێت، دوریش بێت دەبێت بانگ بکرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی جەمەکە، پاشان خەلیفە ومام و فەڕاش .

٣- لابردنی هەموو کەل وپەلێکی جوانکاری ، بۆن لە خۆ نەدان و نەخواردنەوەی خواردنە کحولیەکان کە هەر ڕێگە پیٚ نەدراوە، نەخواردنی سیر وپیاز و شتی بێزار کەر، نەبوونی نینۆك .

٤- خۆشۆردن و بەستنی پشتوێن و لەسەر کردنی کلاو، ئەو ژنانەی بەشدارن لە خواردن ئامادەکردن وچێشت لێنان بەهەمان شێوە دەبێت داپۆشراوبن و پشتوێنیان بەستبێت، چونکە ژن نابێت بچێتە جەمەوە و لە دەرەوەی جەم ئەگەر بیانەوێت دادەنیشن و دەنگ بەرز ناکەنەوە.

٥- مەرجە بەشداربوو سەری سپاردبێت و سمێڵی کورت نەکردبێتەوە ، چونکە هەریەك لەوانەی کردبێت ڕێی پیٚ نادرێت بەشداری هیچ پەرستشێکی کاکەییەکان بکات، هەرچەندە لە ئێراندا ئاسانکاریەکیان تیادا کردووە . بەڵام لە عێراقدا پێویستکراوە و دەبێت بەو شێوەیە بێت.

---

(١) طیب طاهری، تأریخ و فلسفۀ سەرەنجام، سەرچاوەی پێشوو ل ٦٧١.

٦- ئامادەکردنی نیازێك کە زیاتر بەرهەمی میوەکانە، پاشان نەزرێك کە ئاژەڵ یان هەرشتێك خوێنی هەبێت و بۆ قوربانی کردن بگونجێت، هیچ ناتەواویەك لەو ئاژەڵەدا نەبێت، زیاتر ئاژەڵی نێریش دەکرێتە نەزر، پاش سەربڕینی  هەموو کەل و پەل وپێداویستیە بەکار هاتووەکان، لە پاشەڕۆی ئاژەڵ و ئاوی بەکارهاتوو بۆ پاك کردنەوەی وهتد...، فڕێ نادرێت تا ئەوەی گۆشت ونەرمەی ئاژەڵەکە – جیادەکرێتەوە و دەکوڵێنرێت ولەگەڵ برنج ئامادە دەکرێت، خەلیفە ئیدارەی دەکات و سەید دوعای بەسەردا دەخوێنێت، لەلایەن فەڕاشەوە دابەش دەکرێت بەشەکان کە بە (نواڵە) ناودەبرێت، پاشان پاشەڕۆکان و ئەوەی هەیە فڕێ دەدرێت یان زۆربەی کات دەکرێت بە ژێر خۆڵەوە ، نانی جەمیش دەبێت و پێویستە بە دەستی ژنێکی گوندی هاوار کرابێت، نانی بازاڕ هەرگیز قبوڵ ناکرێت.

٧- داگیرساندنی چرایەك، چونکە ڕووناکی پیرۆزی هەیە لای کاکەییەکان، لە خواردنی جەم (نواڵە) چرا بەشی هەیەکە بە ( بەشی چرا) ناودەبرێت، ئەگەر کەسێك لە جەم دواکەوت ئەو بەشەی پێ دەدرێت یان بۆ ئەو ماڵە دەبێت کە جەمەکەی تیادا بەستراوە.

٨- خوێندنی کەلام، جەم بێ خوێندنی کەلام و لێدانی تەمبوور بەتاڵە و نابێت، ئیتر جەمەکە بەرەو کۆتا دەڕوات ، دەبێت ئەوەش بڵێین کە لە نێوان وولاتە جیاوازەکاندا ، جەم بەستن چوون یەك نیە و هەندێك جیاوازی لاوەکی هەیە، لە ئێران هەندێك ئاغماسی( ئاسانکاری)  تیادا کراوە [1].

کەواتە دەتوانین بڵێین جەم پەرستشێکی پێویستکراوە لەسەر هەر کاکەییەك، تیایدا پاڕانەوەو یادی خودای خۆیانی تێدا دەکەن، بە خوێندنەوەی ئەو کەلامە نوسراوانەی کە هەیانە و پەیوەستن پێوەی، ئەمەش چەند دێڕێکە لەسەر بەستنی جەم لە کەلامەکانیاندا:

قیبلەی یارانەن،..........

جەم کەعبەی شەریف ، قیبلەی یارانەن    جەم غە ضە ب بەخشان،ڕەحمەت ڤارانەن

جەم یۆرت کردارن نییاز دارانەن    جەم خەتم تەمام، دۆعا ئامینەن

جەم نە بەیا شۆن پیر بنیامینەن    جەم داڤید ڕەهبەر، هەر ڤەقتێ تەنگەن

با چەن سەد دینار، هەرکەس یەکڕەنگەن    جەم سیفەت سەر مەشق پیرموسیی پیرەن

جەم قەبل و قەرار دەستی دەستگیرەن    جەم خزمەت ڕەزبار خزمەت ڤەدەستەن

جەم فتوای شەربەت، سەر مەستان مەستەن    جەم نەزرو نیاز، کردار کەردەنەن –

---

(١) رمضان همیرخان (کۆساری)، چاوپێکەوتنی ژمارە(١٩)، سەرچاوەی پێشوو.

جەم جەوزی شادی، سەر سپەردەنەن          جەم یەعنی مەسجید ، یاری یارانەن

جەم حەلی موشکیل، مە طلەب دارانەن          جەم هو هو مەستان، سەدای یاریەن

جەم ڕاگەی ڕاستەن، ڕەضای یاریەن......[1].

## ٥- ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوو گێڕانی پرسە :

لە هاواردا پرسەو بەڕێکردنی تەرمی مردوو، بەهەمان شێوەی دانیشتوانی شاری هەڵەبجەیە، تەنها جیاوازی ئاینی نەبێت لە خوێندنی ( تەڵقین) ی مردووەکەدا کە هاوار وەك کاکەیی ، شۆردن و تەڵقینی تایبەت بە خۆیان هەیە، پاش مردنی ئەو کەسە دەشۆرێت یەکسەر پاش شۆردنەکەی تەڵقینی دەخوێنرێت، کە بەڕای توێژەر بۆ شاردنەوەی ئەو کەلامەیە کە دەخوێنرێت لە موسوڵمانەکانی هەڵەبجە ، چونکە هەردوولا بەشداری ناشتن و بە خاك سپاردنی یەکتر دەکەن، ئەو کەسانەی زۆر کاری شوشتن وئامادەکردنی گۆڕی مردوو دەکەن ( رمضان همیرخان و قیصرلطیف امین) ن، کارئاسانی بۆ ئەم کارە دەکەن، ئەم تەڵقینەش بەسەر هەموو مردوویەکدا دەخوێنرێت، کە توێژەر لای چەند کەسێکی گوندی هاوار تەئکیدی لێ کردەوە:

فلأنەکەس مەردەن،..................          یاشاه ئامانەن، فلأنەکەس مەردەن

ئەگەر گوناهکار ئەر کردار کەردەن          ڤەدینی یاریی حەسرەتش بەردەن

پەنا ڤە دەرگای سوڵتان ئاڤەردەن          ڤە شەرتی بنیام سەرەش سپەردەن

لوقمەی حەلاڵی حەقیقەت ڤەردەن          خیانەت ڤە دینی یاری نەکەردەن

ڤە جەوزو سککە دینشان موهرەن          هەر وێت مەزانی ڤە چە دەستورەن

یاشاه قبولێ کەر لالە و ڕجامان          بگوزەر ڤە تەقصیر جورم وگومانان

ڕۆحی فلأنەکەس ڤە فانی ڤییەرد          ڤە باریێ گوناه، ڕووش ڤە عەقبا کەرد....[2].

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.

---

(١) طیب طاهری، تأریخ وفلسفهٔ سەرەنجام، سەرچاوەی پێشوو،ل ٦٧١.

(٢) محەمەد ئەمین هەورامانی، کاکەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٢.

**چاوپێکەوتنی ژمارە (٢٠)**

**پرسیار: مەڕاسیمی ناشتنی مردوو پرسە چۆن بە ڕێوە دەچێت؟**

**وەڵام: ئاسایی وەك دانیشتوانی هەڵەبجەو هەورامانە، لە ڕووی ئاینیشەوە لە بارگەی (٧٢) پیرەدا باسی مردن و گەڕانەوە دەكات، پرسەش لە ئێستادا لە هۆڵی پرسەكانە لە گەڕەكی شارەوانی، دوو ڕۆژ پرسەیە و داب ونەریت دیاری كردووە نەك لە دیندا شتێكی لەسەر هەبێت، لەپێشتردا لە هاوار پرسە حەوت شەوو حەوت ڕۆژ بووە، چلە وهەینی و نۆجەژن لای ئێمە نیە، لە ڕووی نەزرو نیازیشەوە لە ڕۆژی یەكەمی هەتا شەشەم ڕۆژی نیازی بۆ دەكرێت، وەك شیرینی و میوە و شتی تر كە بۆ نیاز كردن ببێت، حەوتەم ڕۆژی (نەزر) قوربانی بۆ دەكرێت، كە دەبێت نێر بێت ئەو ئاژەڵە یان ئەو باڵندەیەی دەكرێتە نەزر بۆی [1].**

**بەڕای خەڵكی هەموو كەسێك (١٠٠١) دۆن دەگۆڕێت، دەبێتە هۆی پاك بوونەوەی لە تاوان، هەروەها چونكە (دۆنا دۆن) هەیە ،پێویست بە شیوەن ناكات و كراس گۆڕینە .**

## ٦- پیرۆزی خۆر( ڕۆژ) و ئامێری تەمبور :

**خۆر لە ئاینی یارسانیدا بەگشتی پێگەو پیرۆزی خۆی هەیە، بۆیە لەلای دانیشتوانی گوندی هاواریش بە هەمان شێوە ڕێزو پیرۆزی خۆی هەیە، یەكێك لە دانیشتوانەكەی دەیگوت: لە هاوار لەگەڵ دایكمدا بووم لە باخدا مانگە شەو كە هەڵهات ووتی (مەولام عەلی هوو)، كە (یهوە) ئەو ناوەیە لە تەوراتدا بۆ هاواركردن بۆ خوا بەكاریان هێناوە[2]، هەروەها لە تەصەوفدا كە لە كاتی حاڵكردن هەمان حاڵەت دەبیسترێت، كە هەمان مەبەستی هاواركردنە بۆ خودا.**

**بە فەرمودەی سەرەنجام وبەپێی هزری یاری، خۆر یان هەر گۆیەكی تر كە بە هۆی پاكییەوە لە هەتاو پڕ تینتر بێت، بەهرەیەكی زۆرتری لە توانایی لەبن نەهاتوو"خواوەند" هەیە،لەبەرئەوەی كە شائیبراهیم وبابایادگار یان( عەقیق) و (یەقین)، نوێنەرایەتی عیرفانی و جێگری حەزرەتی حەق دەكەن، هەتاو لە زاتی ئەوان پێكهاتووە، لە واقیعدا بابا یادگار هەتاوەو تین و تیشكەكەی شائیبراهیمە. نیعمەت شا ئیبراهیم لەم بارەیەوە دەفەرموێت:**

---

(١) ئاكۆ شاوەیس، چاوپێكەوتنی ژمارە(٢٠)، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) عەلی شەریعەتی، ئایینی زەردەشت، و/ شەهرام ڕەشید قادر، تەفسیر، هەولێر،٢٠٠٥ ، ل ٦٨.

-زرینە گیسا......                    ناوس ئەحمەدەن، زرینە گیسا

ئەز چەنێش شانام پرشنگ وە لیسا                    لیسمان چاوەرەن نوور و تەمیسا[1].

بەپێی سەرنجدانەکانی توێژەر ئەم کارە لە ناو نەوەی نوێدا باسی لێ ناکرێت ، بەڵام لای پیاوانی ئاینی و بەتەمەنەکانیان زۆر گرنگی پێ دەدرێت ، لە ناو دوعاکانی یارسانیش دوعایەك هاتوە بە ناوی  زەردەخۆر کە هەر یارسانێك بەکات خۆرئاوا لە بەرامبەر خۆر ئەم دۆعایە ئەخوێنێت. هەروەها عابدینیش لە کەلاّم دەورەی خەزانە دەفەرموێت:

ئەزانۆم نەسیم کارخانەی زاتە                    خۆر کە لیسك مەدۆ سەڵوات سەڵواتە

خۆر کە لیسك مەدۆ جیهانگیر مەوۆ                    شەوقش چە جەماڵ پادشا وپیر مەوۆ[2].

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە چاوپێکەوتن ئەنجام دراوە.

بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (٣)

پرسیار: خۆر چ پیرۆزیەکی لە ئاینی کاکەیدا هەیە ؟

وەڵام: لەباوەڕی ئێمەدا مایەی خۆر بابایادگارە، واتە هەوێنی گیرسانی خۆرە چوارچێوەکەی شا ئیبراهیمە لە جسمانیدا کوڕی ( سەید محەمەدی گەورە سوارە)، بە بڕوای خەڵکی هاوار خۆر کۆڕەنگەو ڕەنگیشی سپییە، شایەتیش ڕۆشنایی مانگەشەوە کە ڕەنگی سپییە، نوری خاوەندگار (یکتا) ، وەك دابەشکردنی دینی بە هەموو ئەوانە بەخشراوە کە جیلوەی ئیلاهیان تێدایە و لەو نورەیان هەیە ولە خۆردا بەشیان هەیە، خۆریش بە ئەمری خاوەندگار دەجوڵێ، لە کەلاّمدا بە (لیسك) ناوبراوە، وە ڕوحی مەولا لە خۆردایە کە نورەکەیەتی، ئاگریش ئاگر ناسوتێنێ[3].

مەبەستیان ئەوەیە کە جیلوەی خودابیان تێدایە، خۆیان لە نورو ڕۆشنایی وئاگرن، بۆیە خۆر و ئاگرەکەی ئەوان ناسوتێنێ، لەم چەند دێڕەدا لەسەر بابا یادگار زیاتر مەبەستەکە ڕوون دەبێتەوە.

پیر موسە مرمو:

یارو یادگار                    أوسا بیش منظور یارو یادگار

(١) طیب طاهری، تأریخ وفلسفهٔ سەرەنجام، سەرچاوەی پێشوون ل ٦٠١.

(٢) هەمان سەرچاوە .

(٣) رمضان همیرخان (کۆساری)، بەشێك لە چاوپێکەوتنی ژمارە (١٩)، سەرچاوەی پێشوو.

– سلطان أعظم داود نازدار     یادگار بردن او پای قلەی نار

پری زمایشت بیابشت شرط     أمرسلطان بی یادگار قبولْ کرد

نیاش نە تنور نە شرارەی نر     فرما و داود سر تنور بنیر

وأمر سلطان خواجای غولاَمان     داود سر تنور گذاشتش و بان

میلش بی نورم ریای کوسوار     کردش و تنور پری یادگار

ندلی تنور یادگار یار     سە روژ صبرش کرد داود نازدار

داود اندیشی یاوا و خاطر نیازش     ورگرد آما او نظر

مدرا و پاوە ذرە پشت سر     ونش عیان بی پادشای پردیوەر

شاە فرما داود نعلیم باور     چنی غلامان مدران پشت سر

ویش آماوسر پادشای پردیور     فرما و داود سر تنور لابر

و فرمان شاە     داود سرتنو ورداشتش ولا

یادگار نەتنور وریزا وپا     و لفظ عزیز سلام داوشاە [١].

کەواتە نوری خودایی لە خۆردایە ، یان خۆر نوری خوداییە و هەموو جیلوە دارانی ڕوحی خودایی لە خۆردان، ڕۆشنایی ئەوانە ئەو پیرۆزی یەی بە خۆر بەخشیوە لای کاکەییەکان بەگشتی، چونکە سومبوڵی پاکی و وزەیە و هەڵگری جیلوەیەکی زیاترە لە حەقیقەت.

تەمبور لە دینی یارسانیدا(کاکەیی)، پیرۆزی وپێگەی خۆی هەیە لە هەموو جەم و ڕێو ڕەسمە ئاینیەکانیاندا بەکاری دەهێنن، یەکەمین گروپێك کە ناوی برابێت ( نۆسەد نۆسەدی) شاخۆشینە، خودی شاخۆشین ( تەمیرە– تەمبور) ی لێداوە ، لە دەورەی پردێوەریشدا سوڵتان ئیسحاق گروپی ( حەوت سازچی، حەوت ژەنیار و گوتارخوێن) ی داناوە. گرنگی موزیك بە گشتی و تەمبور بەتایبەتی لای یارسان لە پایەیەکی مەزندایە، وەك ئەوەی لەم کەلامەدا هاتووە:

یار دیدەکانی بنیامین سازە     پیر موسی سیم و داود ئاوازە[٢].

---

(١) علی نوروزی، دفتر پردیوری دیوان گورە، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٨٨ – ١٨٩.

(٢) نامیق هەورامی، هەورامی زمانی ئاینی یارسان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤– ٧٥.

لەجەم وڕێوڕەسمە ئاینیەکانیاندا بەکاری دەهێنن،کەلامەکان بەژەنینی تەمبورەوە دەخوێنرێنە وە،وەك پەرستشەکانی تر پێویست کراوە کە ئەم ئامێرە بەکاربهێنرێت ، پیرۆزی تەمبوورەش لەبەر ئەوەیە کە لە پێش خولقاندنی یەکەم مرۆڤەوە تەمیرە هەبووە، هەر بەهۆی تەمیرەوە ڕۆح چووەتە ناو تەنی یەکەم دروستکراوەوە[1].

## ٧- هەندێك لە لێکچوون و جیاوازیەکانی نێوان ئاینەکانی کاکەیی و زەردەشتی و میترائی( میهر پەرستی)

بەشێکی زۆر لە ئاینەکان لێکچون وجیاوازی لەنێوانیاندا دەبینرێت، چونکە هەموویان وابەستەن بە مرۆڤ و ژیانیانەوە، بۆیە لێرەدا چەند خاڵیکی لێکچوون لە نێوان هەرسێ ئاینی ناوبراودا دەخەینە ڕوو:

أ- لای یارسانەکان (کاکەیی) ڕوحی خودایی لە هەندێك لە کەسەکاندا خۆی دەنوێنێ، خودا نوری خۆی لەو کەسانەدا پیشان دەدات، لای زەردەشتیەکان زاتی خودایی لە شەش سیفەتی بەرزی خواییدا خۆی دەنوێنێ، کە پۆلێ لەوانە فریشتە نزیکەکانی خودان[2]، لە میترایی دا خۆر ژیان بەخش و ڕووناك کەرەوەی جیهانە وبەرهەمهێنەری زەویە، هەروەها فەرمانڕەواو دەسەلأتدارو بەڕێوەبەری ڕەهای گەردوونە[3].

ب- سەیرکردنی ڕۆشنایی وڕووناکی خۆر، بە بڕوای یارسانەکان (کاکەیی) ، ئەوانەی ڕوحی خوداییان تێدایە لە نور دروستکراون، خۆر لە زاتی ئەوان پێك هاتووە و هەوێن و مایەی خۆرن و ڕۆشناییەکەین، زەردەشتیەکان پێیان وایە خودا ڕووناکییە و وەسف ناکرێ لە درەوشاوەیی و پرشنگدارییدا[4]، ئەهورامەزدا لە ئاوێستادا وەك خۆرەتاو ڕەسم کراوە ،لای میتراییەکان خۆر و ڕووناکی سمبول و هێمای میترایە[5].

---

(١) نامق هەورامی، هەورامی زمانی ئاینی یارسان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣.

(٢) الشفیع الماحی أحمد، زەردەشت و زەردەشتیەکان، و/ محمد حسن سەرگەنێڵی، تەفسیر بۆ بلأوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٦٦-٦٧.

(٣) فرانتس کومون، نهێنیەکانی ئاینی میترائی، و/ فەرهاد عەزیز خۆشناو، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨،ل ٢٠٣.

(٤) الشفیع الماحی أحمد، زەردەشت و زەردەشتیەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

(٥) طیب طاهری، تأریخ وفلسفەْ سەرەنجام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩٩- ٥٦٠.

ت– قوربانی کردنی ئاژەڵی (گا) ،لای هەرسێ ئاینەکە باوە و لای میترایی و یارسان و زەردە شتیەکا نیش، کە دەکرێتە قوربانی بۆ سەرکەوتنی (تیشتەر) بەسەر دێوی ووشکەساڵیدا کە قوربانی بۆ دەکرێت[1].

ث– لێکچون لە لەدایك بوونی (میترا) و سەران وپیرەکانی یارسان، میترا لە کچ یان ژنێکی شوونەکردوو(باکرە) پەیدا دەبێ، لە ئاینی یارساندا بوونی هەیە، وەك سك پڕبوونی (ماما جەلالە) بە پارچەیەك لە تیشکی هەتاو، کە شاخۆشین لە دایك دەبێت[2].

ج– پیرۆزی ژمارەی حەوت لای ئەم سێ ئاینە، لای میتراییەکان حەوت چین ئاسمان هەیە و حەوت دەرگای هەیە، حەوت قۆناغیش بۆ پاك بوونەوە وکامڵ بوونی ڕوحی مرۆۋ هەیە[3]،زەردەشتیش حەوت جار لەماوەی تەمەنیدا سروشی بۆ هاتووەو، ئەشمەسپەندان یان جاویدانی پیرۆز حەوتن کە ئاهورا مەزدا و شەش فریشتەی هەمیشەیی لەژێر فەرمانیدان[4]، لای یارسانیش حەوتەن وحەوتەوانە و هتد ، کە ئەم ژمارەیە پیرۆزی هەیە لایان.

ح– بوونی دوو هێزی دژ بەیەك کە هێزەکانی چاکە و خراپەن، لە هەرسێ ئاینەکەدا.

خ– باوەڕبوونی هەرسێ ئاینەکە بە پاداشت وسزای پاش مردن بە دادوەرانە.

د– جلو بەرگی سپی لای میترائی وزەردەشتی ویارسان و پیرۆزی هەیە، بەتایبەتی لە جەم وبۆنە ئاینیەکاندا[5].

ذ– لای میترائی و زەردەشتی ویارسان(جەم) هەیە، کە کۆدەبنەوە بۆ سروتە ئاینیەکان وشوێنی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانیان[6]. هەروەها لە چەند خاڵێکیشدا جیاوازیان هەیە کە بریتین لە :

أ–گشت بەرهەمە نوسراوەکانی ئاینی میهری لەناوچون، تەنیا ڕێگەی لێکۆڵینەوە وشوێنەوارە دۆزرا

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٦١٢.

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٥٩٩– ٥٦٠.

(٣) فرانتس کومون، نهێنیەکانی ئاینی میترائی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤١– ١٦٧.

(٤) ئەیوب ڕۆستەم، یارسان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

(٥) نامیق هەورامی، هەورامی زمانی ئاینی یارسان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

(٦) هەمان سەرچاوە ، ل٦٣.

**وەکانی میهرابە و دەوروبەری پەرستگاکانە[1]، بە پێچەوانەوە ئاینی زەردەشتی کتێبی ئاڤێستایان هەیە، یارسانەکانیش چەندین دەفتەر وکتێبی سەرەنجامیان هەیە کە دیاریکەری ژیانیانە.**

**ب- بوونی نوێژو پەرستش لای میترایییەکان، تەنها شتێك کە دۆزرابێتەوە پارچە بەشێکی نوێژو پەرستشێکە[2]، لە دینی یارسان (کاکەیی)دا نوێژکردن نیە، وەك خۆیان دەڵێن ئێمە نیازین نەك نمازی، لە ئاینی زەردەشتیدا فەرمان بە پێنج نوێژ کراوە لە شەوو ڕۆژێکدا،هەریەکێ لەوانەش بە جوڵەی خۆرەوە بەستراوەتەوە لە سوری ڕۆژانەیدا...، ئەم پێنج نوێژە لە زەردەشتی بە (guhs ناودەبرێت، بەڵام لە زستاندا بۆ چوار نوێژ کەم دەبنەوە[3].**

**ت- پێگەی ژن لەم سێ ئاینەدا جیاوازە، لە ئاینی میترائیدا پێگەی ژن زۆر لاوازە، چونکە نەریت و ڕێو ڕەسمە خوێناوی وتوندو تیژەکانی ناو ئاینی میترائی دەبوونە هۆی وەرنەگرتنی ئافرەتان[4]، لە ئاینی یارسان(کاکەیی) دا، ژن هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ پیاودا و لەئەرك و مافەکاندا یەکسانن، لە ئاینی زەردەشتیدا ژن کیانێکی سەربەخۆیە وخۆی ناتوێنێتەوە و کەسایەتی خۆی لەدەست نادات کە پیاو فەرمانی بەسەردا بکات وپیاو سالاری بنوێنێ، ئەو مافی خاوەنداریەتی ومافی هەڵس و کەوتی هەیە لەوەیدا کە خاوەنیەتی[5].**

**ث- توانەوەی ئاینی میترائی لەناو ئاینی مەسیحیدا، بەڵام ئاینی یارسان (کاکەیی) تا ئێستا ماونەتەوە و توانیویانە پارێزگاری لە ئاینەکەیان بکەن، ئاینی زەردەشتیش بەشێوەیەکی زۆر لاواز ناویان دەهێنرێت لێرە و لەوێ بەڵام هیچ شوێنەوارێکی ئاینیان نیە لە ئێستادا.**

**ج- لە ناو ئەم سێ ئاینەدا میترائی و زەردەشتی و یارسان(کاکەیی)، کە لە ئێراندا سەریان هەڵداوە تەنها یارسان (کاکەیی) مۆرکی کورد بوونی پێوە دیارە، تا ئێستاش قیبلەی ئەم ئاینە ڕوو بە پردیوەرە کە لە خاکی کوردستاندایە . وەك لە وێنەی ژمارە (٢١) پیشاندراوە، میترائی و زەردەشتیش گومانی کورد نەبوونیان لەسەرە ئەگەر چی شوێنەواری مادیان لە سنورەکەدا هەیە.**

---

**(١) هەمان سەرچاوە ، ل ١٣٨.**

**(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٦٣.**

**(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٨.**

**(٤) الشفیع الماحی أحمد، زەردەشت و زەردەشتیەکان ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠- ٩١.**

**(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٠.**




**وێنەی ژمارە (٢١) ئارامگای سوڵتان ئیسحاق لە پردیوەر کە قیبلەی یارسان(کاکەییەکانە).**

**ح- ئاینی میترا یان میهر، پێش لە سەرهەڵدانی زەردەشت لە ناو ئارییەکاندا وەك هێزێکی مەعنەوی ڕۆڵی هەبووە، بە تایبەت لە ناو خەڵکی ئاسایدا زۆر خۆشەویست بووە، بەڵام دوای دەرکەوتنی زەردەشت پلە وپایەی میترا تا ڕادەیەکی بەرچاو دابەزی و زەردەشت میترای تا ئاستی یەکێك لە ئیزەدەکانی ئاینەکەی خۆی نزم کردەوە[١]، گومان لەوەدا نییە کە سەرەتای دەستپێکی ئەم ئاینە لە لوڕستانەوە بووە و دواتر بەرەو باکوری گۆران پەرەی ئەستاندووە، هەر لەبەرئەوە ناوچەکانی لوڕستان وباشوری کوردستان لە کۆنترین بیرەوەریەکانی گۆرانەکاندا شوێنێکی بەرچاوی هەیە[٢].**

**کەواتە ئەم سێ ئاینە جیاوازی وچونیەکی لەنێوانیاندا هەیە ، کە بەڕای توێژەر لێکچونەکانیان قوڵترە لە جیاوازیەکانیان ، وەك لە زۆرێك لە ڕێو ڕەسم و پەرستشەکانیاندا دەبینرێت و سەرچاوەی سەر هەڵدان و گەشەکردنیان لە شوێنێکی جوگرافیدا بووە.**

---

**(١) طیب طاهری ، تأریخ وفلسفهٔ سەرەنجام، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩٦.**

**(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٥٨٢.**

# بەشی پێنجەم

## کۆتایی

ئەم توێژینەوەیە بەم بابەتانەی خوارەوە کۆتایی پێ دەهێنرێ

یەکەم: دەرەنجامەکان

دووەم: پێشنیار وڕاسپاردەکان .

سێ یەم: سەرچاوەکان .

چوارەم: پاشکۆکان .

پێنجەم: کورتەیەك بە زمانی عەرەبی .

شەشەم: کورتەیەك بە زمانی ئینگلیزی .

## یەکەم: دەرەنجام

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی دەگات بە کۆمەڵێك دەرەنجام، کە ڕەنج وماندوبونی توێژەر دەسەلمێنێت لە ماوەی کارکردنەکەیدا، ئەم توێژینەوەیەش بەم دەرەنجامانە گەیشتوە لەسەر کۆمەڵگای هاوار ، کەلە خوارەوە خراونەتە ڕوو:

١- هاوار وەك گوندێکی دێرینی هەورامان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئاینی کاکەیی بووە، ستراتیژیەتی شوێنی جوگرافی کەوتۆتە سەر سنوری نێوان هەردوو وولاتی عێراق و ئێران یەکێکە لە بەڵگە دیارەکان، هەروەها بوونی خەڵوەتگەو ئارامگای زۆرێك لە کەسانی یەکەمی ئەم پێکهاتە ئاینیە لە گوندەکەدا خاڵێکی تری سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن،وەك لە لاپەڕە( ١٣،١٤) سەلمێنراوە.

٢- زوڵم لێکردنی ئەم پێکهاتە ئاینیە، لەلایەن دەوڵەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق تا دەگاتە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بەوەی تا ئێستاش لە دام ودەزگاکانی هەرێمی کوردستان ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامەی عێراقیان بە موسوڵمان پیێ دەدرێت! ئەمە جگە لەوەی زوڵمێکی مرۆییە زوڵمێکی ئاینیشە.وەك لە لاپەڕە (٣١)دا، ئەو دەرەنجامە دەردەکەوێت.

٣- پێداگریان لەسەر هێماو ڕەمزە ئاینیەکان، وەك سمێڵ کورت نەکردنەوەو ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی سەرسپاردن وبەردەوامی ئەنجامدانی نەزرو نیازی و... هتد،بەتایبەتی لەپیاوانی ئاینی وبەتەمە نە کانیاندا.وەك لە لاپەڕە (١٤٨) ڕونکراوەتەوە.

٤- بەردەوامیان لەسەر ئاشکرا نەکردن وپاراستنی نهێنی ئاینەکەیان، ئەمەش ڕێگری زۆری بۆ توێژینەوەکە دروست کردبوو، هەرچەندە تا ئاستێکی باش زانیاری پێویست بەدەستهێنراوە.

٥- باوەڕ بوونیان بە (دۆنا دۆن) باوەڕێکی بۆ دروست کردوون، هەموو ئاینەکانی دیکە بە بەشێك لە ئاینی خۆیان سەیری بکەن، ئەمەش وای لێ کردوون کە لەگەڵ هەموو ئاینە جیاوازەکانی تردا بگونجێن و کێشەیان نەبێت.وەك لە لاپەڕە(١٣٨،١٣٩)دا ڕوونکراوەتەوە.

٦- بوونی نوسراوە ئاینیەکانی وەك سەرەنجام و دەفتەرەکانیان ، هۆکاری بەهێزی مانەوەو بەردەوامیانە لەسەر ڕێچکەو ڕێبازی خۆیان.وەك لە لاپەڕە (١٤٩)دا ئەو ڕاستیە خراوەتە ڕوو.

٧- نەبوون و لەناوچوونی سامانی ئابوری گوندەکە، بەهۆی نەمانی چالاکیە کشتوکاڵیەکان بە گشتی، ئەگەرچی لەڕووی دابارینەوە سەر بەناوچەی بارانی مسۆگەرە، ئەمەش زیانی ئابوری زۆری بۆ دانیشتوانی گوندەکەو هەرێمی کوردستانیش دەبێت.وەك لە لاپەڕە (٥٢) ڕوونکراوەتەوە.

٨- نەمان ولەناوچوونی پیشەسازیە دەستیەکانی وەك ڕستن وچنین و چنراوە دەستیەکان، هەروەها پیشەسازیە دەستیەکان بەگشتی کە لە ڕووی ئابوری وکلتوریەوە زیان بە هەرێمی کوردستان و گوندەکە دەگەیەنێت.وەك لە لاپەڕە (٥٧،٥٦) دا ئاماژەی پێدراوە.

